# کۆنگرەی ١٤ی

# پارتی دیموکراتی کوردستان

دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان

٢٠٢٥

**کۆنگرەی ١٤ی**
**پارتی دیموکراتی کوردستان**

**ئامادەکردنی**
دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان

**ساڵ و شوێنی چاپ**
٢٠٢٥ - هەولێر

**چاپخانەی**
ڕۆکسانا

**تیراژ**
١٠٠٠

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان**
**ژمارەی سپاردنی (١١٨٦) ساڵی ٢٠٢٥ پێدراوە**

پارتی دیموکراتی کوردستان

KDP

1946

PARTÎYA DÊMOKRATA KURDISTANÊ


14
PDK
1946
2022
ئازادی . دیموکراسی . دادپەرو
کۆنگرەی ١٤ای
پارتی دیموکراتی کوردستا

# پێرست


- پێشەکی ٣
- هەلومەرجی بەستنی کۆنگرەی چواردە ٥
- بڕیاردان و ئامادەکارییەکانی کۆنگرە ٨
- ڕاپۆرتی گشتیی کۆنگرەی چواردەی پارتی دیموکراتی کوردستان ١٤
- بڕیارەکانی کۆنگرەی چواردە ٥٧
- وتاری سەرۆک مەسعود بارزانی، سەرۆکی (پ.د.ك) ٥٩
- وتاری نێچیرڤان بارزانی، جێگری سەرۆکی (پ.د.ك) ٦١
- وتاری مەسرور بارزانی، جێگری سەرۆکی (پ.د.ك) ٦٩
- دەقی وتاری سەرۆك مەسعود بارزانی لە کۆتایی کۆنگرەی چواردە ٧١
- ناوی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی ٧٧
- دەقی ڕاگەیاندنی کۆنگرەی چواردەی پارتی دیموکراتی کوردستان ٨٣
- ناوی وەرگرانی مەدالیای بارزانی - کۆنگرەی چواردە ٨٩
- کۆنووسی کۆتایی پرۆسەی هەڵبژاردنی کۆنگرەی چواردە ٩٤
- دەقی پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی کۆنگرەی چواردە ٩٩

## ▪ پێشەکی

پارتی دیموکراتی کوردستان، وەکو زەرورەتێکی مێژوویی، لە ١٦ی ئابی ١٩٤٦ بۆ بەگژداچوونەوەی ستەمی نادیموکراسی لە حوکمڕانیی عێراقدا لە ناوچەیەکدا لە دایکبوو کە بە گەورەترین قەیرانی قووڵی بیرکردنەوەی نادیموکراسی و قبوڵنەکردنی ئەویتر و ڕای جیاوازدا تێپەڕیوە لە سەرجەم قۆناغەکانی حوکمڕانیی خۆیدا، بەتایبەتی لەسەردەمی نوێدا. تا ئەمڕۆش پارتی بە زیاتر لە چارەکە سەدەیەک تێکۆشان لە پێناو هەمان ئامانجدا خەبات دەکات و پرسی دیموکراسی بۆ عێراق و کوردستان و ناوخۆی پارتەکەش بە ئامانجی لە پێشینەی خۆی دەزانێت کە لە ماوەی تەمەنی خۆیدا بەردەوام دیموکراسی بەشێکی دانەبڕاوی خەبات و تێکۆشانەکەی بووە، جا چ لە شار بێت، یان لە چیا و چ لە نێو خاکی نیشتیمان بووبێت، چ لە دەربەدەری و ئاوارەیی. لە سەر ئەم بنەمایە، لە ماوەی ٧٧ ساڵی تەمەنی خۆیدا بە پێی پێویستیی سەردەمی خەبات و بەردەوامیدان بە شۆڕش لە پێناو بە دەستهێنانی مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان، چواردە کۆنگرەی بەستووە و لەم ڕێگەیەشەوە بەردەوام لە ئاست سەردەمەکاندا پلانی کار و خەبات خۆی نوێکردووەتەوە و درێژەی پێداوە. ژمارەی کۆنگرەکانی پارتی بەڵگەی دیموکراسیخوازی و سەردەمیبوونی پارتی دیموکراتی کوردستانە.

کۆنگرەی چواردە دوا کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستانە کە لە ڕێکەوتی ٣-٦ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٢ لە شاری دهۆک و بە ئامادەبوونی ١٠٤٢ ئەندام بەسترا. لە کۆنگرەدا پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی پارتی بۆ خەبات لە سەردەمی نوێدا ئامادەکرا کە گوزارشت لە تێڕوانینی پارتی بۆ

تێکۆشان و کاری سیاسی حزب لە قۆناغی داهاتوودا دەکات و هەروەها سەرۆک و جێگرانی سەرۆک و کۆمیتەی ناوەندیی پارتی بۆ لە ئەستۆگرتنی ئەرکی ڕابەرایەتی و سەرکردایەتیکردن هەڵبژێردران.

کۆنگرەی چواردە، هاوشێوەی کۆنگرەکانی پێشوو، بەشێکی گرنگی مێژووی خەبات و تێکۆشانی پارتی دیموکراتی کوردستان لەخۆدەگرێت، دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان وەکو دامەزراوەیەکی تایبەتمەند بە کۆکردنەوە و بە دۆکیۆمێنتکردن و ئەرشیفکردنی مێژووی خەباتی پڕ لە شانازی و سەروەریی پارتی، بڕیاریدا ڕاستەوخۆ لەگەڵ بەڕێوەچوونی کۆنگرەدا، دەست بە کۆکردنەوەی زانیاری و بەڵگەی پێویست بکات بۆ نووسینەوەی ئەم وێستگە گرنگەی مێژووی پارتی. ئەم هەوڵەی دەستەی ئینسکلۆپیدیا، وێڕای ئەوەی لە چوارچێوەی کتێبێکدا چاپ و بڵاودەکرێتەوە، لە هەمان کاتدا لە پاڵ هەموو وێستگە و کۆنگرەکانی ڕابردوو، لە ماڵپەڕی پارتی پیدیا بڵاودەکرێتەوە و بۆ خوێنەران بەردەست دەکرێت.

## ▪ هەلومەرجی بەستنی کۆنگرەی چواردە

کـۆنگرەی سـێزدەی پـارتی لە ڕێکەوتـی ١١ی کـانونی یەکەمـی ٢٠١٠ بە دروشمی نوێبوونەوە، دادپەروەری، پێکەوەژیان لە شـاری هەولێـر بەسـترا. بە گوێرەی پەیڕەوی ناوخۆی پەسەندکراوی کۆنگرەی سێزدەی پارتی دیمـوکراتی کوردستان، لە بەندی سێیەمی مادەی دووەمـدا لەبـارەی بە بەسـتنی کـۆنگرە هاتووە ((تەمەنی یاسایی نێـوان دوو کـۆنگرە دەبێـت چـوار سـاڵ بێـت)) لە حاڵەتی زۆر پێویستدا ئەنجومەنی سەرکردایەتی مـافی درێژکـردنەوەی تەنیـا یەک ساڵ تەمەنی یاسایی کۆنگرەی هەیە، بەم پێیە دەبوو لە چوار ساڵ پـاش کۆنگرەی سێزدە و لە کۆتاییەکـانی سـاڵی ٢٠١٤ کـۆنگرەی چـواردە بەسـترابا، بەڵام بەهـــۆی هـــاتنە پێشـــەوەی کۆمەڵێـــک ڕووداوی نەخـــوازراو و چـاوەڕواننەکراو، عێـراق بەگشـتی و هەرێمـی کوردسـتان بە تـایبەتی بەرەو دۆخێکی ناسائایی ڕۆیشـت، ئەمەش کـاریکردە سـەر هەمـوو پـرس و پرۆسـە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی ژیانی وڵات.

لە سەروبەندی هاتنە پێشەوەی کاتی ئاسایی بەستنی کۆنکرەی چـواردە و لە دوای ساڵ ٢٠١٤، پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردسـتان و حکـومەتی ناوەند کە خواستی ناوەندگەرایی و جۆرێـک پاشـگەزبوونەوە لە فیـدراڵیزمی هەبوو، لە ڕێڕەوی دروستی خۆی لایدا و گرژی و ئاڵۆزییەکی زۆری تێکەوت، ئەمەش بە بڕینی شایسـتە داراییەکـانی هەرێمـی کوردسـتان و دروسـتکردنی گوشار لەسەر حکـومەتی هەرێـم و موچەخـۆرانی هەرێـم کۆتـایی هـات. لە هەمـان سـاڵدا ڕێکخـراوی تیرۆریسـتیی بە نـاو دەوڵەتـی ئیسـلامی (داعـش) هێرشی کردە سـەر عێـراق و دەسـتی بەسـەر بەشـێکی زۆری خـاکی عێراقـدا

گـرت و لە هەمـان کاتـدا بـووە مەترسـییەکی گەورە لەسـەر سـەقامگیری و ئارامیی هەرێمی کوردسـتان. ڕووبەڕووبـوونەوەی ئەم هەڕەشـە و مەترسـییە نوێیە، نەک تەنیا هەموو سەرنجی هەرێمی کوردستانی بە لای خۆیدا ڕاکێشا، بەڵکو هەموو وڵاتانی ناوچەکە و جیهانیشـی گـرتەوە و لە مـانگی ئەیلـوولی هەمان ساڵدا بە سەرکردایەتی ئەمریکا و ئەندامیەتی حەفتا و هەشـت وڵات، هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعـش ڕاگەیەنـرا و بەرەیەکـی فراوانـی شـەڕ دژی ئەم ڕێکخراوە تیرۆریستییە لە سەر خاکی هەردوو وڵاتی عێراق و سوریا کـرایەوە، چـونکە هەمـووان بەو ئەنجـامە گەیشـتن کە مەترسـییەکانی ئەم ڕێکخـراوە هەڕەشـەیەکی قـوڵە بـۆ سـەر هەمـوو جیهـان. لە نـاوبردنی ئەم هەڕەشەیە و ئەو دۆخە نالەبار و نائاساییەی کە بۆ نـاوچەکە بە دوای خۆیـدا هێنابوو، نزیکەی چوار ساڵی خایاند.

پـاش ڕەوانـدنەوەی مەترسـییەکانی داعـش لەسـەر عێـراق و هەرێمـی کوردستان، گەڕێکی دیکەی تەنگ پێهەڵچنینـی هەرێمـی کوردسـتان لە لایەن حکومەتی فیدڕاڵییەوە دەستی پێکـرد، ئەمەش وایکـرد، گەلـی کوردسـتان بـۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆی، پەنا بۆ ڕیفراندۆم بەرێت کە بەهۆی لاوازیـی بنەماکـانی دیموکراسـیی لە عێـراق وایکـرد، بە هێرشـی چەکـداری بـۆ سـەر کوردستان وەڵام بدرێتەوە و هەرێمی کوردسـتانیش ناچـار بکـات، بە هەمـوو توانایەوە بەرگری لە خۆی و دامەزراوە یاساییەکانی خۆی بکات.

هێشتا دۆخی گرژییەکانی نێوان حکومەتی فیدڕاڵی و هەرێمی کوردستان کۆتایی پێ نەهاتبوو، ڤایرۆسی کۆرۆنا وەکو مەترسـییەکی تەندروسـتی بـووە هەڕەشە بۆ سەر هەموو مرۆڤـایەتی لە هەمـوو جیهـان. ڤایرۆسـی کۆرۆنـا لە ماوەی نێوان ساڵانی ٢٠١٩-٢٠٢٠ ژیانی ئاسایی هەموو جیهانی پەکخسـت و

بووە هۆی ڕاگرتنی هەموو چالاکییەکان، بە جۆرێکی وەها چاوەڕوان نەکراو کە سەردەمی نوێدا وێنەی نەبووە. هەرێمی کوردستانیش وێڕای هاتنی ڤایرۆسە نوێیەکە، بەدەست ئەو ئابلۆقەیەوە گرفتاربووبوو کە لەلایەن حکومەتی فیدڕاڵییەوە خرابووە سەری، ئەمەش دۆخی ڕووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنای هێندەیتر ئەستەم کردبوو، چونکە بودجە و ئامراز و کەرەستەی پێویست بۆ تێپەڕاندنی مەترسییەکانی ڤایرۆسەکە زۆر سنووردار بوون.

هەموو ئەم ڕووداوە نەخوازراو و چاوەڕواننەکراوە یەک لە دوای یەکانە، وایانکرد، ساڵانێک بەسەر وادەی ئاسایی بەستنی کۆنگرەی چواردەیەمدا تێپەڕێت، هەتا ئەوەی لە نزیکترین دەرفەتی ئاسایی بوونەوەی دۆخەکاندا کە هێشتا بە تەواوی ئاسۆی ڕوونی ئایندە بەدیارنەکەوتبوو، لەبەر هەستکردن بە پێویستی و پابەندبوون بە فەرهەنگی دیموکراسی، لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی پارتی لە ڕێکەوتی ١٨ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٠ بڕیار لەبارەی بەستنی کۆنگرە درا و لیژنەی تایبەت بۆ ئامادەکارییەکان پێکهێنرا.

## ▪ بڕیاردان و ئامادەکارییەکانی کۆنگرە

ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە کۆبوونەوەی ڕۆژی ١٨ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٠ کە بە سەرپەرشتی سەرۆک مەسعود بارزانی بەڕێوەچوو، بڕیاری بەستنی کۆنگرەی دا و لیژنەیەکی باڵای حەوت کەسی بۆ ئەم مەبەستە پێکهێنا (چوار ئەندامی مەکتەبی سیاسی و سێ ئەندامی سەرکردایەتی):

| | |
|---|---|
| - مەحمود محەمەد مەحمود | ئەندامی مەکتەبی سیاسی |
| - عزەدین محەمەد عەبدوڵا بەرواری | ئەندامی مەکتەبی سیاسی |
| - جەعفەر ئیبراهیم میرۆ ئیمێنکی | ئەندامی مەکتەبی سیاسی |
| - کریستۆفەر یەڵدا تۆرخان (ڕێبوار یەڵدا) | ئەندامی مەکتەبی سیاسی |
| - هێمن ئەحمەد ساڵح هەورامی | ئەندامی سەرکردایەتی |
| - چنار سەعد عەبدوڵا | ئەندامی سەرکردایەتی |
| - عەلی تەتەر تۆفیق نێروەیی | ئەندامی سەرکردایەتی |

هەر لەم کۆبوونەیەدا، لە لایەن سەرۆک مەسعود بارزانییەوە پێشنیازی بەڕێوەچوونی کۆنگرە لە شاری دهۆک کرا، کە ئەوە لە مێژووی پارتیدا (١٦ی ئابی ١٩٤٦) یەکەمجارە پارتی کۆنگرە لەم شارەدا ببەستێ.

دوو ڕۆژ دواتر لە (٢٠ی کانوونی دووەمی٢٠٢٠) لێژنەی باڵا بە مەبەستی گفتوگۆکردن لەبارەی ئامادەکارییەکانی کۆنگرە، لە بارەگای مەکتەبی سیاسی

پارتی دیموکراتی کوردستان یەکەم کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدا و کۆمەڵێک بابەتی وەکو: پێناسە و پرۆگرام و پەیکەری ڕێکخستن گفتوگۆیان لەبارەوە کرا و بڕیاردرا بۆ زیاتر شیکردنەوەی بابەتەکان، دوو کۆبوونەوەی تر لەگەڵ ئەکادیمیستان و شارەزایانی بواری سیاسی، کارگێڕی، ئابووری، یاسایی و کۆمەڵایەتی سازبکرێت، هەروەها کۆبوونەوە لەگەڵ بەرپرسی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارێزگاکان، لقەکان و نووسینگەی جێگری سەرۆکی پارتی بۆ ئەم مەبەستە ئەنجام بدرێت. ئەوە بوو یەکەم کۆبوونەوە لە ٢٧ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٠ و دووەم کۆبوونەوە لە ٣ی شوباتی ٢٠٢٠ لە بارەگای مەکتەبی سیاسی بەڕێوەچوو.

**دواتر ئەکادیمستان و شارەزایان لە ٩ی شوباتی ٢٠٢٠ بەمشێوەیەی خوارەوە تیمەکانیان دیاریکرد:**

- تیمی سیاسی
- تیمی یاسایی
- تیمی کارگێڕی و دارایی
- تیمی کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزاری

پاش ئەنجامدانی ڕێکارە پێویستەکان و هەڵبژاردنی نوێنەران بۆ بەشداریکردن لە کۆنگرە، لە ڕێککەوتی ٣ی تشرینی دووەمی٢٠٢٢ لە شاری دهۆک کۆنگرەی چواردەی پارتی دیموکراتی کوردستان دەستی بەکارەکانی کرد کە بۆ ماوەی سێ ڕۆژی خایاند و بە سەرکەووتویی کۆتایی هات و گۆڕانکارییەکی جەوهەری لە پەیکەری پارتیدا کرا.

## بڕیاردان لەبارەی شوێنی بەستنی کۆنگرە

بۆ دیاریکردنی شوێنی بەستنی کۆنگرەی ١٤ هەر لەو کۆبوونەوەیە لە لایەن سەرۆک مەسعود بارزانی پێشنیاری بەستنی کۆنگری ١٤ لە شاری دهۆک خرایەڕوو. ئەم پێشنیارە پشتگیری دامەزراوە حکوومی و حزبییەکانی پارێزگای دهۆکی لەگەڵ بوو، وەک لە برووسکەی پارێزگاری دهۆک و برووسکەی لقەکانی دەڤەری بادینان (١،٨، ٩، ١٤، ١٧، ١٨ و ٢٠ و پاراستنی دهۆک) هاتووە.

## کۆبوونەوەی لێژنەی باڵای کۆنگرە

لیژنەی باڵا بۆ ئامادەکارییەکانی کۆنگرەی ١٤ لە ٢٠ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢ لە بارەگای مەکتەبی سیاسی بەمەبەستی دارشتنەوەی پێناسە و پرۆگرام و پەیکەری رێکخراوەیی حزب و چۆنێتی و گونجاندنیان لەگەڵ گۆڕانکارییەکان و پێداویستیی قۆناغەکە کۆبووەوە و بڕیاردرا دوو کۆبوونەوەی ڕاوێژی و ڕاوەرگرتن سەبارەت بەم تەوەرانە بکرێ.

## هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرە

لە ٨ی ئایاری ٢٠٢٢ بڕیاردرا پرۆسەی هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرە دەست پێبکات و لێژنەیەکی باڵا لە ٢١ ئەندام بۆ سەرپەرستیکردنی کۆنفرانسەکان پێکهێنرا.

لە ١٩ی حوزەیرانی ٢٠٢٢، لێژنەی باڵای سەرپەرشتی کۆنفرانسەکانی هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆنگرە، بە مەبەستی وەرگرتنی بڕیار لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردنەکە لەگەڵ سەرۆک مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و مەکتەبی سیاسی کۆبووەوە و بڕیار

درا، بۆ هەر هەزار ئەندام یەک نوێنەر و ڕێژەی نوێنەرایەتی ئافرەتان لە سەدا ٢٥ کەمتر نەبێ.

لە ٢٧ی ئابی ٢٠٢٢ هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرە لە سنووری لقەکان دەستی پێکرد و هەر ڕێکخراوێک بە بازنەیەکی هەڵبژاردن دیاریکرا، لێژنەکانیش بەسەر سنووری هەر پێنج پارێزگا و سێ لێژنەی دەرەوەی کوردستان لە ئەورووپا و ئەمەریکا و بەغدا پێکهێنرا.

**لێژنەی باڵای سەرپەرشتی کۆنفرانسە ناوخۆییەکان بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆنگرە**

١- د.ئیدریس هادی بەرپرسی لێژنە

٢- نەجات حەسەن یاریدەدەر

٣- ئاراس تۆفیق ئەندام

٤- ئیحسان ئامێدی

٥- فەریق فاروق

٦- د. عەلی بەلۆ

٧- بەختیار حەیدەر

٨- ڕێڤینگ هروری

٩- هۆشیار سەدیق ئەفەندی

١٠- عادل بۆتانی

١١- هێرش فاتح

١٢- سیروان کاکەیی

١٣- ناجی ئەحمەد عەبدوڵا

١٤- ناتق قوریاقوس

١٥- ستار سادق

١٦- خاتوو فەیروز تەها

١٧- بروسک ستار قادر

١٨- دەخیل قاسم حەسون

١٩- دڵدار ساڵح حەمە

٢٠- ئەرسەلان محەمەدەمین

٢١- حەسەن میرانی

**دەستەی سەرۆکایەتی سەرپەرشتیکردنی کاروبارەکانی کۆنگرەی ١٤**

بۆ سەرپەرشتیکردنی کاروبارەکانی کۆنگرەی ١٤، ئەندامانی کۆنگرە دەستەیەکیان هەڵبژارد، دواتر دەستەکە لەناوخۆیاندا بە هەڵبژاردن، د. ناسیح غەفور ڕەمەزانیان وەکو سەرۆکی دەستەکە هەڵبژارد، دەستەکە لەم بەڕێزانە پێکهاتبوو:

١ - د. ناسیح غەفور ڕەمەزان

٢ - عیسا ئەحمەد ئاغا

٣ - د. جەبار قادر

٤ - د. عەبدولفەتاح علی بۆتانی

٥ - مستەفا گۆران

٦ - وەحیدە یاقۆ

▪ راپۆرتی گشتیی کۆنگرەی ١٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان

**بەڕێز سەرۆک مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتیمان، پارتی دیموکراتی کوردستان**

**بەڕێزان هەڤاڵانی مەکتەبی سیاسی و ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتیمان**

**بەڕێزان هەڤاڵانی ئەندامانی کۆنگرەی ١٤...**

ئەمڕۆ ڕۆژی دەستبەکاربوون و کۆبوونەوەی یەکەمی کۆنگرەی ١٤ی پارتیمانە، پارتی دیموکراتی کوردستان و لە ژێر دروشمی (ئازادی، دیموکراسی، دادپەروەری)، هەمووومان پێکەوە لێرە بە نوێنەرایەتیی سەرجەم ئەندامان و کادیرانی پارتەکەمان کە ئێمەیان کردۆتە نوێنەری خۆیان، پیرۆزبایی لە بەستنی کۆنگرەکە دەکەین و بە ناوی سەرکردایەتی پارتیمان بەخێرهاتنی هەمووتان دەکەین، هیوادارین ئەو ئەرکە پیرۆزەی پێی ڕاسپێردراوین بەوپەڕی سەرکەوتوویی و دڵسۆزییەوە ئەنجامی بدەین.

**خوشک و برایان، هەڤاڵانی هێژا...**

کۆنگرەی ١٤ لە قۆناغێکی هەستیار دەستی بەکارەکانی کردووە، ڕووداو و پێشهاتی زۆر ڕوویان داوە و هاتۆتە پێش کە پێویستیان بە لێوردبوونەوە و لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن هەیە. هیوادارین ئەم کۆنگرەیەشمان وەکو کۆنگرەکانی پێشووی پارتەکەمان کەرنەڤاڵێکی نوێخوازانە و دیموکراتخوازانە بێت، کە هاندەر و پاڵنەری تەواوی هێز و توانای هزریمان بێت، بۆ دارشتنی بەرنامەیەکی شایستە بۆ داهاتووی پارتیمان کە لە ئاست خواستی تەواوی چین و توێژەکان و نەوەی ئەمڕۆی کوردستان بێت، بەرنامەیەک کە خواستی نەتەوەیی و نیشتیمانی و مرۆڤدۆستی و پێکەوەژیان و ئاشتی و ئازادی و

لێبوردەیی و یەکترقبوڵکردن تیایدا ڕەنگ بداتەوە، هەروەها وەڵامدەرەوەی خواست و پێداویستییەکانی قۆناغی ئێستا و ئایندەی گەلەکەمان بێت و لە ئاستی ئەو فەلسەفەیە دابێت کە پارتی لە بنەڕەتدا بۆی دامەزراوە و بارزانی نەمر ویستویەتی، کە هەر بە پارتی سەرتاسەریی کوردستان بمێنێتەوە، بۆ ئەمەش بەردەوامیی لە خەبات و پێکەوەبوونی هەموومان و دەرفەتی یەکسان لە ژێر دروشمی ئازادی، دیموکراسی دادپەروەری پێویستە.

**هەڤاڵانی بەڕێز**

**ئەندامانی کۆنگرەی ١٤ی پارتیمان**

لە نێوان کۆنگرەی ١٣ تا ئەم کۆنگرەیە، ژمارەیەک سەرکردەی گەلەکەمان، بەداخەوە شەهیدبوون، یان کۆچی دواییان کردووە، کە تەواوی ژیانی خۆیان بۆ گەل و نیشتیمانەکەیان تەرخان کردبوو، ئێستا لەگەڵمان نین. لێرەدا چەند هەڤاڵێکیان لەجیاتی تەواوی ئەو هەڤاڵانە ناو دەهێنین (مامۆستا عەلی عەبدوڵڵا، هەڤاڵ د. ڕۆژ نوری شاوێس، هەڤاڵ فەلەکەدین کاکەیی، هەڤاڵ محەمەد مەلا قادر، هەڤاڵ فەرەیدون جوانڕۆیی، هەڤاڵ ڕەمزی شەعبان، هەڤاڵ نادر هەورامی، هەڤاڵ محەمەد هەرکی)، بۆ ڕێزگرتن لە خەبات و یادکردنەوەی ئەو هەڤاڵانەمان و سەرجەم شەهیدانی پێشمەرگە و کادیر و ئەندامانی پارتیمان کە لە شەڕەکانی دژ بە داعش و بەرگریی لە کوردستان شەهید بوون، هەروەها ئەو هەڤاڵانەی کۆچی دواییان کردووە، دەقیقەیەک بەبێ دەنگی دەوەستین.

**هەڤاڵان، ئەندامانی بەڕێزی کۆنگرە**

سەرەتا بە پێویستی دەزانین ئاماژە بۆ هۆکاری دواکەوتنی بەستنی

کـۆنگرەی ١٤ بکەیـن، کە بە گـوێرەی پەیـڕەوی نـاوخۆ دەبـووا زووتـر ئەم کۆنگرەیە ببەسترێت، هۆکارەکانیش لە دەرەوەی ئیـرادەی پارتەکەمـان بـوون، لێرەدا ئاماژە بە هەندێک لەو هۆکارە سەرەکییانە دەکەین:

١. شەڕی داسەپاوی داعش و داگیرکردنی بەشێکی خاکی کوردسـتان لە سـاڵی ٢٠١٤، کە تەواوی حـــزب و حکـــومەت هەر لە پێشـــمەرگە و کـــادیر و ئەندامانی پارتی و سەرکردایەتی لە ژێر فەرمان و سـەرکردایەتیی جەنـابی سەرۆک مەسعود بارزانی بەم شەڕ و ڕەوشەوە سـەرقاڵ بـوون و هەرچـی هێز و توانا بوو، خرابووەگەڕ بۆ بەرپەرچدانەوەیان و پاراستنی کوردستان.

٢. ڕیفراندۆم کە دیارە پێش ئەنجامدانی و دوای ئەنجامدانی، کـاتێکی باشـی پێویست بوو، پارتی و سەرۆک بارزانی تەواوی کاتی خۆیان بـۆ ئەو پرسـە مێژووییە تەرخان بکەن.

٣. خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر و لێکەوتەکانی و شـەڕی بەرگـری لە کوردسـتان و دەستکەوتەکانی، ئەمەشیان هەر کاتی ویست، تـا ڕەوشـەکە سـەقامگیر و ئارام بکرێتەوە.

٤. پەتـــای کۆرۆنـــا، کە بەداخەوە زیـــانێکی زۆری بە کوردســـتان گەیانـــد، لە ئەنجامـــدا چەنـــدین کـــادیری پێشـــکەوتوو و ســـەرکردە و ئەنـــدام و پێشمەرگەی دڵسۆزمان، هەروەها هاووڵاتیان بوونە قوربانیی ئەو پەتایە.

**خۆشەویستان، ئەندامانی کۆنگرەی ١٤ی پارتیمان**

جەنـابی سـەرۆک و سـەرکردایەتی پـارتیمان لە هەوڵـدابوون، دەرفەتێـک بدۆزنەوە بـۆ بەسـتنی کـۆنگرە، هەروەکـو لە سـەرەتای سـاڵی ٢٠٢٠ بڕیـاری بەستنی کۆنگرە درا و لێژنەی ئامادەکردنی پڕۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ دامەزرا

و بەشێک لە کارەکانی لە پێش هەڵکشانی پەتای کۆڕۆنا ئەنجام دا و هەندێکیش لە کاتی کۆڕۆنا بە سیستمی ئۆن لاین ئەنجام درا، بەڵام بۆ خۆپاریزی و ڕەچاوکردنی بڕیار و ڕێنماییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، نەکرا کۆنگرە ببەسترێت.

**بەڕێزان ئەندامانی کۆنگرە**

پارتیمان هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە تا بە ئەمڕۆ دەگات، وەکو فێرگەیەکی هزری و هەستی مرۆڤدۆستی و پێکەوەژیان و باوەڕبوون بە مافی نەتەوەکان، کادیر و ئەندامانی خۆی پەروەردە کردووە، باوەڕبوون بە ئازادی و دیموکراسی کردۆتە بنەما و پرنسیپ و ئاکارێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کلتووری، هەم لە کوردستان و هەمیش لە عێراق و هەوڵی داوە پەیڕەو بکرێت و کاری جددی لەو پێناوەدا کردووە.

پارتی باوەڕی بە هەبوونی بیروڕا و بۆچوونی جیاواز هەیە لە کوردستان و عێراق، ئەم جیاوازیانەش بارگاوین بە ئایدیۆلۆژیا و جیهانبینیی جیاوازەوە، کەواتە باوەڕیشی وایە، هەبوونی حزب و لایەنی سیاسیی جیاواز، خەسڵەتی ئەم سەردەمەیە، بەمەرجێک بەرژەوەندیی نەتەوەیی و نیشتیمانیی وەکو پرەنسیپی نەگۆڕ، پێکەوە کۆیان بکاتەوە.

**هەڤاڵانی بەڕێز**

دوای ئەم پێشەکییە، بە پێویستی دەزانین هەڵسەنگاندنێکی بابەتییانە بۆ ڕەوشی نێودەوڵەتی، هەرێمایەتی، عێراق، کوردستان و پارتیمان بکەین، تایبەت لە ماوەی نێوان کۆنگرەی ١٣ و ئەم کۆنگرەیەدا، کە ماوەیەکی درێژە و هەڵگری چەندین بویەر و گۆڕانکاریی گەورە و هەمەجۆرە وا لە خوارەوە

باسیان دەکەین:

## لە ئاستی نێودەوڵەتی دا

جیهـــان ئەمـــڕۆ بە گۆڕانکـــارییەکی بەرچـــاو و چـــاوەڕوان نەکـــراودا تێدەپەڕێت، ململانێیەکی زۆری زلهێزەکـان لە ئـارادایە، بەمەبەسـتی زاڵبـوون بەسـەر ئـابووریی جیهـان، هەروەهـا ململانێـی جیۆسیاسـی و لێکەوتەکـانی جەنگـی ڕووسـیا و ئۆکرانیـا و ئیرهـابی دەولـی و قەیرانـی ئـابووری و بەرزبـوونەوەی ئاسـتی هەڵاوسـان بەهـۆی قەیرانـی وزە و بەرزبـوونەوەی ئاستی گرانی و لێکەوتەکانی پەتای کۆرۆنـا لە سـەر مرۆڤـایەتی و زیـادبوونی ڕێـــژەی هەژاری، هەروەهـــا جیهـــان ڕووبەڕووی گـــۆڕانی کەشـــوهەوا و گەشـەکردنی ڕۆڵـی هێـزە ئیقلیمیەکـان بـۆتەوە کە هەرێمـی کوردسـتانیش دەکەوێتـە بەر کـاریگەریی ئەو گۆڕانکاریـانە و پێویسـتیی بە تێـڕوانینێکە بگونجێـت لەگەڵ هەمـوو ئەو گۆڕانکاریانـە، ئەویـش لەمیـانی حـوکمڕانی و دەسەڵاتێکی تۆکمە و کـارامە بـۆ پاراسـتنی هەرێـم لەو قەیرانـانە لە ڕێـگەی پتەوکردنی یەکدەنگی و یەکڕیزیی گەلەوە.

سەرەڕای ئەمانەی سەرەوە، جیهان بەگشتی نەک هەر نەیتوانیوە گرفت و ئاریشـە سیاسـی و ئابوورییەکـانی چارەسـەر بکـات، بەڵکـو سـەرباری گرفتـە چارەسەر نەبووەکان، تایبەت پرسی سیاسی کورد و کێشـەی تـری نـاوچەکە و هەڕەشـەی تیـرۆر، لە مـاوەی ئەم دوو کـۆنگرەیەدا گرفتـی گەورەتـریش خوڵقاون، لەوانە:

شـەڕی گرووپـی تیرۆریسـتیی (داعـش) لە مـانگی حـوزەیرانی ٢٠١٤ کە کـورد و هەرێمـی کوردسـتان بە سـەرۆکایەتی جەنـابی سـەرۆک بـارزانی لە

سەنگەری پێشەوەی شەڕی تیرۆر و بەرگریکردن لە ئازادی، ڕۆڵێکی ئەوەندە مەزن و مێژووییان گێڕا، دەبێ مێژوو بە پیتی زێڕین وەك سەروەریی بینووسێتەوە.

لە پاڵ شەڕی تیرۆردا پەتای کۆڤید ١٩ (کۆڕۆنا) لە کۆتاییەکانی ٢٠١٩، کە هەموو جیهانی تووشی شۆک کرد، لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو شۆکە پڕ ئازارە دا حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز مەسرور بارزانی توانی ئەوەی لە توانایدا بێت بۆ پاراستنی گیانی هاووڵاتییانی کوردستان بیکات، لێرەوە سوپاسی خۆڕاگریی هاووڵاتییان و دەستخۆشیش لە سەرجەم وەزارەت و دامەزراوە پێوەندیدارەکان دەکەین.

شەڕی ڕووسیا لەگەڵ ئۆکرانیا، لە ٢٠٢٢/٤/٢٤ شەڕێکی چاوەڕوان نەکراو بوو، لێککەوتەکانی تا ئێستا و بۆ دواتریش، نەرێنییانە کار دەکاتە سەر تێگەیشتنی سیاسی و پێوەندیی گەلان. بە ڕای ئێمە چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکان لە نێوان هەردوولا بە دیالۆگ و لێکتێگەیشتن و یەکترقبووڵکردن چارەسەر دەکرێت.

پارتیمان بەردەوام کاری لە سەر پتەوکردنی پێوەندییە دیبلۆماسییەکان کردووە و بڕوای قووڵی بەو ڕاستییە ڕۆشنە هەبووە کە دۆزی کورد و هەرێمی کوردستان و پاراستنی ئەزموونە دیموکراسییەکەی پێویستی بە ڕایەڵە و پردی پێوەندی و لێکتێگەیشتن هەیە لەگەڵ نەتەوە و گەل و دەوڵەتان، بۆیە دوێنێ و ئێستایش خاوەن پێوەندییەکی باشە و بەرهەمی ئەو پێوەندییەش ئێستا لە هەرێمی کوردستان ٣٦ کونسوڵییەی وڵاتان و (١٤) ئاژانسی (UN) هەیە و کوردستانیش خاوەنی (١٤) نوێنەرایەتیی حکومەتی

هەرێمی کوردستانە لە وڵاتان.

ڕەوشی ئارام و سەقامگیر و جووڵەی بەردەوامی ئاوەدانی و گەشەکردن لە هەرێمی کوردستان بۆتە هەوێنی ڕاکێشانی هێزی وەبەرهێنانی دەرەوە، هاوتەریب لەگەڵ وەبەرهێنانی نێوخۆدا، کوردستانی گەیاندۆتە ئاستێکی پێشکەوتوو، کە ببێ بە مایەی خێروخۆشی و ژیانێکی باشتر بۆ هاووڵاتییانی کوردستان و تەنانەت دەوروبەر و ناوچەکەش.

## لە ئاستی هەرێمایەتی دا

پارتیمان، پارتی دیموکراتی کوردستان بەرخوردێکی هاوچەرخانەی دروست لەگەڵ وڵاتە هەرێمایەتییەکان دەکات، دروست بە مانا نەتەوەیی و واقیعیەکەی، هەم دەیەوێ کورد لە تورکیا، ئێران و سوریا لە ڕێگەی خەبات ئاشتی و دیموکراسی بگەنە مافە ڕەواکانیان، هەمیش واقیعبینانە دەڕوانێتە پرسەکانی سەروەریی وڵاتان، هەستیاریی دراوسێیەتی، سنووری هاوبەش، بەرژەوەندی و ناکۆکییەکان، بەردەوام دەیەوێت فاکتەری خێر بێت بۆ کوتاییهێنان بە گرژی و شەڕ و ئاڵۆزییەکان و چارەسەرکردنی ئاشتییانەی پرسی کورد لەو وڵاتانەدا. گەلان پێویستییان بە ئاشتیی جیهانییە، پێویستییان بە چارەسەرکردنی کێشە کەڵەکەبووە چارەسەرنەکراوەکان هەیە، کە کێشەی کورد یەکێکە لە کێشە چارەسەرنەکراوە هەرە سەرەکییەکانی دونیا، خوازیارین لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، تایبەت وڵاتە زلهێزەکان ڕوانگەیان بگۆڕن، گۆڕینێک بە ئاراستەی ئاشتی، ماف، ئازادی و یەکسانیی گەلان لە چوارچێوەی مافی چارەی خۆنووسیندا.

هەرێمی کوردستان و تورکیا سنوورێکی دوورودرێژی هاوبەشیان لەگەڵ

یەکدا هەیە و پارتیمان ڕێز لە دۆستایەتیی و پەیوەندیی مێژوویی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا دەگرێت، هەروەها پەیوەندییەکی نەتەوەیی و مێژوویشی لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی کوردستانی تورکیادا هەیە، سەبارەت بە پەیوەندیشی لەگەڵ پەکەکەدا پارتیمان و سەرۆک بارزانی لە نێوان ساڵانی ٢٠١٣ تا ٢٠١٥ لە پرسی چارەسەریی ئاشتی لە نێوان پەکەکە و دەوڵەتی تورکیادا ڕۆڵێکی گرنگ و بەرهەمداری بینی، ئەگەر ئەو ڕوانگە و ڕێگە دروستە بەردەوامی هەبووایە، بێگومان ئێستا لە بری خوێنڕشتن و بەهەدەردانی تواناکان، کێشەی کورد لە تورکیا پێنگاڤێکی باشی دەبڕی و لە سایەی ئەو پێنگاڤەدا کورد لە تورکیا بە بەشێک لە ماف و دەسکەوت و شەرعیەتی خۆبەڕێوەبردن دەگەیشت.

شایانی باسە، پەکەکە لەجیاتی خەمخۆری بۆ چارەسەری کێشە و بەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کورد لە کوردستانی تورکیا، هەموو هێز و چالاکییە سەربازییەکانی خۆی گواستۆتەوە قووڵایی هەرێمی کوردستانی عێراق و بۆتە هۆکاری گرفتی زۆر و وێرانکردن و چۆڵبوونی سەدان گوندی هەرێمی کوردستان.

کۆماری ئیسلامی ئێران و هەرێمی کوردستان پەیوەندییەکی مێژوویی و سنووریکی زۆری هاوبەش بەیەکەوە کۆیان دەکاتەوە و لە زۆر وێستگە و بارودۆخی نالەباری ساڵانی ڕابردوودا هاوکار و یارمەتیدەری گەلەکەمان بووە کە پێزانینمان بۆ ئەو هەڵوێستانەی هەیە. بۆیە ئێمە بە گرنگییەوە دەڕوانینە پەیوەندییەکانی نێوان پارتیمان و حکومەتی هەرێم لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران. سەبارەت بە کێشەی کورد لە کوردستانی ئێران، بڕوامان وایە باشترین ڕێگای چارەسەر، چارەسەری ئاشتیانەیە بە دیالۆگ و لێکتێگەیشتن کە لە

قـازانجی هەردوولا دەبێـت، نەك بە زەبروزەنـگ و خوێنڕشـتن کە بەزیـانی هەردوولا دەشکێتەوە. لەو ڕووەوە داوا لە براپانمان لە حزب و هێزە سیاسـییە کوردسـتانیەکانی ئێـران دەکەیـن، ڕێـز لە یاسـا و ڕێنماییەکـانی حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان بگـرن لە دروسـتکردنی کێشـە لە سـەر سـنوورەکان کە دەبێتە هۆی پەرچەکرداری ناخۆش لەلایەنی بەرامبەرەوە و نابێ ڕێگا بدرێت هەرێمی کوردسـتان ببێـتە هەڕەشـە بـۆ سـەر ئەمنییەتـی کۆمـاری ئیسـلامی ئێران.

سـەبارەت بە کۆمـاری سـووریاش پـارتیمان چ لە ڕێـگەی پێوەنـدییە سیاسییەکانی خۆی، یا لە ڕێگەی پێوەندییە فەرمییەکانی حکومەتی هەرێمـی کوردستانەوە، بەردەوام هەوڵی ئەوەی داوە، حکومەتی سـووریا دان بە مافـە سیاسی و کلتوورییە ڕەواکانی گەلی کورد لە سووریا بنێـت. شـەڕی داعـش و لێکەوتەکانی لە سووریا، تایبەت لە کوردستانی سووریا، مژارێکی قسەهەڵگری فرەڕەهەنـدە، بە ڕەهەنـدە نێودەوڵەتییەکەیشـیەوە. هەرێمـی کوردسـتان، حکومەتی هەرێم و پـارتیمان بـڕوای نەگـۆڕی بەو ڕاسـتییە هەیـە، کە دەبـێ گەلی کورد لە کوردستانی سـووریا خۆیـان بڕیـار بـدەن، هەڵبـژاردن بـکەن و نـوێنەری شـەرعی خۆیـان هەڵبژێـرن و نـابێ بە هەر پاسـاوێکەوە بێـت، هێزگەلێـک بە زۆر خۆیـان بە سـەر گەلـی کـورد بسـەپێنن. ئێسـتایش داوا دەکەین سەرجەم دەستێوەردانەکان بوەستن و گەل خۆی بڕیار بدات و کێشە سیاسییەکانیش بە دیالۆگ چارەسەر بکـرێن و لە ڕێـگەی ئاشـتییەوە کـورد بە مافە ڕەواکانی خۆی بگات. بەشداریی لاوانی پێشمەرگەکانی لەشـکری ڕۆژ لە شەڕی داعش و تێکشکاندنی لە هەرێمی کوردستان بەرز دەنـرخێنین و وەك هێزێکی کارامە لە پـاڵ پێشـمەرگەکانی تـر، ڕۆڵـێکی سـەرەکییان لە پاراسـتنی

کوردستان هەبووە.

داوا لە هێزە سیاسییەکانی هەر سێ پارچەکەی کوردستان دەکەین، سەردەمیانە خەباتە مەدەنییەکانیان بەگەڕبخەن و داواش لە هەر سێ وڵاتی دراوسێ دەکەین، سنووری جوگرافی، قووڵایی مێژوویی تێگەیشتنی دیبلۆماسی، بەرژەوەندیی هاوبەشی ئابووری و بازرگانی و کلتووری و کۆمەڵایەتییمان پێکەوە هەیە، بە کردەیی بیر لە چارەسەری سیاسی پرسی کورد بکەنەوە، چارەسەرێک، کە ببێ بە مایەی ئاشتی و سەقامگیری و بوژانەوەی ناوچەکە بە گشتی.

## لە ئاستی عێراق دا

هەر لە دوای کۆنگرەی ١٣ەوە تا ئەمڕۆ پارتی دیموکراتی کوردستان بەشداریی کارای لە ئەنجومەنی نوێنەران و حکومەت و دەستە سەربەخۆکانی عێراقدا کردووە، تایبەت لە دوای کۆنگرەی هەولێر بۆ پاڵپشتی کردنی حکومەتی (یەکێتیی نیشتمانی)ی عێراق، کە لە سەر دەستی سەرۆك بارزانی بەڕێوەچوو. ئەوەبوو زۆر هەوڵ درا عێراق بکرێتە دەوڵەتی دەستوور و یاسا و دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان، هەوڵ درا سوود لە داهاتەکانی عێراق وەربگیرێت بۆ ئاوەدانیی وڵات، تایبەت لە ساڵی ٢٠١٢ کە نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهان بەرزبۆوە و هەوڵیش درا بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لە بودجەی گشتیی عێراق دەستەبەر بکرێت. لە کۆتایی ساڵی ٢٠١١ و بە پێی ڕێککەوتنی هەردوو لایەنی عێراقی و ئەمریکی، هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان لە عێراق کشانەوە، هەرچەندە ئەوسا تێبینییەکی زۆر لە سەر جێبەجێکردنی ئەم ڕێککەوتنە هەبوو، ئەویش

لەبەر شپرزەیی هێـزە سـەربازی و ئەمنییەکـانی عێـراق، کە توانـای پاراسـتنی ئاسایشــی عێراقیــان نەبــوو، ئاکــام عێــراق کەوتە نێــو گێــژاوی ئــاڵۆزیی تــایەفەگەری، کــاری تیرۆریســتی، تێکچــوونی دۆخــی ئەمنــی، لاوازبــوونی هــاوپەیمانی سیاســیی نێــوان لایەنەکــان، جێبەجێنەکردنــی ئاشــتبوونەوەی نیشــتمانی و بەلاوەنــانی پێکهاتەکــانی عێــراق لە دامودەزگاکــانی دەوڵەتــدا، هەرچەنــدە لایەنە بەشــداربووەکانی حکــومەت بەڵێنیــان دابــوو پابەنــدی دەستوور و یاسا بن و ڕێـز لە دامودەزگاکـانی دەوڵەت بگـرن و تـایەفەگەری بەلاوەبنێن و وڵات لە ژێر گەمارۆی بەندی حەوتەمـی نەتەوە یەکگرتووەکـان دەربهێندرێت، کە لە ئەنجـامی داگیرکردنـی کوێـت، لە سـاڵی ١٩٩١ لە سـەر عێــراق ســەپێندرابوو، بەڵام ڕووداوەکــان بە ئاراســتەیەکی تــر نیشــتنەوە بە شـێوەیەك تـاكڕەوی، خۆسـەپاندن، ڕێـز نەگـرتن لە دامودەزگاکـانی دەوڵەت، حیساب نەکردن بۆ دەستوور، بەلاوەنانی کورد و سوننە لە ڕیزەکـانی سـوپای عێراق و هێـزە ئەمنیەکـان، کەمکـردنەوەی ڕۆڵـی دادگـا، لاوازکردنـی دەسـتە سـەربەخۆکان و بە ئامـانجگرتنی سـەرکردەکانی عێـراق بە تـۆمەتی تیـرۆر گـرنگترین سـیماکانی ئەو قۆناغـە بـوون، سـەرۆك بـارزانی پـێش هەمـووان هەســتی بەوەکــرد، کە دیموکراســییەتی عێــراق و سیســتەمی فیــدڕاڵی و دەستووری وڵات و پێکەوەژیانی سیاسی لەژێر مەترسی و هەڕەشە دایە.

لە بەهاری ٢٠١٢ پارتیمان هەوڵی زۆریدا بۆ ڕاستەڕێکردنی حـوکمڕانی لە چوارچێوەی دەستوور و لەو پێناوەدا کۆششێکی زۆری کرد، بەڵام سەرکەوتوو نەبـوو، لەئاکامـدا پێوەنـدیی نێـوان هەرێمـی کوردسـتان و بەغـدا پێـی نـایە قۆناغێکی خراپەوە. ئەوەبوو دامودەزگاکانی دەوڵەتـی عێـراق زیـاتر ڕووی لە گەندەڵی کرد، تایبەت لە ناو هێـزی سـەربازیی عێـراق، هەروەهـا لە ڕێـگەی

دامەزراندنی ئەنجومەنی عەشایەر، جگە لەو گەندەڵییەی لە گرێبەستەکانی کڕینی چەك ئەنجامدرا، دواتر گەندەڵی خزایە نێو هەموو کایەکانی دەوڵەت و کەرتەکانی خزمەتگوزاری، وڵاتیش بە تەواوی پاشەکشەی کرد.

لەو ماوەیەدا لە هەندێك لە وڵاتانی عەرەبی وەك، تونس، میسر، سوریا، یەمەن و لیبیا شۆڕشی بەهاری عەرەبی سەریهەڵدا، لە هۆکارە سەرەکییەکانیش: بابەتی هەژاری و سنووردارکردنی ئازادییەکان و پاراستنی کەرامەت بوو، کە پرۆشکی ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی بە ڕێژەیەک گەیشتە هەندێك لە شارەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان، هەندێ سیاسەتمەداری ڕقن و بەرژەوەندخواز هەوڵی کۆپیکردنی و گواستنەوەی ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبییان بۆ ناو هەرێمی کوردستان دا، لەبەرئەوەی زەمەن و زەمینی سیاسیی و دیموکراسی و کلتووریی و جڤاکی هەرێمی کودستان جیاواز بوو، هەوڵەکەیان شکستی خوارد.

لە ساڵی ٢٠١٣ حکومەتی (یەکێتیی نیشتمانی)ی عێراق بەردەوام بوو لە کارەکانی بە شێوەیەکی ناجێگیر، ئاکام ژێرخانی ئابووریی عێراق داتەپی، ئەوەبوو کێشە سیاسییەکان گەورەتر بوون و بووە هۆی سەرهەڵدانەوەی تیرۆر. حکومەتی عێراق لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٤ هەڵوێستێکی نادەستوورییانە و نادیموکراسییانەی لە بەرامبەر هەرێمی کوردستان و مافە دەستوورییەکانی گرتەبەر، تا کار گەیشتە بڕیاری بڕینی بەشە بودجەی هەرێم و قووت و نانی هاووڵاتییانی کوردستان، هەموو ئەو بڕیارانەش لە دەرەوەی یاسا و دەستووری عێراق و بە ڕاسپاردە و بڕیاری تاکەکەسی و بە فەرمانی حکومەتی سێبەر بەڕێوەچوون. لە ساڵی ٢٠١٤ دوای ئەو هەموو فشارە بۆ برسیکردنی هاووڵاتییانی هەرێمی کوردستان، پارتی دیموکراتی

کوردستان لە ٢٠١٤/٤/٣٠ بەشداریی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی کرد و ئەنجامێکی باشی لە شارەکانی دهۆك، هەولێر، سلێمانی، مووسڵ، کەرکووك بەدەستهێنا. سەرباری ئەو ڕەوشە نالەبارە، لە ٢٠١٤/٦/١٠ ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش توانی دەست بەسەر مووسڵ و تکریت و ئەنبار و چەند ناوچەیەکی تری عێراق بگرێت، کە بە سێ یەکی خاکی عێراق مەزندە دەکرا. هەر لە سەرەتاوە داعش بە پێی بەرنامەیەکی ڕێکخراو دەستی کرد بە جینۆسایدکردنی ئێزیدییەکان لە شنگال و دەوروبەری. ئەوەبوو هەزارەها هاووڵاتی لە خوشک و برا ئێزیدییەکانمان بوونە قوربانی و ماڵ و منداڵ و کەسوکار و موڵکیان تاڵان کرا و بەشێک لە ئافرەتەکانیان بە سەبایا بردران و دووچاری ڕاگواستن و کوشتنی بە کۆمەڵ و وێرانکارییەکی گەورە بوونەوە، کە  مێژوو و نەوەکان هەرگیز ناتوانن لە بیری بکەن. لە بەرامبەردا هێزی پێشمەرگەی کوردستان گیانفیدایانە هاتنە مەیدان و توانیان هەزارەها هاووڵاتی ئێزیدی و هاووڵاتیانی دیکەی شنگال ڕزگار و دەرباز بکەن، هەروەها کریستیانەکانیش کەوتنە بەر هێرشی دڕندانەی داعش لە دەشتی نەینەوا، لە ئاکامدا جگە لە شەهید و بریندار و قوربانی، کڵێسا و ماڵ و موڵکیان خاپوور و وێران کرا و ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوون.

لە ڕووبەڕووبوونەوەی داعشدا هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە چەکێکی سادە، بەڵام بە بڕوایەکی پتەو، بە سەرکردایەتی سەرۆك مەسعود بارزانی لە مەودای پتر لە هەزار کیلۆمەتر توانیان جوانترین تابلۆی ئازایەتی و گیانفیدایی تۆمار بکەن و سنوورێك بۆ هزری ڕەش و پاوانخوازیی داعش دابنێن. لێرەدا دەبێ ئاماژە بەو ڕاستییە دیرۆکییەش بکەین، تا ئەو کاتەی هێزەکانی هاوپەیمانان توانیان دووبارە هێزەکانی سوپای عێراق ڕێکبخەنەوە

پێشمەرگە بەرگرییەکی قارەمانانەی کرد، کە بەرگریی بوو لە ئازادی، بەرگریی بوو لە دیموکراسی و سەرجەم مرۆڤایەتی.

لە ئەنجامی هەوڵە دیبلۆماسییەکانی سەرکردایەتیی پارتیمان، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بۆ تێکشکاندنی داعش و پاراستنی کوردستان، بڕیاری دا یارمەتیی سەربازی و ئاسمانی و مەیدانی پێشکەشی هەرێمی کوردستان و هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان بکات، ئەوەبوو بە شێوەیەکی پراکتیکی هاتنە ناو شەڕەکە و هاوپەیمانییەکی نێودەوڵەتی بۆ لێدانی داعش دامەزرا، کە زیاتر لە (٦٣) وڵاتی جیهانی لەخۆگرتبوو. لە گەرمەی شەڕ و ڕووداوەکاندا، لەو کاتەی سیاسییە هەڵتۆقیو و نانیشتیمانییەکان موزایەدەیان بە ڕەوشی شنگالەوە دەکرد، سەرۆك بارزانی بەڵێنی ڕزگارکردنی شنگالی بە ئەنجومەنی ڕوحانیی ئێزیدی دا و بەڵێنەکەیشی بە پشتیوانی پێشمەرگە قارەمانەکان بە جێگەیاند و لە ٢٠١٥/١١/١٣ لە سەر چیای شنگال، موژدەی ئازادکردنی شنگالی ڕاگەیاند. هەر دوا بەدوای ئەوە لە پرۆسەیەکی ڕێکخراو و دوورمەوداد کە تا ئێستاش بەردەوامە، حکومەتی هەرێمی کوردستان توانی ٣٥٦٢ کەس لە دەستی داعش ڕزگار بکات کە زۆربەیان ئافرەت و منداڵی ڕفێنراوبوون.

حکومەتی عێراق گۆڕدرا و حەیدەر عەبادی بوو بە سەرۆکوەزیرانی عێراق و لە ساڵی ٢٠١٤ هەماهەنگییەکی زۆرباش لە نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و سوپای عێراق دروست بوو، بەڵام زۆری نەخایاند و دیسان حکومەتی تازەی عێراق لە سەر هەمان هەڵەکانی حکومەتی پێشوو بەردەوام بوو، هەڵەی سیاسی بۆ برسیکردنی گەلی کوردستان و هەوڵدان بۆ بچووککردنەوەی دەستکەوتەکانی هەرێمی کوردستان و گرفت دروستکردن

لە ڕێـگەی بەسـتنەوەی مافـە داراییەکـانی هەرێمـی کوردسـتان بەڕادەی هەناردەکردنی نەوت و کارکردن بۆ زیادکردنی خەرجیەکانی سیادی لە سـەر حیسابی پشکی بەشە بودجەی هەرێم. لەو ئانوساتەدا و لە کاتی فراوانبوونی قەڵەمڕەوی سنووری داعش لە عێراق مەرجەعیەی باڵای شیعەکانی عێـراق لە شاری نەجەفی پیرۆز، بۆ پاراستنی خاکی عێراق، فەتوای (جیهادی کەفـائی)ی دەرکرد، کە بووە هۆکاری دامەزرانـدنی (حەشـدی شـەعبی)، بەڵام بەداخەوە لەلایەن کۆمەڵە گروپێکی سیاسییەوە کـرا بە دەرفەتێـك بـۆ خـۆبەهێزکردن و پڕچەککـردن و فراوانکردنـی تواناکـانی دارایـی و سـەربازی لە دەرەوەی دەسـەڵاتی دەوڵەت، بە پـێچەوانەی دەسـتوور کـە ڕێگـە بە دامەزرانـدنی میلیشیای چەکدار نادات.

لە نێو  هەموو ئەو بـاس و ڕووداوانەدا نـاکرێ باسـی دەسـتووری عێـراق نەکەیـن، کە گەرەنتـی یەك پـارچەیی خـاکی عێراقـە، دەسـتووری عێـراق، کە لەلایەن گەلانـی عێـراقەوە لە ٢٠٠٥/١٠/١٥ بە ڕێـژەی (٧٨,٥٩٪) پەسـەندکرا، ئەوسا و ئێستایش کاری پێناکرێت، هەرسێ بنەمای (شـەراکەت، هاوسـەنگی، سـازان) پێشـێل کـرا، عێـراق زیـاتر لە (٤٥) مـاددەی دەسـتووری جێبەجـێ نەکـردووە، سـەرباری سیاسـەتی تـاکڕەویی، خۆسـەپاندن، برسـیکردنی هاووڵاتییـان، ڕێـزنە گـرتن لە قەوارە و ئەزمـوونی بە دیموکراسـی هـاتووی کوردستان، ژێر  پێنانی فیدراڵیزم و هەڕەشە و گوڕەشـەی سـەربازیی، هەمـوو ئەمـانە بە سـەریەکەوە بـووە هـۆی ئەوەی هەرێمـی کوردسـتان بـیر لە چارەسەرێکی بنەڕەتی بکاتەوە، چارەسەرێک کە کـۆک بێـت لەگەڵ ئاشـتی و دیموکراسی و مافی مرۆڤ. ئەوەبوو بڕیاریدا بگەڕێـتەوە بـۆ ڕای گەل، بەڵـێ بڕیاریـدا ڕیفرانـدۆم ئەنجـام بـدات. سـەرۆك بـارزانی، بە پشـتیوانیی گەل و

هاوکـاریی حـزب و لایەنە سیاسـییەکانی هەرێمـی کوردسـتان ڕابەرایەتـی مەزنترین پڕۆژەی مێژوویی کرد، کە (ڕیفراندۆمی سـەربەخۆیی کوردسـتان)ە، دەکرێ بە شای شـانازییەکان نـاوزەد بکرێـت. ڕیفرانـدۆم بـوو بە کەرنەڤـاڵی نەتەوە، (٩٣٪)ی گەلی کوردستان (بەڵێ)یان بۆ سەربەخۆیی کوردستان کـردە فەخری مێژوو، مێژوویێک دەبێ بەردەوام بەرهەمدار و بەهرەمەند بکرێت.

دوای ئەوەی خیانەتی (١٦ی ئۆکتـۆبەر) ڕوویـدا کە گەرەکە هەڵوەسـتەی زۆری لە سـەر بکـرێ، هەڵوەسـتە لە سـەر نێوخـۆی کوردسـتان، بـکەرە کوردییەکانی، دەستتێوەردانی نێودەوڵەتی و ئیقلیمـی، پەنـابردنی حکـومەتی عێراق بۆ هێز و شەڕ بۆ خنکاندنی هەرێمی کوردسـتان و ئـابلووقەدانی، لەو پێنـاوە نارەوایەشـدا حکـومەتی عێـراق هەمـوو توانـا سـەربازی و یاسـایی و تەشریعییەکانی خستەگەڕ و لە ئەنجامی ئەو خیانەتە، کەرکـووك و بەشـێکی خاکی کوردستان داگیرکرایەوە، بەڵام جارێکی تر خـۆڕاگریی خەڵـکی دڵسـۆزی کوردسـتان، گیانفیـدایی پێشـمەرگە قارەمانەکـان و ڕۆڵـی سـەرۆک بـارزانی و پارتیمان، چۆکی بە هێزی سـەربازیدا و سیاسـەتی خنکانـدن و ئـابڵووقەدانی تێکشکاند و هەرێمی کوردستانی پاراست و خستیەوە سەر ڕاستەڕێ.

لەو مـاوەیەدا حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان بە سـەرۆکایەتیی بەڕێـز نێچیرڤـان بـارزانی هەنگـاوگەلێکی دیبلۆماسـی سـەرکەوتووی نـا لە پێنـاو کەمکـردنەوەی فشـار و ئابڵووقەکـانی سـەر هەرێـم و ژمـارەیەك وڵاتـی کاریگەریشـی کـردە پاڵپشـت و هاریکـار، بە تـایبەت فەڕەنسـا و سـەرۆك ماکرۆن و ژمارەیەك وڵاتانی تری ئەوروپی و توانی چارەسـەری زۆر لە گرفـت و ئاریشەکان بکات.

له ٢٠٠٨/٥/١٢ پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەڕێوەچوو، پارتی دیموکراتی کوردستان دەنگێکی باشی هێنا و توانی (٢٥) کورسی مسۆگەر بکات، ئەمەش ئاماژە بوو بۆ ئەو ڕاستییەی، کە گەلی کوردستان لەگەڵ دۆزە ڕەواکەیەتی، ئەو دۆزە ڕەوایەی پارتیمان خاوەنداریی و نوێنەرایەتی و ڕابەرایەتی دەکات. لەکاتی پێکهێنانی حکومەتی عێراقیش، پارتی بەشداری هیچ هاوپەیمانیەتییەکی نەکرد، بەڵام شەریکی دامەزراندنی حکومەت بوو لە نێوان هەردوو بەرەی (بیناء و ئیسلاح) بە سەرۆکایەتی عادل عەبدولمەهدی. ناوبراو هەوڵی زۆری دا بۆ سەرکەوتنی کارەکانی حکومەت و تێپەڕاندنی سەرجەم ئاستەنگەکان، تایبەت ئاستەنگەکانی بەردەم ئاسایش و ئابووریی وڵات، بەڵام نەبوونی یەکدەستیی لە کاری حکومەت و جێبەجێنەکردنی بەڵێنەکان، هاووڵاتیانی تووڕەکرد، تووڕەییش سەری کێشا بۆ سەرهەڵدانی خۆپیشاندانەکانی مانگی تشرینی ٢٠١٩ لە بەغدا و شارەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق، کە تیایدا هێزەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، تایبەت لاوان ڕۆڵێکی کارایان تیایدا بینی.

خۆپیشاندانەکانی تشرین ئاڵۆزی و توندوتیژیی تێکەوت، تایبەت ئەوکاتەی میلیشیا چەکدارەکان کەوتنە وێزەی خۆپیشاندەران و هاووڵاتیی سڤیلیان شەهید و بریندار کرد، ڕەوشەکە بەڕادەیەک ئاڵۆز و مەترسیدار بوو، کار گەیشتە ئەوەی جەماوەر و مەرجەعی شیعەی وڵات داوای دەست لەکارکێشانەوەی حکومەت و سەرۆکی حکومەت بکەن. لێرەدا ناکرێ باس لەو هەڵوێستە مێژووییەی هەرێمی کوردستان نەکەین، کە لە کاتی خۆپیشاندانەکاندا ژمارەیەکی زۆری چالاکوان و بریندارانی خۆپیشاندانەکانی تشرین ڕوویان لە کوردستان کرد، گەل و دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم

پێشـوازییەکی گەرمیـان لـێ کـردن و وەک هەمیشـە دەرگاکانیـان بە ڕووی هەمووواندا ئاوەڵا کرد. دوای بەدەنگهاتنی مەرجەعی شیعەکان، دەست لە کارکێشانەوەی حکومەتی عێراق بـووە کـارێکی پێویسـت. پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان بەشـداری حکومەتـە نـوێیەکەی عێراقـی کـرد بە سـەرۆکایەتیی مستەفا کازمی، ئەمەش بە مەرجی هەڵبژاردنێکی نوێی مەرجدار، کە لە سـەر بنەمـای یاسـای نـوێی هەڵبـژاردن ئەنجـام بـدرێت و لەلایەن چـاودێرانی نێـودەوڵەتییەوە سەرپەرشـتی بکرێـت و دەسـەڵاتداران پابەنـدی (میسـاقی شەرەف) بن. شایانی گوتنە هەردوو حکـوومەتەکەی عـادل عەبدولمەهـدی و مستەفا کازمی لە سەر هەمان سیاسـاتی پێشـوو، لە بـڕین و نەنـاردنی بەشـە بودجەی هەرێم بەردەوامبوون.

لە ٢٠٢١/١٠/١٠ پرۆسەی هەڵبژاردن لە عێراق ئەنجامدرا و لە مـاوەیەکی کەمـدا ئەنجامەکـانی هەڵبـژاردنەکە پەسـندکرا، کە پـارتیمان ٣١ کورسـی بەدەسـتهێنا، سـێ لایەنـی سیاسـی بـوونە بـراوەی هەڵبـژاردنەکە و داوای دامەزرانـدنی حکـومەتی زۆریـنەی نیشـتمانییان کـرد، حکومەتێـک، کە لە بەرامبەر گەلانی عێراقـدا بەرپرسـیار بێـت، چاکسـازی جێبەجـێ بکـات، دژی گەنـدەڵی بێـت و چەکـی بـێ مـۆڵەت داماڵێـت، بەڵام هێزگەلێکـی دژ بە گۆڕانکاری و حکومەتی زۆرینە دەستیان کرد بە پشێویی و پەنابردن بـۆ چەك و دەستتێوەردان لە کاری دادگادا. پارتی دیموکراتی کوردسـتانیش لە نێـو ئەو ڕەشـەبایەدا سەرمەشـقی گۆڕانکـاری و سەرخسـتنی پـڕۆژەکە بـوو لەگەڵ (ڕەوتی سـەدر) و (هـاوپەیمانیی سـیادە)دا، لە بەرامبەریشـدا هێزەکـانی دژ، هەروەها دەسـتێوەردانی ئیقلیمـی و دەرەکـی لەمـپەر بـوون لە بەردەم ئەم پڕۆژەیەدا، پڕۆژە و پرۆسەکە لە ڕێگەی چەند بڕیارێکی ناعادیلانەی دادگـاوە

پەکخرا و کاندیدی هاوپەیمانیەتییەکەش دوورخرایەوە و کۆمەڵێك بڕیاری نادەستووریش دژی ئابووریی هەرێم و مافە دەستووریەکانی کوردستان دەرکران، ڕۆژی ١٣ی ئۆکتۆبەری ئەمساڵیش، کە پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری عێراق بەڕێوەچوو، پارتیمان بەپێی بەرژەوەندیی گشتی و جێگیرکردنی ئیرادەی کۆدەنگی گەلی کوردستان دەنگی بە عەبدوللەتیف ڕەشید دا و بوو بە سەرۆک کۆماری عێراق و پارتیمان هەوڵیش دەدات، لە پێناو کوردستانێکی بە هێزدا دەرگای هەماهەنگی وەک هەمیشە بەسەر هەمووانادا بکاتەوە.

پارتییمان لە سۆنگەی ڕۆڵی لە پەرلەمان و حکومەتی عێراقی فیدراڵدا، کار دەکات لە سەر یاسادانان و کاراکردن و جێبەجێکردنی کۆمەڵێک یاسای گرنگ و بنچینەیی بۆ پاڵپشتی سیستمی فیدراڵی و دیموکراسی لە عێراق وەك لە دەستووردا هاتووە:

- دانانی یاسای نەوت و گاز بۆ بەدەستهێنانی دابەشکردنێکی دادپەروەرانەی سەروەت و سامان بەپێی بڕگەکانی دەستوور.
- دانانی یاسای دادگای فیدراڵی بەپێی ماددەی ٩٢ی دەستوور بۆ ئەوەی دادگایەکی دەستووری تۆکمە بێتە کایەوە وەك ئەو بنەمایانەی لە پێکهێنانیدا هاتووە.
- دانانی یاسای ئەنجومەنی فیدراڵی بۆ پاراستنی سیستەمی فیدراڵی و پاراستنی مافی هەرێم و ئەو پارێزگایانەی کە لە هەرێمێکدا ڕێک نەخراون.
- جێبەجێکردنی ڕێکارەکانی ماددەی ١٤٠ کە دەستوور بۆ چارەسەرکردنی

پرسی کەرکووک و ناوچە جێناکۆکەکانی نێوان هەرێم و ناوەند دیاری کردووە.

- دانانی یاسای داهاتە داراییە ناوخۆییەکان و دستەبەرکردنی دادپەروەری لە دابەشکردنیدا، چونکە ئەم یاسایە لە ماددەی ١١٤ی دەستوور ئاماژەی پێکراوە، بەڵام بە یاسا ڕێك نەخراوە.
- چالاککردنی کاری دەستە سەربەخۆکان، بە تایبەت دەستەی گشتی چاودێری و تەرخانکردنی داهاتی فیدراڵی کە لە ماددەی ١٠٦ی دەستووردا ئاماژەی پێکراوە، هەروەها دەستەی گشتی بۆ دەستەبەری مافەکانی هەرێم و پارێزگاکان کە لە هەرێمێکدا ڕێک نەخراون و لە ماددەی ١٠٥ی دەستووردا هاتووە.
- جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی شنگال بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی قەزاکە و دەستەبەرکردنی ئاسایش لەو دەڤەرە و گەڕانەوەی ئاوارەکان بە سەربەرزی بۆ سەر زێد و ماڵی خۆیان.
- کارکردن لە سەر گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ سەر ماڵ و حاڵی خۆیان لە پارێزگاکانی ڕۆژئاوا و ناوەڕاست و ئاشکراکردنی چارەنووسی ئەو کەسانەی بێسەروشوێنن، هەروەها ئاشکراکردنی بکوژانی خۆپیشاندەرانی تشرین پێویستە لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێت و قەرەبووکردنەوەی قوربانییان.

### لە ئاستی هەرێمی کوردستان دا

کوردستان سەرچاوەی بیر و زەمینەی خەبات و خەونە گەورەکانی پارتیمانە، لە نێوان کۆنگرەی ١٣ و ئەم کۆنگرەیەدا گەلێک ڕووداو و

گۆڕانکـاریی  هەمەجـۆر ڕوویانـداوە، کە پـارتیمان هەڵوەسـتە و هەڵوێسـت، هەروەها نەخش و ڕۆڵی مەزنی تیادا گێڕاوە.

لە نێو ئەو ڕووداو و گۆڕانکاریانەدا، ئەو کاریگەری و دەرهاوێشـتانەی بە دەوریـانەوە ئـاڵاون، کوردسـتان سـوودمەند و هەروەهـا پڕوشـکی ئاگریشـی بەرکەوتووە. ئەوەی گرنگە ئەوەیە، کوردستان لە سەرپێ، بەهێز و ئاینـدەبین ماوەتەوە. ڕاستە لە ئاکامی خیانەتی ١٦ی ئۆکتـۆبەردا بەشـێکی زۆری خـاکی کوردستانمان لە دەستدا، بەڵام بەرگریی گەورەمـان کـرد، هەڵبژاردنـی زۆرمـان ئەنجامـدا، خزمەتـی گەورەمـان لە بـواری ئـاوەدانی، ئـارامی، پەرەپێـدان، گەشــەکردن و ژیــانی دیموکراســیدا پێشــکەش کــرد، ئەفســانەی داعشــمان تێکشکاند، پەیڤی پێشمەرگەمان کردە پەیڤێکی جیهانی، ڕیفراندۆممان کـردە تـاجی سـەرکەوتنەکان بە دونیامـان گـووت، ئەگەر لە ئاسـت ئـێمەی خـاک داگیرکراوی پارچەکراودا بێ بەڵێنیش بـن، ئەگەر لەگەڵ بـڕوا و پرەنسـیپەکان خۆیشــتان ڕاســت و کــۆک نەبــن، لــێ ئێمــە هەر ڕوومــان لە ئــازادی و سەربەخۆیی و ئاشتی و دیموکراسییە.

جێی خۆیەتی ئاماژە بۆ کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردسـتان بە سەرۆکایەتیی بەڕێز نێچیرڤـان بـارزانی بکەیـن کە بـۆ تێپەڕانـدنی قۆناغـە سـەختەکان هەوڵـی زۆر و هەمەلایەنەی دا، لەوانە: لە بانـک و کۆمپانیاکـان قەرزێکی زۆری وەرگرت تا بشـێ ژیـان و گـوزەرانی مووچەخـۆران و خەڵـک چارەسەر بکات، ئەمە جگە لەلایەنە سایکۆلۆجی و کۆمەڵایەتییەکەی خەڵکی کوردستان، لەو پێناوەدا بە ئاراستەی دڵنیایی و ئارامی و ئاشتیی کـۆمەڵایەتی کاری زۆریشی کرد.

بەداخەوە پتر لە ٣١ ساڵە کوردستان لە ڕووی حکومڕانیدا نەبۆتە یەک زەمین و یەک دەست و یەک بڕیار، بەڵام پارتیمان وەک هەمیشە بەردەوام دەبێت لە سەر ڕوانگە نەتەوەیی و نیشتمانییەکەی، کە سەرچاوەی لە هزری ڕابەری نەتەوە (مستەفا بارزانی) وەرگرتووە، کە بریتییە لە ئازادیی مرۆڤ، ئازادیی بیر، ئازادیی خاک و ئایندەسازی لەپێناو ژیانێکی باشتردا.

## پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕوانگە و ئایندەبینی

پارتی دیموکراتی کوردستان (٧٦) ساڵە لەپێناو ئازادیی کورد و کوردستان خەبات دەکات و لەو ڕێگە پڕ ئیفتیخارەشدا ڕووبارێک خوێن و پەرتوکێک لە دەسکەوتی خستۆتە نێو مێژووەوە. ڕوانگە و ئایندەبینیی پارتیشمان لە بوارەکانی سیاسی، نەتەوەیی، نیشتمانی، پەیوەندییەکان، خزمەتگوزاریی فرەچەشن، ئەمن و ئاسایش، پێکەوەژیانی نەتەوەیی و ئایینی و سیاسی، ئاشتیی کۆمەڵایەتی، پێشخستنی هەرێم و هەموو بوارەکانی پەیوەست بە ژیانی هاووڵاتیانەوە لە پڕۆژەی ئامادەکراوی پڕۆگرامی پارتیمان بۆ کۆنگرەی ١٤ بە تێروتەسەلی داڕێژراوە، هەروەك چۆن لە دوا هەڵبژاردندا (کوردستانی بەهێز) دروشمی پارتیمان بوو، لەپێناو ئەو کوردستانە بە هێزەدا کار دەکەین، خەبات دەکەین، تواناکان یەک دەخەین، گرفتەکان چارەسەر دەکەین، بە یەکڕیزی نیشتیمانییەوە، بە هاوکاریی دڵسۆزانی گەل بەرەو سەرکەوتنی پتر هەنگاو دەنێین.

## لە بواری ڕێکخستن دا

پارتیمان، بە هیمەت و حیکمەتی جەنابی سەرۆك و سەرکردایەتی و کادیر و ئەندامان و لایەنگرانی و جەماوەری کوردستان لە سایەی ڕێبازە

پیـرۆزەکەی بـارزانی نەمـر و دەسـکەوت و قوربانیەکـانی، هەر بەهێزیـی دەمێنێـتەوە سـەرکەوتنی پـارتیمان لە کـۆی هەڵبژاردنەکـانی سـەر ئاسـتی کوردستان و عێراق و مانەوەی لە ڕیزی یەکەمەکان ئەو ڕاستیە دەسـەلمێنێ و نیشانەشـە بـۆ بەهێزیـی پـارتیمان، سـەرەڕای ئەوەش دەبـێ بەردەوام لە تێکۆشاندابین، تا ڕووەو هەورازتر هەڵکشێت.

تـا بەر لە کۆتـایی ٢٠١٨، ئەگەر هەر جـۆرە هەڵسـەنگاندنێک بـۆ گەشەکردن، یا داکشانی ڕێکخستنەکانی پارتیمان بکرایە، بە دڵنیاییەوە ڕاسـت و دروسـت دەرنەدەچـوو، چـونکە تۆمـاری ئەنـدامان کەلێنـی تێـدابوو، بەڵام دوای ٢٠١٨، واتـە دوای بەکۆتاهـاتنی پرۆسـەی نـوێکردنەوەی تۆمـاری ئەندامان، بە پێی بەرنـامەیەکی پێشـکەوتووی داتـابێیس، ژمـارەی ئەنـدامانی تۆمارکراو بەدیارکەوت و لە دوای ئەو مێژووەوە ئیتر ئاسانتر توانرا ساڵ بۆ ساڵ ڕێژەی ئەو گەشەسەندنە، یا داکشانە لە گشت ئۆرگانەکان بزانرێت، ئەمە بـۆ کادیرانیش بە هەمان شێوە.

لە ڕاپۆتی مەکتەبدا ئاماژە بە چەندین پرۆژە کـراوە کە دوایـین پـرۆژە، لە دوا هەڵبژاردنەکـانی ئەنجـومەنی نـوێنەرانی عێـراق پێشکەشـی کـرد، لەگەڵ پرۆژەی گونجاندنی هەیکەلیەتی ڕێکخستنەکانی حزب لەگەڵ یەکە ئیداری و نەخشەی کۆمسیۆن بۆ هەڵبژاردن.

لە ڕووی ئۆرگانەکانەوە: پارتیمان ٢٤ لق، (٢٤٣) ناوچە، (١٦١٥) ڕێکخـراو، (١٧٤٣٥) بنکەی ڕێکخستنی هەیە.

هەر لە ڕاپۆرتەکەی مەکتەبی ڕێکخستندا کە لە چەندین بەش پێکهاتووە، وێـڕای بـواری ڕێکخسـتنەکان، کاروبـاری کـادیران، داتـابێیس، سـەرچاوە

مرۆییەکان، توێژینەوە، وەرگرتن و هیتر کە بەشەکانی مەکتەب پێکدێنن، داتا و زانیاریی هەمەجۆریش هەن، لە پاڵیشیدا چەندین پێشنیار لە بواری ڕێکخستندا، خراونەتەڕوو، لەوانە:

- گونجاندنی هەیکەلیەتی حزب لەگەڵ یەکە ئیداریەکان یا نەخشەی کۆمسیۆن.
- تەجدیدکردنی میلاکات لە ڕووی کادیرانەوە بەرەچاوکردنی قەبارەی هەر ئۆرگانێك و پێداچوونەوە بە کاروباری کادیران لە هەموو ڕوویێکەوە.
- پێداچوونەوە بە باروگوزەرانی کادیرانی لە ڕووی داراییەوە.
- پاڵپشتیکردنی ئۆرگانەکانی خوارەوە بە تایبەتی بنکە و ڕێکخراوەکان.
- دانانی پێوەر بۆ بەردەم هەر داواکارییەك بۆ بەرزکردنەوەی پلە، یا پاڵاوتنی کادر بۆ دەزگاکانی حکومەت و پەرلەمان و ئەنجومەنەکان و ... تاد.
- بایەخدانی زیاتر بە تەکنەلۆژیا بۆ کاروباری ڕۆژانە، تا ئاستی ئۆرگانەکانی خواروو.

## لە بواری ڕاگەیاندن دا

ڕاگەیاندن بوارێکی هەرە گرنگ و کاریگەری ئەم سەردەمەیە، زۆرترین نمایش و خستنەڕوو، هەروەها زۆرترین شەڕ و بەرگریش هەر لەو بوارەدا بەڕێوەدەچێت، تەنانەت نەیار و ناحەز و دوژمنەکانیشمان هەر لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەوە پەلامارمان دەدەن و شەڕی پیرۆزییەکانمان دەکەن.

لە ڕاپۆرتی دەزگای ڕۆشنبیریی و ڕاگەیاندنی پارتیمان بەوردی خشتەکانی

دەزگاکانی ڕاگەیاندن خراونەتەڕوو، کە ژمارەیان (٥٢) دەزگایە، باس لە ڕاگرتن، یان خرانەسەر، یا گۆڕین، یا گواستنەوەی دەزگاکان بەوردی دەکات، کە هەریەکەیان هۆکاری تایبەت بە خۆیان هەیە و ڕوون کراونەتەوە کە دەکرێت بەم شێوەیە پۆلێنیان بکەین:

**بارەگای دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن، بارەگای ناوەندی ڕۆشنبیری کوردستان، بارەگای ناوەندی خانی، بارەگای دەزگای دەلال، بنکەی توێژینەوە، خانەی موکریان، دەزگای تەکنیکی ناوەند، کۆمپانیای تەتەر، ١٠ تەلەفزیۆن، ١٢ ڕادیۆ، ٩ ڕۆژنامە، ٦ گۆڤار، ٥ ماڵپەڕ، ٣ چاپخانە، ٣ نووسینگە.**

ڕاپۆرتەکە بەوردی باس لە بەرهەمی مانگانە دەکات کە چەند بووە، چۆنیش خەرج و دابەشکراوە، ئەوەی پێوستە لێرەدا جەختی لێ بکەینەوە گرفتەکان و چارەسەری گرفتەکانە، کە بەم شێوەیە پۆلێن کراوە:

- گرفتی کەمی بودجە.
- گرفتی فرە مەرجەعی.

سەبارەت بە چارەسەریش، ڕاپۆرتەکە پێیوایە:

- نوێخوازی.
- ڕاهێنانی زانستییانە.
- چاوخشاندنەوە بە بودجە.
- گەڕانەوەی یەک مەرجەعی.
- نوێکردنەوەی ئامێر و دەزگاکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و چاپخانەکان بە چارەسەری گونجاو دەزانرێ.

لێرەدا دەبێ ئەوەش بگوترێ، ڕاگەیاندنی پارتیمان لە هەموو قۆناغەکاندا بەرگریی گەورەی لە کوردستان، ڕێبازی بارزانی، جەنابی سەرۆک بارزانی، حکومەتی هەرێم و دامەزراوە و دەستکەوتەکان کردووە و وەڵامی دەستبەجێ و لۆژیکیانەی ناحەزانی پارتیمانی داوەتەوە و هەوڵی داوە جەماوەری گەلی کوردستان لە دەوری ڕێبازی بارزانی کۆبکاتەوە و لە بواری ڕۆشنبیریدا هەوڵی داوە ببێتە هاوکار بۆ گۆڕانکاری و پێشخستنی کۆمەڵگەی کوردستانی.

## لە بواری پەیوەندی دا

پارتیمان لە چەند بوارێکەوە کاری پەیوەندییەکانی ڕێکخستووە، پەیوەندیی کوردستانی، پەیوەندیی نیشتمانی، پەیوەندیی عێراقی، پەیوەندیی هەرێمی، پەیوەندیی عەرەبی و جیهانی.

لەبواری پەیوەندیی کوردستانیدا کە (٥٢) حزب لە کوردستان هەن، پارتیمان لەگەڵ بەشێکی زۆر لەو حزبانە پەیوەندیی قووڵ و مێژوویی هەیە، لەگەڵ بە شێکشیان پەیوەندی و هەروەها گرفتیشی هەیە، سەبارەت بە عێراقی و عەرەبی و هەرێمی و جیهانییش، ئاستەکان جیاوازن، چونکە پەیوەستە بە بەرژەوەندیی سیاسی و ڕوانگە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی پارتییەوە. پارتی خودان قەزیەیە، کێ لەگەڵ قەزیەی عادیلانەی کورد و هەرێمی کوردستان بێت، پارتیمان لەگەڵیدا کۆکە، پێچەوانەکەشی ڕاستە، کێ لەگەڵ دۆزی کورد و هەرێمی کوردستان کۆک نەبێ و بەرژەوەندی باڵای کوردستان ڕەچاو نەکات، پارتیمان لەگەڵی کۆک نابێت.

بۆ نموونە، پارتیمان لەگەڵ یەکەکە گرفتی قووڵی هەیە، چونکە لە

دەرەوەی ئیرادەی کورد کاردەکات و ئعتیراف بە هەرێمی کوردستان و دەستکەوتە شەرعیەکانی ناکات. ئاریشە دروست دەکات و گیان و ماڵ و سامان و ڕەز وباخ و ژیانی خەڵکی کوردستان دەخاتە مەترسییەوە و تا ئێستا زیانێکی زۆری پیگەیاندوون. هەروەها هۆکارە بۆ تۆپباران و هێرشی سوپای تورکیا، بۆیە تا پەکەکە دێتەوە سەر ڕاستەڕێ، ئێمە لێیان دوور دەبین. زۆرمان هەوڵدا، بە تایبەت لە سەردەمی پرۆسەی چارەسەری ئاشتی، بەڵام بێ سوود بوو. پەکەکە نەیتوانی سیاسەتێکی ژیرانە و کوردانە و کوردستانییانە و واقیعیانەی بەرهەمدار پەیڕەو بکات.

سەبارەت بە (یەکێتیی نیشتیمانی)ش، پارتیمان ناکۆکی و تەبایی لەگەڵ یەکێتیدا هەبووە و هەیە، لە زەمەنی ڕێککەوتننامەی ستراتیژیی نێوانماندا، گەلەکەمان قازانجی زۆری کرد، بەڵام بەداخەوە دوای کۆچی دوایی خوالێخۆشبوو مام جەلال، پەیوەندییەکانمان باش نین، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە یەکێتی ناڕوونی لە هەڵوێست و سیاسەتیاندا هەیە، دوای هەموو پرۆسەیەکی هەڵبژاردن کە سیمای دیموکراسیەتە، بەربەست بۆ هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی ئاکامی هەڵبژاردنەکان دروستدەکەن.

پارتیمان، تا ئێستا بابەتی بەردەوامی حوکمڕانی و پاراستنی قەوارەی هەرێم بە ئەولەویەتی خۆی زانیوە و لە سەر ئەو هەڵوێستەی بەردەوام دەبێت، بەڵام بەداخەوە کە بارودۆخی نەخوازراو دێتەپێشێ و سیاسەت و هەڵوێستی هەندێ لە لایەنە سیاسیەکان یارمەتیدەر نین لەدروستبوونی ناوەندێکی بڕیاری کوردستانی، سەرەڕای هەبوونی فاکتەری شەرعیەتی هەڵبژاردن و متمانە پێبەخشینی خەڵکی کوردستان، ئەمەش بێگومان هەندێجار ئاڵۆزی لە نێو پرۆسەی سیاسیی لە کوردستان دروست دەکات و

دەبێتە کۆسپ لە بەردەم پێشکەوتنەکان و بەدیهێنانی مافی ڕەوای گەلەکەمان.

ئێمە، خوازیارین لەگەڵ هەموو حزبەکان دۆستایەتیمان پتەوتر بێت، تەنانەت لەگەڵ هەموو حزبە عەرەبی و هەرێمی و جیهانیەکانیش، چونکە کاری حزبایەتی، بەشێکی واتە پەیوەندییە سیاسییەکان و لە یەکتر تێگەیشتنی هاوبەشە، لەو ڕووەوەش پارتیمان پلانی هەیە و هەنگاوی پێویست دەهاوێژێ بە مەبەستی بەرهەمدارکردنی پەیوەندییە سیاسیەکان بۆ بەرژەوەندی کوردستان و پارتیمان.

هەر لێرەدا جارێکی تر ئاماژە بۆ ئەوە دەکەین کە (٥٢) حزب لە کوردستاندا هەن، (٣٦) کۆنسوڵگەری هەن، (١٤) ئاژانسی (UN) هەن، حکومەتی هەرێم لە (١٤) وڵاتی جیهاندا نوێنەرایەتیی هەیە، هەموو ئەمانە بەسەر یەکەوە سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە کوردستان ژینگەیەکی لە بارە بۆ ئازادی و دیموکراسی و پێکەوەژیان

## لە بواری هەڵبژاردن دا

هەڵبژاردن یەکێکە لە کلیلەکانی سەرکەوتنی هەر حزبێکی سیاسی، ئەمڕۆ بە یەکێک لە زانستە فرەڕەهەندەکان هەژمار دەکرێت و حزبە سیاسییەکان بە چڕی کاری لەسەر دەکەن. پارتیمان ڕاستە لە هەڵبژاردنەکاندا براوەیە، بەڵام دەبێت پتر بایەخ بە هەڵبژاردن و ڕەهەندەکانی بدات.

دەزگای هەڵبژاردن بە هاوکاری دەزگا و مەکتەبەکانی دیکەی پارتیمان بە شێوەیەکی ڕێکوپێک سەرپەرشتی پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی کردووە لەسەر هەردوو ئاستی عێراق و هەرێمی کوردستان.

دەزگـای هەڵبــژاردن ڕاپــۆرتێکی ورد و پەیــکەرداری ئامــادەکردووە، لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە: کارگێڕی و هەیکەلیەتی دەزگای هەڵبـژاردن چـۆن بێـت، سـوود و گرنگییەکانیشــی خســتۆتەڕوو، لە پـاڵ ئەمەدا بە گرنـگ دەزانـرێ دەزگای هەڵبژاردن بکرێتـە دامەزراوە (مؤسسـة) هەروەک چـۆن لەو بـارەوە پرۆژەشـیان هەیـە، هەروەهـا گرنگیــی بە ڕاهێنـان و ئامـادەکردنی بریکـار و چاودێرەکان بدرێت.

## لە بواری ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان دا

پـارتیمان لە ڕۆڵـی پـڕ جــووڵەی ڕێکخــراوە جەمـاوەری و پیشــەییەکان تێدەگات و ئەو ڕاستییە باش دەزانێت کە کەرت و چین و توێژە جیاوازەکـانی کۆمەڵگە، حزبی سیاسی دەگەیەنێتە دەسـەڵات و حکـومڕانی. هەروەهـا لەو ڕاســتییەش تێــدەگات، کە ڕوانگـا و تێگەیشــتنی کەرت و چـین و توێژەکـان گۆڕانکاریی گەورەیان بەخۆیـانەوە بینیـوە و دەبێـت ئـێمەش خۆمـان لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییە نوێیانە بگونجێنین.

دەستەی جەماوەری و پیشـەییەکانی پـارتیمان لە ڕاپـۆرتێکی دوو بەشـیدا هەڵسەنگاندن و ڕوانگەیان بۆ (جەماوەرییەکان و پیشەییەکان) خسـتۆتەڕوو، بە نموونە: بەشی ڕێکخراوە جەماوەرییەکـان کە (ئافرەتـان، لاوان، قوتابیـان و وەرزش) دەگرێتەوە، پێشنیار دەکەین:

- نوێبــوونەوە و نوێکـاری لە ســەرجەم کارەکانــدا و چـالاککردنی پرۆســەی پێگەیاندن، بە تایبەتی نەوەی تازە.
- دەرفەتی پتر بۆ هێنانەپێشەوەی ئافرت لە کایەی سیاسی و ڕێکخراوەییـدا و دابینکردنی ئەمنیەتی کارکردن.

- لە کار و بەڕێوەبردندا بەشێک لە سەربەخۆیی بۆ ڕێکخراوەکان دەستبەر بکرێت.
- دووبارە داڕشتنەوەی سەرلەنوێی هەر سێ ڕێکخراوی (قوتابیان، لاوان و ئافرەتان) و دیاریکردنی ئامانجەکانیان بە پێی واقیعی سەردەم و دابینکردنی بودجەیەکی گونجاو بۆیان.
- بایەخدانی پتر بە وەرزش و دروستکردنی بۆردێکی وەرزشی.

ڕێکخراوە پیشەییەکان، زۆرجار بە داینەمۆی کۆمەڵگە لە قەڵەم دەدرێ کە ڕۆڵێکی کاریگەریان هەیە لە هەڵبژاردنەکاندا. بەشی ڕێکخراوە پیشەییەکان سەرپەرشتی (٦٠) سەندیکا و کۆمەڵە و یەکێتی دەکات کە بەشێکی زۆری هاوبەش و بەرەیین و هەندێکیشیان بە پارتیمان تایبەتن.

بەپێی ئامار، تاکو ئێستا (٥٨٠٠) ڕێکخراوی ناحکومی مۆڵەتیان پێدراوە، لەم ژمارەیەدا تەنیا (٢٥٠) ڕێکخراو لە دەستەی ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی پارتیمان تۆمارکراون، بەشێك لەو ڕێکخراوانە لەبەر نەبەستنی کۆنگرەیان کێشەیان هەیە، هەست دەکرێ ناڕوونیەک لە دیدگای پارتی بۆ ئەو ڕێکخراوانە هەیە کە پێویستە چارەسەر بکرێ.

## لە بواری دیراسات و توێژینەوە و ئەکادیمیای پارتی

سەنتەری دیراسات و توێژینەوە و ئە کادیمیای پارتی لە دوو بواری سەرەکی (**لێکۆڵینە و توێژینەوە، پێگەیاندنی ئەندام و کادیرانی پارتیمان**) کاردەکات. لە پاڵ ئەو دوو ئەرکە سەرەکییەی بایەخ بەبواری چاپکردنی کتێب دەدات، گۆڤارێک بەناوی شرۆڤە لەچاپ دەدات.

ئەم سەنتەرە وەکو ناوندێکی لێکۆڵینەوە بایەخی بە کۆکردنەوەی زانیاری و دۆکیۆمێنتکردنی مێژووی خەباتی پارتیمان داوە، بۆ ئەو مەبەستە چەندین پڕۆژەی وەکو (**دۆکیۆمێنتکردنی خولەکانی کادیران، دۆکیۆمێنتکردنی کۆنگرەکانی پارتی، دۆکیۆمێنتکردنی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستانی لە میدیای ناوخۆیی و نێودەوڵەتی**) ئەنجام داوە.

بەشی ئەکادیمیا و پێگەیاندن لە نێوان کۆنگرەی ١٣ەوە تا ساڵی ٢٠١٧ سێ خولی ١٧ و ١٨ و ١٩ی کردۆتەوە کە ٢٢٥ ئەندام و کادیری پارتیمان لێیان سوودمەندبوون.

بە شی دیراسات و توێژینەوە، چەندین توێژینەوە، ڕاپرسی، دیدار، کۆنفرانس و پانێڵ، سمینار و وێبینار لە هەمبەر پرس و بابەتی تایبەت بە پارتیمان و کوردستان بە گشتی ئەنجام داوە.

دیدگاو پیشنیارەکانی سەنتەر بۆ داهاتووی ئۆرگانەکەیان:

١- بۆئەوەی پرۆگرامی پێگەیاندن و تواناسازیی کادیر و ئەندامان بەپێی پلان و ڕێکاری نوێ، لە ئاستی گشت لق و ئۆرگانەکاندا بە شێوەیەکی باشتر و بەردەوام بەڕێوەبچێت، پێویستە بە هەماهەنگی لەگەڵ سەنتەر ئەنجام بدرێت و لەلایەن گشت دامەزراوەکانی پارتیمان پشتیوانی بکرێت.

٢- پێداچوونەوە بە پێکهاتەی سەنتەر لە ڕووی کادیرانەوە بە گوێرەی پێویستیی ئەرک و ڕۆڵی ئەم دامەزراوەیە.

٣- پێگەیاندن و تواناسازیی ئەندام و کادیران وەکو پێویستی بە پێی پلان و پرۆگرامێکی سەرتاسەری و بەردەوام بە میتۆدی ئامادەکراو، بە هەماهەنگی لەگەڵ ئۆرگانە پەیوەندارەکان ئیقرار بکرێت.

٤- بەشداری کردن لە خول و ڕاهێنانەکان، بە یەکێک لە پێوەرەکانی بەرزکردنەوەی پلەی کادیر هەژماربکرێت، پێویستە لە چوارچێوەی دامەزراندنی سیستمی سەرمایەی مرۆیی پارتی لەم بوارە ڕێکبخرێت.
بایەخدان بە دامەزراندن و چالاککردنی بەشی سەرمایەی مرۆیی (HR) لە گشت لق و مەکتەبە ناوەندییەکان.

## لە بواری دارایی دا

کارگێڕی و دارایی پارتیمان وەك هەڵسەنگاندنێك بۆ بارودۆخی دارایی پارتیمان و ڕێکخستنەوەی بە شێوەیەکی گونجاو، ئاماژەی بە چەند گرفت و پێشنیازێک و چۆنیەتی بۆ چارەسەرکردنیان دەکات، لەوانە:

• گرفتی مووچەی کادیرانی تازە دامەزراو.

• گرفتی مووچەی ئەو کادیرانەی پلەیان بەرزکراوەتەوە.

• گرفتی تەعدیلی مووچەی بەشێك لە کادیرانی دەرچووی کۆنفرانس و پلە بەرزکراوەکان.

• گرفتی جیاوازیی مووچەی کادیرانی فەرمانبەر.

بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەی سەرەوە پێشنیاری ئەم خاڵانەی خوارەوە دەکرێ:

١- مەکتەبی دارایی بتوانێت بڕێک داهات دەستەبەر بکات بۆ کردنەوەی پڕۆژەی بەرهەمهێنەر لە لق و دەزگاکانی دیکەی پارتیمان بە هەماهەنگی لەگەڵ دەزگای وەبەرهێنان.

٢- دارشتن و دیاریکردنی میزانیەی ساڵانەی پارتیمان وەك پێشچاوڕوونیەك تا

٣- پارتیمان باشتر بتوانێ لەبەر ڕۆشناییدا بەرنامەڕێژیی بکات.

٤- پێداچوونەوە بە نەسرییەی لق و مەکتەبەکان و دەزگاکانی تری پارتیمان بە ڕەچاوکردنی گرنگی بارودۆخی هەریەکەیان.

٥- پێداچوونەوە بە مووچەی کادیران بە شێوەیەک گونجاوبێت بۆ دابینکردنی ژیان و بژێوییان بەڕەچاوکردنی ئاستی ژیان لە کوردستان.

**لە بواری وەبەرهێنان دا**

دەزگای وەبەرهێنان ڕۆڵێکی گرنگی دەبێت لە کاری وەبەرهێنان و سەپەشتیکردنی موڵک و پرۆژەکانی وەبەرهێنان لە پێناو دابینکردنی داهات بۆ پارتیمان بە هەماهەنگی لەگەڵ بەشی کارگێڕی و دارایی. هەروەها چارەسەرکردنی کێشەی بارەگاکان و پێداویستیەکانی ئۆگانەکانی پارتیمان لەگەڵ ڕەخساندنی هەلی کار لە ڕێی پرۆژەکانەوە بۆ هەڤالانی پارتیمان.

**لە بواری چاودێری و بە دواداچوون**

بەگوێرەی ئەو ڕۆل و ئەرک و بەرپرسیاریەتیەی لە مادەی (١٦)ی پەیڕەوی ناوخۆی پارتیماندا بۆ دەستەی چاودێری و بە دواداچوون دیاری کراوە، دەستە یەکێکە لە ئۆرگانە هەرە گرنگ و کاریگەرەکانی پارتیمان. لەو ڕوانگەیەوە، پێمان وایە ئەگەر دەستەی چاودێری و بە دواداچوون وەکو ئۆرگانێکی گرنگ ڕۆڵی پێ بدرێت و سەرنج و پێشنیارەکانی لەبەر چاو بگیرێت، کەموکوڕیەکان کەمتر دەبن و ئیشوکارەکان ڕێکخراوەییتر دەبن.

دەستە بە شێوەیەکی مەیدانی سەردانی زۆربەی زۆری ئۆرگانەکانی پارتیمانی کردووە، لەو سۆنگەیەوە هەڵسەنگاندنی بۆ ئۆرگانەکان کردووە و

بە شێوەیەکی گشتی پەنجەی خستۆتە سەر کەموکوڕیەکان وەك لە:

**ئەدای بەرپرسیارێتی، گۆڕانکاری و پلە بەرزکردنەوە، پابەندبوون بە پەیڕەوی ناوخۆ، پەیوەندی نێوان مەکتەبەکانی سەر بە مەکتەبی سیاسی و لقەکان، ئیستعاب یان وەرگرتن، ژیان و گوزەرانی کادیران، ڕۆڵی ئافرەت، سنووری ئیداری و ڕێکخراوەیی، بارودۆخی ئەو کادیرانەی دەرنەچوون، دارایی و میزانیە و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵیدا، هەڵبژاردنەکان، بارودۆخی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەیەکان، ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن، پەیوەندییەکان، پەیوەندی نێوان حزب و حکومەت، میدالیای بارزانی نەمر، بارودۆخی پارتیمان لە سلێمانی- گەرمیان - هەڵەبجە و راپەڕین.**

بەلامانەوە پێویست دەکات بایەخێکی زۆر بە ڕاپۆرتەکانیان بدرێ لە پێناوی نەهێلانی کەموکوڕیەکان.

**هەڤاڵان، ئەندامانی کۆنگرەی ١٤ی پارتیمان**

دوای ئەوەی بە کورتی باسی سەرجەم مەکتەب و دەزگا و دەستەکانی پارتیمان کرد، ئێستاش بە کورتی باسی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، حکومەتی هەرێمی کوردستان، پەرلەمان و ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان دەکەین.

**سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان**

سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان کە لە ڕێی دەنگی دیموکراسییانەی گەلی کوردستانەوە هاتۆتە ئاراوە، لە ماوەی (١٧) حەڤدە ساڵی تەمەنیدا توانیویەتی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا ڕۆڵێکی کارا و کاریگەر بگێڕێت، تایبەت لە بواری دیپلۆماسیەتی هەرێمی کوردستان و کۆکردنەوەی جیهان لە دەوری

ئەزموونی دیموکراسی کوردستان و کۆکردنەوەی نێوخو لە دەوری یەکڕیزیی نیشتیمانیدا، کە ئەمانە وەک دەسکەوت دەچنە نێو مێژووەوە تایبەت لە سەردەمی  شەڕی داعشدا، کە سەرۆک مەسعود بارزانی وەک پێشمەرگە لە نێو سەنگەردا توانی سەرنجی هەموو دونیا بخاتە سەر هەرێمی کوردستان و پێشمەرگەش بکات بە سیمبوڵی ئازادیی لە جیهاندا.

سەرۆکایەتیی هەرێم بە شاهیدیی هەموو لایەك، توانی ببێتە چەتری کۆکەرەوەی لایەنە سیاسییەکان و پێکهاتەکانی کوردستان بەبێ هیچ جیاکارییەك.

سەرۆکایەتیی هەرێم درێژەیدا بە دانوستان و هەوڵی بەردەوام لەگەڵ بەغدا و هاوبەشانی نێودەوڵەتی بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی ڕیشەیی بۆ کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا لە چوارچێوەی دەستووردا.

هەوڵ و تەقەلالای بەردەوام بۆ یەکگرتنەوە و ڕێکخستنەوە و بەهێزکردنی هێزەکانی پێشمەرگە و دابینکردنی پێداویستییەکانی سەنگەرەکانیان و زامنکردنی ماف و شایستەکانیان  وەك بەشێک لە سیستمی بەرگریی عێراقی فیدراڵ.

هەروەها بەڕێز نێچیرڤان بارزانی وەک دووەم سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بە هەمان ڕێگە و ڕۆشنیدا هەنگاوی هەڵهێنا، ئێستایش بەردەوامە لە کار و بزاڤە بەرهەمدارەکانی، کە گرینگترینیان:

کۆکردنەوەی هەمووان بە دەور کۆکی و یەکڕیزی و چارەسەرکردنی ئاریشەکان.

پەپرەوکردنی سیاسەتێکی سازندە بۆ پەرەپێدان و پتەوکردنی پەیوەندیی

لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و ناوچەکە لەسەر بنەمای لێکتێگەیشتن و ڕێزگرتنی بەرژەوەندی هەمەلایەنە لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتی و داب و دستووری دیپلۆماسی و ڕێزگرتنی سەروەری یەکتردا.

گەشەپێدانی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی هەرێم لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئەو وڵاتانەی جیهان کە مانەوە و سەقامگیری هەرێمیان مەبەستە.

بە دروشمی (**سەرکەوتنی هەریەک لە ئێمە سەرکەوتنی هەموومانە**) بەڕێز سەرۆکی هەرێم پشتیوانی و هاوکاری بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێم و کابینە و وەزیرەکانی کرد.

سەرۆکایەتیی هەرێم بەردەوام بوو لە هەوڵ و هەنگاوەکان و ڕاگۆڕینەوە و هەماهەنگی لەگەڵ کۆی لایەنە پەیوەندندارەکان بۆ نووسینەوەی دەستووری هەرێمی کوردستان و پەسەندکردنی لەم گەڕەی سەرۆکایەتیدا.

## ڕوانگەی پارتیمان بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان

پارتی دیموکراتی کوردستان وەک دامەزرێنەری سەرەکی پرۆسەی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان خاوەنی جیهانبینی خۆیەتی بۆ سەرجەم پرسەکانی حوکمڕانی ئەوەی پەیوەستە بە ستراتیژییەتی پارتیمان لە بواری حوکمڕانیدا، کە لە پرۆگرامی کۆنگرەی ١٣دا هاتووە بریتیە لە: گرنگیدان بە پەرەپێدانی سیستەمی کارگێڕی، ئابووری، پەروەردە، ڕۆشنبیری، خوێندنی باڵا، تەندروستی، کاروباری کۆمەڵایەتی، پەیوەندییەکان، گواستنەوە و گەیاندن، کشتوکاڵ، پیشەسازی و بازرگانی و وەبەرهێنان، هەروەها سیاسەتی نیشتەجێبون و بیناسازی و پەرەپێدانی شارەوانی و گەشتوگوزار و

سـوودوەرگرتن لە داهـاتی سـامانە سروشـتییەکان بـۆ بەهێزکردنـی ژێرخـانی ئابووری، هەروەها پەرەپێدانی کەلتوری پێکەوەژیان لە هەرێمی کوردستان و دروسـتکردنی ژینگەیەکـی گونجـاو لە ڕووی کـۆمەڵایەتی و سیاسـییەوە کـە هاندەر بێـت بـۆ پەرەپێـدانی کەلتـور و کەلەپـوور، ڕاگەیانـدن و چاپەمەنی: کاروباری ئایینی و ئایینزاکان، هەروەهـا گرنگیـدان بە پەرەپێـدانی پرسـەکانی کاروباری ئافرەتان، قوتابیان، لاوان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

پـارتیمان هەمـوو تواناکـانی بـۆ سەرخسـتنی حکـومەتی هەرێـم تەرخـان کردووە، سەرجەم کابینەکانی حکومەتی هەرێم خزمەتی باشـیان کـردووە، بە تـایبەت کـابینەی یەکگـرتنەوەی هەردوو ئیـدارەی هەولێـر و سـلێمانی، کە بەشێک لە برینەکانی چارەسەرکرد. هەروەهـا کـابینەی هەشـت کە قەیرانـی تێپەڕانـد و زاڵبـوو بەسـەر گرفتەکانـدا، کـابینەی نـۆیەمیش بە سـەرۆکایەتی هەڤـاڵ مەسرور بـارزانی، کە کـابینەی چاکسـازییە، تـوانی یاسـای چاکسـازی تێپەڕێنێـت و ڕووبەڕووبێـتەوە لەگەڵ کۆمەڵێـک قەیرانـی هەمەجـۆر، کە سەرکەوتووانە تێپەڕانـد، لەوانە: گرفتـە داراییەکـان، مـووچەی مووچەخـۆران، پەتای کۆرۆنا و دەرهاوێشـتەکانی، هەروەهـا گرفتەکـانی هەرێـم و بەغـدا و بەردەوامبـوون لەسـەر دۆزینـەوەی ڕێگەچـارەی گونجـاو، سـەرەڕای هەمـوو جۆرە فشارەکان، تـوانی بەبـێ ئەوەی پەنـا بباتـە بەر قەرزی زیـاتر، قەیرانـی دارایی تێپەڕێنێت.

ڕوانگـە و سـتراتیژییەتی پـارتیمان بـۆ حکـومڕانی، بـریتیە لە پاراسـتنی قەوارەی هەرێمی کوردسـتان و بەرقەرارکردنـی ئاسـایش و کۆمەڵێـک پرسـی تـری چارەنووسسـازە وەک: عەدالەت، دابینکردنـی مووچـە، خزمەتگـوزاریی هاووڵاتیـان لە سـەرجەم سـێکتەرەکانی ژیـان، بەهێزکردنـی پەیوەنـدییەکان،

چاکسازی، ژینگەپارێزی، مافەکان، پێشکەوتن و .....هتد. هەروەها پشتیوانی لە هەوڵە بەردەوامەکانی جەنابی سەرۆک بارزانی لە بواری چاکسازیدا و پشتگیریکردن لە شێوازی لامەرکەزی و شۆڕکردنەوەی دەسەڵات و بەهێزکردنی ژێرخانی ئابووری و بەدامەزراوەییکردنی هێزەکانی پێشمەرگە و هێزەکانی ناوخۆ.

پاراستنی حکومەتی هەرێم و دەستکەوتەکانی ئەرکی هەرە لە پێشینەی پارتیمانە و لەو پێناوەدا درێخی ناکەین و پێوستیمان بە سەرجەم تواناکانی گەلی کوردستانە.

## پەرلەمانی کوردستان و ڕوانگەی پارتیمان

سەبارەت بە پەرلەمانی کوردستان دەبێت ئاماژە بە ڕۆژێکی گرنگ و مێژوویی بکەین، کە یەکەمجار لەلایەن جەنابی (سەرۆک بارزانی)یەوە لە ڕۆژی ٢٣ی ئاداری ١٩٩١دا، لە گردبوونەوەیەکی فراوانی جەماوەریدا لە شاری کۆیە بەڵێنی بە گەلی کوردستان دا، لە پێناو گواستنەوەی شەرعیەتی شۆڕشگێڕی بۆ شەرعیەتی یاسایی دەبێت گەل هەڵبژاردن بۆ دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستان بکات، ئەوەبوو لە ١٩٩٢/٥/١٩ دا ئەم هەنگاوە مێژووییە مەزنە نرا.

لە ماوەی نێوان کۆنگرەی ١٣ و ئەم کۆنگرەیەدا، لە سەر ئاستی پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان، لە بوارەکانی مافی مرۆڤ، لە پرسی شەفافیەت و چاکسازی، لە بواری خزمەتکردنی بنەماڵەی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی لە بواری خزمەتگوزاری و باشترکردنی ئابووری هەرێم و ژیان و گوزەرانی خەڵک، پەرلەمانی کوردستان ژمارەیەک یاسای دەرکردووە، کە

پارتیمان و پەرلەمانتارەکانی پارتیمان ڕۆڵی سەرەکییان تیایدا بینیوە.

داتا و ئامار و ژمارەکان لە بارەی کارایی پەرلەمانی کوردستان لە هەردوو بـواری یاسـادانان و چـاودێریکردن لە مـاوەی خولەکـانی سـێیەم و چـوارەم و پێنجەمـدا، زیـاتر ڕەنگـدانەوەی کـاریگەریی و هەنگاوەکـانی دامەزراوەی پەرلەمانی کوردستانە.

بۆ نموونە لە ماوەی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستاندا کۆی گشـتی ٧٨ یاسا و ٧٣ بڕیار دەرچوێنراون. لە کاتێکدا لە خولی چوارەمدا تێکڕا ٣٣ یاسـا و ٥٨ بڕیار دەرکراون. لە خولی پێنجەمیشدا تا ٢٠٢٢/١٠/١ بەگشتی ٤١ یاسـا و ٤١ بڕیار دەرکراون.

لە بواری چاودێریکردن و بە دواداچوونیشدا، لە میانەی خـولی پێنجەمـی پەرلەمـانی کوردسـتاندا، زۆرتـرین وەزیرەکـانی کـابینەی نـوێیەم ئامـادەی دانیشتنەکانی پەرلەمان بوون کە (١١٠) جار بووە. لە کاتێکدا ٢١٠ جار وەزیر و بەرپرسانی حکومەت لە کۆبوونەوەی لێژنەکانی پەرلەماندا ئامـادەبوون. بە گشتی کۆی (٤٨٩٣) پرسیاری نووسرا و زارەکـی ئاراسـتەی حکـومەت کـراون، لەو ژمـارەیەش(٤٤٢٩) پرسـیاریان وەڵام دراونەتەوە، بەهەمـان شـێوەش لێژنەکـانی پەرلەمـانی کوردسـتانیش بە گشـتی (٧٢٢) سـەردان و بە دواداچوونیان بۆ پرسە جیاوازەکان ئەنجامداوە.

سەرباری ئەوانەی پێشـتر ئاماژەیـان پێکـرا، کۆمەڵێـك ئاسـتەنگ و گرفتـی بابەتی و خودی هەبوون، کە کاریگەرییان لە سەر ڕۆڵ و پێگەی پەرلەمان بە گشـتی و بەجێگەیانـدن و بەرجەسـتەکردنی دیـدی پـارتیمان بـۆ پەرلەمـان و پێگەکەی هەبووە، لەوانە:

١- نەبوونی دەستووری کوردستان.

٢- هەوڵدان بۆ تێکشاندنی سازان لە پرسە نیشتیمانییەکاندا.

٣- ڕەنگ نەدانەوەی هاوپەیمانێتیەکانی پێکهێنانی حکومەت لە ناو پەرلەماندا.

٤- تەشەنەکردنی ڕەوتی پۆپۆلیزم.

٥- یاسای هەڵبژاردن.

٦- پەتای کۆرۆنا و ناکۆکییە سیاسییەکان.

**ڕوانگەی پارتیمان بۆ داهاتوو:**

دارشتنی ستراتیژییەتێك بۆ ئامادەکردن و پێگەیاندنی لێهاتووترین کادیری حزبی بۆ پەرلەمانی کوردستان، بەمەبەستی بەرزکردنەوەی کوالێتی و ئەزموونی پەرلەمانتارانی پارتی لە پەرلەمانی کوردستاندا.

دیاریکردنی ژمارەیەکی زیاتری سەرکردایەتی پارتیمان لە پەرلەمانی کوردستاندا، بە مەبەستی زیاتر ڕۆل بینین و کاریگەریی زیاتر لە سەر میکانیزمی کارکردن و بڕیاردان لە نێو فراکسیۆن و لەگەڵ فراکسیۆنەکانی دیکەدا بەمەبەستی دروستکردنی پردی پەیوەندی لەگەڵ فراکسیۆنەکانی دیکەدا پێویستە پێداچوونەوە بە شێوازی مامەڵەکردن و پەیوەندییەکانمان بکەین، چونکە سەرەڕای هەبوونی زۆرینەی پەرلەمانی و پاڵپشتی هەندێ فراکسیۆنی دیکەش وەکو پێویست لەو بوارەدا کاریگەر نەبووین.

## ڕۆڵی ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان

ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، لە ساڵی ٢٠١١ و بە پێی یاسای ژمارە (٤)ی پەرلەمانی کوردستان دامەزراوە.

دوای دەستبەکاربوونی بەڕێز مەسرور بارزانی وەک یەکەم ڕاوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، لە مانگی ئابی ٢٠١٢ بەخێرایی دەستکرا بە ڕێکخستنەوەی دەزگاکانی سەر بە ئەنجومەنی ئاسایش، بە شێوەیەک کە پیشەییانەتر کاربکەن بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و پلان و بەرنامەی سەرکەوتوو لە بەرپەرچدانەوەی هەڕەشە و مەترسییەکان.

ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم بە هەموو پێکهاتەکانیەوە لە (ئاژانسی پاراستن، دەزگای ئاسایش، دژەتیرۆری کوردستان و هەواڵگریی سەربازی) توانی لە ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشە جۆراوجۆرەکاندا ڕۆڵێکی کارا بگێڕی کە بۆتە مایەی دڵنیایی هاووڵاتیان.

ئەنجومەن لە ڕووداو و پێشهات و گۆڕانکارییەکاندا ڕۆڵێکی گەورەیان گێڕاوە بە نموونە؛ لە ساڵی ٢٠١٤ دامەزراندنی (ژووری ئۆپراسیون و هەماهەنگی) لەگەڵ هاوپەیمانان بۆ تێکشکاندنی داعش و پاراستنی کوردستان، هەروەها لە کۆڕ و کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکان ئامادەییەکی کارای هەبووە و زۆرترین پەیوەندی لەگەڵ دەزگا هاوشێوەکانی دۆستانمان دروستکردووە. لە پرۆسەی ڕیفراندۆمدا ڕۆڵێکی کارا و گرنگی گێڕاوە، هەروەها لە ڕووبەڕووبوونەوەی حەشدو هاوپەیمانەکانیان، ڕۆڵی قارەمانانەیان گێڕاوە بە تایبەتی هێزەکانی دژەتیرۆر. هاوکات لە ڕووبەڕووبوونەوەی گرووپەکانی مادەی هۆشبەر و لە بەرەنگاربوونەوەی

گەندەڵی و چەسپاندنی دادپەروەریدا ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبووە. ئەنجا لە بەرەنگاریی تەزویر و گرووپەکانی سیخوڕی و ئاسایشی وزە و خۆراک و شوێنەوارەکان و بەقاچاخبردنی مرۆڤ ڕۆڵێکی دیاریان گێڕاوە، هەموو ئەمانە بەیەکەوە ژینگەیەکی ئارامی بۆ وەبەرهێنانی ناوخۆیی و بیانی، بازاڕ، گەشتیاران، ئاوارە و پەنابەران، هاووڵاتیان بەگشتی ڕەخساندووە.

**هەڤاڵانی بەڕێز**

لێرەدا گرنگە ئاماژەیەك بە ڕۆڵی ڕەوەندی کوردستانی بدەین و بەرزی دەنرخێنین کە وەک چۆن لە سەردەمی شۆڕشدا دەنگی زوڵاڵی شۆڕش بوون، لە ماوەی ئەو چەند ساڵەشدا بە هەمان گوڕوتین دەنگی پاراستنی ئەزموونی دیموکراسییانەی هەرێمی کوردستان بوون و لەسەرجەم پێشهات و ڕووداو و گۆڕانکارییەکاندا هەڵوێستی نیشتیمانییانە و کوردستانییانەی خۆیان نواندووە و گوزارشتیان لە دەنگ و ئیرادەی گەلی کوردستان کردووە بە تایبەتی لە سەروبەندی کەرنەڤاڵەکانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان و لە ڕۆژی مێژوویی ڕیفراندۆمیشدا ٢٠١٧/٩/٢٥ توانیان نەخشێکی پڕ لە شانازیی بخەنە نێو لاپەڕەکانی مێژووەوە، جێی خۆیەتی لێرەوە بە پێزانینەوە سڵاویان بۆ بنێرین.

**هەڤاڵانی خۆشەویست**

**ئەندامانی هێژای کۆنگرەی ١٤**

**لە کۆتاییدا**

لە کۆنگرەی ١٣دا، بە دروشمی (**نوێبوونەوە، دادپەروەری، پێکەوەژیان**) زۆر قۆناغی قورس و گرفتی گەورە و سەرکەوتنی مەزنمان بینی و بڕی، لەم

کۆنگرەیەشدا بە دروشمی (**ئازادی، دیموکراسی، دادپەروەری**) پێ دەنێینە نێو قۆناغێکی نوێ، قۆناغێکی پڕ لە ئەرک و تەحەدیات، قۆناغێک کە پێویستە کاری جیددی بکەین لە پێناو سەرکەوتنی پارتیمان بە تێگەیشتن لە دروشمی کۆنگرەکەمان، واتا بە ئازادی بەرەو دیموکراسی بڕۆین و کار بکەین لە پێناو دادپەروەریدا.

کورد و کوردستانیان، لە نێوخۆ، لە پارچەکانی تر، لە هەموو جیهان، چاوی ئومێدیان بڕیوەتە پارتیمان، دەبێ هەموومان سەرجەم هەوڵەکانمان بخەینەگەڕ لە پێناو ژیانێکی باشتردا، دەبێ هەڵە و کەموکوڕییەکانمان چارەسەر بکەین و لە ڕووناکی سەرکەوتنەکانیش هێز و شیان وەربگرین.

**بژی کورد و کوردستان.**

**بژی پارتیمان، پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی سەرۆک مەسعود بارزانی.**

**درود بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان لە سەروویانەوە بارزانیی نەمر و کاک ئیدریسی جوانەمەرگ.**

**ئەنجومەنی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان**

**٢٠٢٢/١١/٣**

- **بڕیارەکانی کۆنگرەی چواردە:**

## گۆڕانکارییەکانی نێو کۆنگرەی پارتی

بـۆ یەکەمجـار لە دوای کـۆنگرەی یەکەم، دوو جێگـر بـۆ سـەرۆکی پـارتی دیموکراتی کوردستان دانران؛ نێچیرڤان بارزانی و مەسرور بـارزانی. هەروەهـا پـــارتی دیمـــوکراتی کوردســـتان لە کـــۆنگرەی ئەمجـــارەدا ئەنجـــوومەنی سەرکردایەتی کردەوە بە کۆمیتەی ناوەندی.

لەم کۆنگرەیەدا ئۆرگـانێکی دیـکە بـۆ پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان بە نـاوی ئەنجوومەنی تێکۆشەران زیاد کـرا؛ ئەو ئەنجـوومەنە پێکـدێت لەو کەسـانەی "سەرکردە و تێکۆشەری دیاری پارتین کە بەتەمەندا چـوون و ڕەنـگە نەتـوانن وەک پێویست لە ئۆرگانەکانی دیکەدا کارەکانیان ڕاپەڕێـنن"، بـۆیە لەنێـو ئەو ئەنجوومەنەدا کاردەکەن و ڕاوێژیان پێ دەکرێت.

گۆڕانکارییەکی دیکەی کۆنگرەی ١٤ـی پـارتی، نەهێشـتنی پۆسـتی سـکرتێری مەکتەبی سیاسی و دروستکردنی دەستەی کارگێڕییە، کە لە جیـاتی سـکرتێری مەکتەبی سیاسی کەسـێک دەکـرێتە بەرپرسـی دەسـتەی کـارگێڕی مەکتەبـی سیاسی.

کەمکـردنەوەی کـارگێڕی لـق و ناوچەکـانی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان لە کـۆنگرەکە یەکێکـی دیـکە بـوو لەو گۆڕانکارییـانەی دەنگـی لەسـەردرا، بەشێوەیەک ژمارەی کارگێڕانی لق بۆ شەش کارگێڕ و کـارگێڕانی نـاوچەش بـۆ چوار کارگێڕ کەمکرایەوە.

ئازادی دیموکراسی دادپەروەی بە دروشمی پارتی دانرا.

له پەیڕەوی ناوەخۆدا ناوی ئەنجومەنی سەرکرایەتی گۆردرا بۆ کۆمیتەی ناوەندی کە لە ٥٢ ئەندامی سەرەکی و ٩ ئەندامی یەدەگ پێک دێت.

ناوی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگا بوو بە مەکتەبی ڕێکخستنی پارێزگا.

بڕیار لە دامەزراندنی ئەنجومەنی باڵای تێکۆشەران درا کە سەر بە سەرۆکی پارتی دەبێت.

هاوکات سکرتاریەتێک بۆ بارەگای بارزانی دامەزرا.

دەستەی چاودێری و بەدواداچوون سەر بە سەرۆکی پارتی دەبێت.

دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی پارتی لە بەرپرس و چوار کارگێڕ پێکدێت.

کۆنگرەی پارتی پێنج ساڵ جارێک دەکرێت، کۆنفرانسی خۆجێیی لق و ناوچەکان دوو ساڵ.

بەرزکردنەوەی ڕێژەی بەشداریی ئافرەت لە کۆمیتەی ناوەندی بە جۆرێک لە ڕێژەی سەدا پازدە کەمتر نەبێت و بۆ یەکەمجار لە مێژووی پارتیدا ئافرەتێک (خاتوو ئامینە زکری) بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردرا.

بڕیار درا مەکتەبی سیاسی لە ١٥- ١٧ ئەندام پێک بێت.

دەستەی کارگێڕی لق لە ٦ ئەندام پێکدێت بە ڕەچاوکردنی بوونی کادیری ئافرەت.

- **وتاری سەرۆک مەسعود مستەفا بارزانی، دوای ئەوەی بە کۆی دەنگی ئەندامانی کۆنگرە بە سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان متمانەی پێدرایەوە.**

**بەناوی خوای گەورە و میهرەبان**

**خوشک و برایان، هەڤاڵانی بەڕێز**

بڕ بە دڵ سوپاستان دەکەم بۆ ئەم متمانەیە و شەرەفێکی گەورەیە کە من لە خزمەتی ئێوە دابم، بەڵام من حەز دەکەم لە دڵەوە پێتان بڵێم، بەخوا من هەر چیەک بم، لای من گەورەترین و پیرۆزترین ناو و ئەرک پێشمەرگایەتیە و من پێشمەرگەم.

من لەو کەسانە نیم کە تا دەمرێت حەز بکات سەرۆک یان بەرپرس بێت. حەزم دەکرد ژینگە و دۆخێکی وەها لە هەرێمی کوردستان و ناوچەکە دروست بووبا، لەم کۆنگرەیەدا داوای مۆڵەتم لە ئێوە کردبا، چونکە هەموو دەستپێکێک کۆتاییەکی هەیە، هەموو مرۆڤێک حەز دەکەی چەند گەورە بێت و لە چ پلە و پایەکدا بێت لە ئەنجامدا ڕۆژێک دێت و هەر بەجێتان دەهێڵێت. منیش مرۆڤێکم وەک هەر یەک لەو مرۆڤانە، بمانەوێ و نەمانەوێ، بتانەوێ یا نەتانەوێ، ڕۆژێک کە خودا ئیرادەی تەواو بوو، من جێتان دەهێڵم. بۆیە ئەوە بە ئاسایی وەربگرن، بەڵام پشت بە خودا لە کۆنگرەی داهاتوو ئەگەر زووتریش بیکەین من بتوانم ئەو ئەمانەتە ڕادەست بکەم، چونکە حەز ناکەم مردن من لە ئێوە جیا بکاتەوە، دەمەوێ پێش بەئێوە بڵێم ماڵئاوا، بەڵام ئێستا بۆئەوەی بەردەوام بێ، پارتیش بەردەوام

بێت، لەبەرئەوەی واتان پێ خۆشە من سوپاستان دەکەم و لە خزمەتی ئێوەدا دەبم.

هەڤاڵان، هەر مرۆڤێک لە جیهاندا هەندێک تایبەتمەندی خۆی هەیە، ئێمەش هەندێک تایبەتمەندی خۆمان هەیە، جەنابی بارزانی پێش ئەوەی وەفات بکات، لای من و کاک ئیدریس وەسیەتی کرد و گوتی، دەبێ ئێوە یەک گیان بن لە دوو جەستەدا. سوپاس بۆ خودا ئێمە وەسیەتەکەی ئەومان بە جێگەیاند، نەک وەک بڵێی یەک گیان لە دوو جەستەدا، هەموو وەختێک من ئامادە بووم خۆم لە جێی کاک ئیدریس دابنێم و لە جیاتی ئەو بم. بەخوا قەدەر بە دەست مرۆڤ نییە و بە دەست خودایە، ئەگینا ئەگەر هەڵبژاردن بە دەست من با، من خۆم لە جێگەی کاک ئیدریس دادەنا بۆ ئەوەی من بڕۆم و کاک ئیدریس بمێنێ، بەڵام بە دەستم نەبوو. ئێستاش هەر وەکوو لە وتارەکەمدا باسم کرد پیرۆزبایی لە ئێوە و هەموو لایەنگران و هەموو دڵسۆزانی گەلەکەمان دەکەم کە کۆنگرەکەمان کۆنگرەیەکی جۆرایەتی دەبێت و لە هەمان کاتیشدا سەرەخۆشی لەوانە دەکەم کە خۆیان ئامادە کردبوو فاتیحە بۆ پارتی بخوێنن.

بۆ ئەوەی دۆخەکە ڕێکوپێکتر بێت و بتوانین ئیشوکارەکان بەڕێوەببەین، منیش پێشنیاز بۆ ئێوە دەکەم کە نێچیرڤان کوڕی کاک ئیدریس وەکو جێگری سەرۆکی پارتی پەسند بکەن و سوپاستان دەکەم.

هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم و پشت بە خودا کۆنگرەیەکی جۆرایەتی دەبێت و پشت بەخوای گەورە جۆرایەتیش دەبێت. سوپاستان دەکەم و هەر سەرکەوتوو بن.

- **وتاری نێچیرڤان بارزانی دوای ئەوەی لەلایەن جەنابی سەرۆک بارزانی پێشنیار لە ئەندامانی کۆنگرە کرا وەک جێگری سەرۆکی پارتی پەسندی بکەن.**

**جەنابی سەرۆك مەسعود بارزانی،**

**هەڤاڵانی بەڕێز،**

**ئەندامان و جەماوەری پارتی دیموکراتی کوردستان..**

**ئەم کاتەتان باش..**

لەم ڕۆژەدا هیوای سەرکەوتن بۆ جەنابی سەرۆك، بۆ هەمووتان و بۆ کۆنگرەی پارتیمان دەخوازم. سەرکەوتنی کۆنگرەی ١٤ی پارتی، دەبێتە سەرکەوتنی هەموو پارتییەک و مایەی بەهێزبوونی هەموو گەلی کوردستانە.

دەمەوێت لێرەدا زۆر سوپاسی جەنابی سەرۆک مەسعوود بارزانی بکەم بۆ متمانەدانەوەی بە من وەک جێگری سەرۆکی پارتی. متمانە و ڕەزامەندیی جەنابیان گەورەترین و گرنگترین هێزە بۆ من لە هەموو ڕوویەکەوە. جەنابی سەرۆك، بەڵێنی ئێمە هەمیشە ئەوە بووە کە دڵسۆزی بیر و باوەڕ و ئامانجەکانی ئێوە بین. هەموو کار و ئامانجەکانی ئێوەش تێکۆشان بووە لەپێناو ئاشتی و ئازادی و پێشکەوتنی کوردستاندا.

جەنابی سەرۆك، ڕەمزی خەبات و بەرخودانی گەلی کوردستانە. کاتێك سەرۆک بارزانی ڕابەرایەتی دەکات، هەموو گەلی کوردستان خۆی بەهێز دەبینێت. دڵنیایە لەوەی بەرگری لە مافە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی دەکات.

گەلـی کوردسـتان زۆر دەسـتکەوتی مێژوویـی بەدەسـتهێناوە. سـەرۆک بـارزانی ڕۆڵـی هەرە سـەرەکی هەبـووە لە بەدەسـتهێنانی هەمـوو ئەو دەستکەوتانە بۆ گـەلی کوردسـتان. هەمیشـە بەرگـری کـردووە بـۆ پاراسـتنی هەمـوو ئەو دەسـتکەوتانە. لە کـاتی فەرمانـدەییکردنی شـەڕی داعشـدا، لـە جیاتی هەموو جیهان بەرگری لە بەهاکانی ئازادی و پێکەوەژیان و لێبـوردەیی کرد.

دەبـێ هەموومـان هاوکـار و یارمەتیـدەری جەنـابی سـەرۆک بـین بـۆ یەکڕیزیی ناوخۆیی هەموو حزب و لایەنەکانی کوردستاندا، چـونکە ئامـانجی جەنابیان هەمیشە ئەوەیە گەلی کوردستان بە ئاشتی و ئـازادی بژیـت، تەنیـا ئەوەشە کوردستان پێشدەخات.

یەکگرتوویی ناوخۆیی پارتی، سەرچاوەی هێزی سەرەکییە بـۆ ئەنـدامان و جەمـاوەری پـارتیمان کە هەمیشـە بـاوەڕێکی مەزنیـان بە سـەرکەوتنی بەردەوامی پارتی هەیە. لەبەر ئەوەش دەبینن پارتی بەردەوام سەردەکەوێت. بە هەر نرخێک بێت، دەبێ ئەو یەکگرتووییە بپارێزین.

لە کۆنگرەی ڕابردوودا گوتم: پارتی دەبێت ببێتە حزبی خـاوەن زۆرینـەی کوردستان، بە هیمەتی هەموو لایەك توانیمان و کردمـان. ئێسـتاش بـەردەوام دەبین تاکو بە کاری زیاتر و فراوانکردنی خزمەتگوزارییەکـان، بـە باشـترکردنی گوزەران و ژیانی خەڵکـی کوردسـتان و بەهێزکردنـی یەکگرتـوویی هەرێمـی کوردستان، ببینە حزبی خاوەن زۆرینەی تەواو لە کوردستان .

جێگەی دڵخۆشییەکی گەورەیە کە بەشداریی ئافرەتـان لە کـۆنگرەی ١٤ی پارتیمانـدا فـروان بـووە، بەڵام دەبـێ ئەو فراونبـوونە لە کـاری پارتیـدا

ڕەنگبـداتەوە. دەبـێ پـارتی زیـاتر ڕێـگە بـۆ بەشـداریی ئافرەتـان لە کـاری حکوومەتدا بکاتەوە. ئافرەتانی کوردستان زیرەک و لێهاتوون، ئافرەتانی پارتی لەو بوارانەدا کە کار و بەرپرسیاریەتییان گرتووەتـە ئەسـتۆ، ئـەرکی خۆیـان بە باشی بەجێگەیاندووە.

دەبێ دەنگ و ڕۆڵی ئافرەتان لەناو پارتیدا زۆر زیاتر بکەین. گۆڕانکاری و چاکسازی یاسایی زۆرمان کرد بـۆ دابینکردنـی مـافی ئافرەتـان، دەبـێ هێشـتا زیـاتریش بکەیـن. دەبـێ ڕۆڵـی ئافرەتـان لە کـۆمەڵگەی کوردسـتاندا کـاراتر بکەین. ئازادیخوازان بەر لە هەمووان، دەبـێ ئافرەتـان ئـازاد بـکەن. ئـازادیی ژنـان لە کوردسـتان، وڵاتەکەمـان و کـۆمەڵگەی کوردسـتان زۆر بەهێزتـر و بەرهەمهێنەرتر دەکات.

هەڤاڵانی هێژا..

لە کاتی ئامادەکارییەکانی کـۆنگرەدا، گـوڕوتینێکی زۆرم لەنـاو ئەنـدامانی پارتی بـەدی دەکـرد. زۆر گـرنگە بـۆ هەمـوو ئۆرگانەکـانی پـارتی درێـژە بەو گەرموگوڕییە بدەن. هەروەها دەبـێ بە هەمووومـان ڕێـگە خـۆش بکەیـن بـۆ دەستپێشخەریی گەنجانی پارتی. نەوەی تازە لەناو پارتیدا خـاوەنی بیـرۆکە و داهێنـانی تـازەن، ئەم هـزرە تـازەیە بە تێکەڵبـوون لەگەڵ شـارەزاییی خەباتگێڕانی پارتیدا، دەتوانێت پارتی زۆر بەهێزتر بکات.

لەبەرئەوەش ئـێمە لە هەمـوو ئۆرگانەکـانی پارتیـدا دەبـێ ڕێـگە بـۆ دەستپێشخەرییەکانی لاوانی پارتی خـۆش بکەیـن . لێـرەوە بە هەمـوو کـچ و کوڕانی پارتی دەڵێین، مەوەستن و بەردەوام کاری نوێ و داهێنانی نوێ بکەن و پـارتی لە هەمـوو ئاسـتەکاندا یارمەتیـدەری ئێـوە دەبێـت. لاوانـی پـارتی

هێزێکی تازەو داهێنەری پارتین و زۆر هیوابەخشن.

بارزانیی نەمر، مێژوویەکی ئەفسانەیی خوڵقاند، چونکە باوەڕێکی زۆری بە هێزی لاوانی کوردستان هەبوو. بارزانیی نەمر بزووتنەوەکەی بە هێزی لاوانی بارزانی دەست پێ کرد، دوای ئەوەش شۆڕشی سەرتاسەریی کوردستانی بەهێزی لاوانی هەموو کوردستان هەڵگیرساند و درێژەی پێدا.

باوەڕی بارزانیی نەمر و مێژووی خەباتەکەی، هێزێکی گەورە و بەردەوامە بۆ هەموومان. بارزانی باوەڕێکی بەهێزی بە پشتیوانیی خوای گەورە بۆ ستەملێکراوان هەبوو، هەروەها باوەڕی بە هێز و توانای گەلی کوردستان هەبوو.

بارزانی ئەو باوەڕ و توانایەی کردە بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی گەورە کە هەموو گەلی کوردستانی خستە جووڵەوە. بەهۆی خەباتی بارزانیی نەمر و پارتییەوە، بۆ یەکەم جار لە مێژووی هاوچەرخی گەلی کوردستاندا دەوڵەتی عێراق لە دەستووری دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨دا، کورد و عەرەبی کردە هاوبەش لە عێراقدا، هەروەها ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ بووە گەورەترین بەڵگەنامە کە دەوڵەتی عێراق بە شێوەیەکی فەرمی دان بە مافەکانی گەلی کوردستاندا بنێت.

ئێمە لە هەموو سەرکەوتنەکانماندا دەبێ خەبات و قوربانیدانی بارزانیی نەمرمان لەبیر بێت. لێرەوە سڵاو دەنێرین بۆ گیانی پاکی بارزانیی نەمر و کاک ئیدریس و هەموو شەهیدانی پارتی و کوردستان.

بێگومانم هەمووان لەم کۆنگرەیەدا، چاومان لە شوێنی ئەو قارەمان و تێکۆشەرە دێرینانەی نەوەی زێڕینی پارتییە کە لە کۆنگرەکانی ڕابردوودا

لەگەڵمان بوون و ئێستا لە ژیاندا نەماون. سڵاو لە گیانی پاکی هەموویان.

هەڤاڵانی خۆشەویست..

پارتی دیموکراتی کوردستان هێزێکی سەرەکیی کوردستانی عێراقە و یەکێکە لە کاریگەرترین و گەورەترین هێزە سیاسی و جەماوەرییەکانی عێراق، هەروەها جێگەی ئومێدی هەموو گەلی کوردستانە. لەبەر ئەوەش سەرکەوتنی کۆنگرەی ١٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان، سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ هەموو کوردستان و عێراق.

هەر لێرەوە جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە پارتی دیموکراتی کوردستان دوای ئەم کۆنگرەیە بە گوڕوتینێکی تازەوە بەرەو چارەسەریی کێشەکان هەنگاو دەنێت. پارتی هەوڵێکی تەواو دەدات بۆ بەهێزکردنەوەی دامەزراوەکان لە هەرێمی کوردستان و دەستپێکردنی گفتوگۆیەکی کراوە لەسەر باشکردنی بەڕێوەبردن و دۆخی سیاسی لە هەرێمی کوردستان.

لەگەڵ حزبەکانی کوردستان گفتوگۆیەکی ڕاشکاوانە دەست پێ دەکەین، بەتایبەتیش دەبێت ئەو گفتوگۆیە لەگەڵ هاوبەشەکانمان، یەکێتی و لایەنەکانی دیکە بکەین و کێشەکانی نێوان هەردوولا دەبێت چارەسەر بکرێت. چارەسەرکردنی ئەم کێشەکانە، زۆر پێویستە بۆ بەهێزیی هەرێمی کوردستان.

زۆر پێویستە پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ هەموو حزبەکانی کوردستاندا کراوە بێت. حزبەکان لە زۆر قۆناغدا دڵنیا بوون لە پارتی. دەبێ ئەو دڵنیاییە بەردەوام نوێ بکەینەوە. فراکسیۆنەکانی پارتی لە ئەنجومەنی پارێزگاکان، لە پەرلەمانی کوردستان و عێراق، دەبێ زۆر بە کراوەیی

هەڵسوکەوت و کار لەگەڵ فراکسیۆنەکانی دیکەدا بکەن.

کێشەی گەلی کوردستان کێشەیەکی گەورەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. پارتی وەک هەمیشە سوورە لەسەر بنەمای نەگۆڕی خۆی بۆ چارەسەری ئاشتیانەی کێشەکە، بۆ ئەو مەبەستەش هەموو هەوڵێک دەدات. گەلی کوردستان دەتوانێت سوود لە پێشکەوتنەکانی ئەم سەردەمە وەربگرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەی بە شێوەیەکی ئاشتیانە و دوور لە توندوتیژی، ئەوەش باشترین و گونجاوترین ڕێگەیە.

بەڕێزان..

پارتی هەر لە ڕۆژی دامەزراندنییەوە، هێزێکی گەورەی بزووتنەوەی سیاسی و دیموکراسیی عێراق بووە. بەهێزیی پارتی لە بەرژەوەندیی هەموو خەڵکی عێراقدا بووە. ئێستاش دوای تەواوبوونی کارەکانی کۆنگرە، بە هێزێکی تازەوە لەگەڵ هەموو لایەنەکانی عێراق بەشدار دەبین کە کار بۆ بەرژەوەندیی هەموو عێراقییەکان بکەین و جیاکاری لەنێوان نەتەوە و پێکهاتەکانی عێراقدا نەکەین.

داوا لە حکوومەتی تازەی عێراق دەکەین، هەلی کار و خزمەتگوزاری لە ناوچەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق زۆرتر و باشتر بکەن و یارمەتیی کەرتی تایبەت بدەن. ناوچە وێرانکراوەکانی سوننە ئاوەدان بکەنەوە، دۆخی کەرکووک و شنگال و خانەقین و مەخموور ئاسایی بکەنەوە، مادەی ١٤٠ی دەستوور وەک خۆی جێبەجێ بکەن و ڕێگە لە پێشێلکردنی ماف و دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان بگرن.

ئەگەر بمانەوێت دۆخی عێراق چارەسەر بکەین، نابێ مافی هیچ

پێکهاتەیەکی عێراقی پێشێل بکرێت. نابێ هیچ هێزێکی جەماوەریی عێراقی دوور بخرێتەوە. لەبەرئەوەش حکوومەتی عێراق و هەموو هێزە عێراقییەکان دەبێ باوەشێکی گەورە بۆ دانوستاندنی تازە لەگەڵ ڕەوتی سەدر بکەنەوە، چونکە سەدرییەکان هێزێکی گەورەی سیاسی و جەماوەریی عێراقن. بە کردنی عێراق بە دەوڵەتی هەموو پێکهاتە و هێزەکان، بە جێبەجێکرنی دەستوور و سیستمی فیدراڵی، دەتوانرێت سەقامگیری و سەروەریی عێراق بپارێزرێت، ئەوەش لە بەرژەوەندیی گەلی کوردستان و هەموو پێکهاتەکانیدایە.

هەڤاڵانی خۆشەویست..

ئەندامانی کۆنگرەی چواردەیەمی پارتی...

لێرەوە دەمەوێت کەسێکی خۆشەویست بۆ پۆستێکی تازەی پارتی دیموکراتی کوردستان بەربژێر بکەم، ئەویش کاک مەسرورە بۆ پۆستی جێگری دووەمی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان. کاک مەسرور پەروەردەی جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانییە و کەسێکی زۆر خۆشەویستیش بووە لەلای باوکم کاك ئیدریس.

کەسێکی بەتوانایە. ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتیی پارتی بەر لە هەمووان شایەتن بۆ توانای ئەو بەڕێزە. خزمەتێکی گەورەی سەقامگیری و ئارامیی کوردستانی کردووە، ئێستاش وەك سەرۆک وەزیران، ئەرکێکی زۆر قورسی لەسەر شانە کە دەبێ هەمووومان بەیەکەوە یارمەتی بدەین بۆ سەرکەوتنی لەو ئەرکە قورسە کە لە ئەنجامدا سەرکەوتنی ئەو، سەرکەوتنی پارتی دیموکراتی کوردستانە و دەبێت پشتی بگرین و یارمەتی

بدەین.

پارتی کار و ئەرکی زۆری لەپێشە، بێگومان من و کاک مەسرور دەمانەوێت پێکەوە بە شەرعییەتی ئێوە، هاوکارییەکی زیاتری جەنابی سەرۆک بکەین. داواتان لێ دەکەم پێشنیازەکەم قبووڵ بکەن.

**سەرکەوتن بۆ پارتی، ئەو پارتەی ئاڵای شۆڕشی هەڵکرد.**

**بژی کوردستان.**

**پێکەوە لەژێر ڕێبەرایەتیی سەرۆکی نەتەوەییمان سەرۆك بارزانی بۆ دەستکەوتی گەورەتر لەم وڵاتە.**

**زۆر سوپاس بۆ هەموو لایەکتان و بەخێر بێن..**

- **وتاری مەسرور بارزانی، دوای ئەوەی لەلایەن نێچیرڤان بارزانی پێشنیار کرا بە جێگری سەرۆکی پارتی پەسند بکرێ و ئەندامانی کۆنگرەش پەسندیان کرد.**

**بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان**

**جەنابی سەرۆک، ئەندامانی کۆنگرەی چواردەی پارتی**

**برای بەڕێز و خۆشەویستم کاک نێچیرڤان**

زۆر سوپاسی هەستی هەمووتان دەکەم و سوپاسی برای بەڕێزم کاک نێچیرڤان دەکەم بۆ ئەو پێشنیارە. من خۆم بە قەرزداری هەمووتان دەزانن، هەر وەک جەنابی سەرۆک فەرمووی، ئێمە هەموومان بە هۆی پارتییەوە گەورەین و بەیەکەوە دەتوانین سەربکەوین.

بەڕێزان، بۆ من شەرەف و شانازییە ئەندامی پارتێک بم کە جەنابی بارزانی نەمر دامەزرێنەریەتی و جەنابی سەرۆک بارزانیش سەرۆکی ئەو حزبەیە. سوپاسی متمانەی ئێوەی بەڕێز و خۆشەویست دەکەم، من هەمیشە فەرموودەی جەنابی بارزانی نەمر کە دەفەرموێ، "مرۆڤ دەبێت خزمەتکاری گەلی خۆی بێت"، کردوومەتە سەر مەشقی ژیانی خۆم. ئێمە لە هەر ئەرک و پۆستێک دابین پێویستە خزمەتکاری گەلی خۆمان بین، هەر پۆست و ئەرکێک بە لای منەوە ئەرکە بەرپرسیارەتیە و لە هەر شوێنێک بم پێش هەموو شتێک خۆم بە خزمەتکاری ئێوە و گەلەکەم دەزانم. بەڵێن دەدەم لەگەڵ برای بەڕێزم و شان بە شانی کاک نێچیرڤان بارزانی لە سایەی جەنابی سەرۆک لە خزمەتی ئێوەدا بین و هەموو ئەو پرەنسیپانەی کە پارتی لەسەری

دامەزراوە و خۆمان لە پێناوی بەخت بکەین.

جەنـابی سـەرۆکك بەڵـێن دەدەم هەروەک چـۆن فەرمووتـانە "تەعـدا لە کەس مەکەن و تەعـداش لە کەس قبـوڵ مەکەن" ئـێمە ئەو فەرمـوودەیەی جەنابت بکەینە پیشەی کاری خۆمان و بەردەوام بین لەسەری، ئەوەی پـێمان بکرێت لە خزمەتی ئەم حزبە و لە خزمەتی ئەم گەلە بەردەوام بین و درێغی نەکەین، خوا یارمەتیمان بدات ئێمە بتوانین ئەو ساڵانەی لە پێشمانە زیاتر لە خزمەتی ئێوەی خۆشەویست دابـین، بتـوانین هەم پارتەکەمـان سـەربخەین، هەم ئەزموون و وڵاتەکەشمان بەرەو قۆناغێکی گەشتر و پێشکەوتووتر ببەین. جارێکی دیکە زۆر سوپاستان دەکەم بۆ متمانە بەخشینتان.

## ▪ دەقی وتاری سەرۆک مەسعود بارزانی دوای کۆتایی هاتنی کارەکانی کۆتایی کۆنگرەی چواردە

**بەناوی خودای گەورە و میهرەبان**

**سوپاس بۆ خوای گەورە، بۆ ئەم سەرکەوتنە گەورەیە.**

**سوپاس بۆ ئێوەی بەڕێز و خۆشەویست کە بە دڵسۆزییەوە هەوڵتاندا کۆنگرەکەتان سەرکەوێت و شوکر بۆ خودا سەرکەوت.**

من بە پێویستی دەزانم سوپاسی ئەندامانی کۆمیسیۆن و دادوەرە بەڕێزەکان بکەم کە بەڕاستی زۆر زەحمەتیان کێشا و لەژێر چاودێریی ئەوان پرۆسەی دەنگدان ئەنجامدرا و بۆ ئێمە شانازییەکی گەورەیە کە ئەوان شاهێدی شەفافیەت و دیموکراتیەتی ئەم هەڵبژاردنە دەدەن.

بەداخەوە ئەو شێوەی کە پێشتر دەنگی هەڵبژێردرا بۆئەوەی دەنگی پێبدەین، کە شێوازی ئەلیکترۆنی بوو، سەرکەوتوو نەبوو، خۆم چوومە چوار وێستگە تاوەکو دەنگ بدەم و نیو کاتژێرم پێچوو، دواتر حاکمەکان و کۆمیسیۆن بڕیاریاندا؛ ئەگەر بەردەوام بووبا، ڕەنگە تاوەکو ئەمڕۆش دەنگدان تەواو نەبووبا، لەبەر ئەوە ئەو شێوەیان هەڵبژارد کە دوێنێ دەنگی پێدرا، چونکە زۆر ڕێکوپێکتر و شەفافتر بوو و کەسیش گلەیی ناکات. ئەوەش وانەیەک بوو و بۆ ئێمە باش بوو. هەرچەندە لە سەرەتاوە بۆچوونی من ئەوە بوو کە ئێمە ئەو ئامێرانە بەکارنەهێنین، چونکە هێشتا فێر نەبووین، ئەمە یەک. دووهەمیش ئەگەر هەیە بۆ ئەوە بشێت کە تانەی لێبدرێت. شوکر بۆ خوا کە بەم شێوەیە کۆتاییهات.

هەڤاڵان، ئێستا کاتی هیمەتە، کاتی ئەوەیە دەست بدەنە ناو دەستی یەک و هەمووتان بە بیروباوەڕێکی پۆڵایین هیمەت بکەن و خزمەتی پارتەکەتان بکەن و خزمەتی گەل و نیشتمانەکەتان بکەن. هەموومان سەرکەوتین، هەمووتان سەرکەوتن، کاندیدەکان هەموو سەرکەوتوون، مادام حزبەکەتان سەرکەوت، کۆنگرە سەرکەوت، سەرکەوتنی هەموومانە. هەمووتان خوشک و برای یەکدین و هەمووتان کوڕ و کچی ئێمەن. کەس لەم حزبە زیاد نییە، هیچ کەسێک لە هەر پلە و پۆستێک بێت، هەرکەسە و دەتوانێت خزمەتی حزبەکەی و نیشتمانەکەی بکات. لێرە نا لەوێ، لەم شوێنە نا لە شوێنێکی دیکە. لەبەرئەوە تکاتان لێدەکەم کەس دڵگیر نەبێت و حزب حزبی خۆتانە و ئێوە کوڕی ئەم حزبەن. ئەمڕۆ برایەک یان خوشکێکی تۆ لەم شوێنەیە، سبەی تۆ دێیتە ئەو شوێنە، لەبەرئەوە دەبێت بە گیانێکی برایانە و پاک و بێگەرد، هەموو بگەڕێنەوە بۆ شوێنی خۆتان و بە دڵێکی خۆش و فراوان پشت بە خودا. هەندێک لایەن ژوورێکی ئۆپەراسیۆنی هاوبەشیان دروستکردبوو، نازانم ئێستاش ماوە یاخود نا، بەڵام بە تەمای ئەوە بوون کە پارتی لەت لەت دەبێت و ئیدی وەکو خەرتەلی لاشە دێن و هەریەکە و بۆ خۆی پارچەیەک لە پارتی دەبات، وای بۆ چووبوون. نازانم ئێستا جارێکی دیکە سەرەخۆشییان لێ بکەم، نازانم چییان پێبڵێم.

هەڤاڵان، من دەبینم بۆشایی گەورە هەیە و داواتان لێدەکەم دەسەڵاتی ئەوەم بدەنێ ئەو بۆشاییە چارەسەر بکەم. من دەبینم هیچ برایەک یان خوشکێکی ئێزدی لەناو لیستەکەدا نییە، ئەمە بۆشاییەکی گەورەیە و دەبێت پڕبکرێتەوە، تەنانەت ئەگەر زۆر لەگەڵ پەیڕەویش نەگونجێت، ئەو

دەسەڵاتەم بدەنێ ئێمە ئەو بۆشاییە ڕاست بکەینەوە، چونکە سەربەرزییە بۆ پارتی، سەرکەوتنە بۆ پارتی و سەرکەوتنە بۆ گەلی کوردستان.

دەتوانم بڵێم ئێوە ڕازین و ئەو دەسەڵاتەم دەدەنێ؟ ((تێکڕای ئامادەبووانی هۆڵی کۆنگرە: **بەڵێ**)) یەک دنیا مەمنوونی ئێوەم.

هەڤاڵان، من جارێکی دیکە دەگەڕێمەوە بۆ بابەتێکی زۆر گرنگ، بەبیر خۆم و ئێوەش دەهێنمەوە، جارێکی دیکە وەسیەتی بارزانی بۆ من و کاک ئیدریس. من ئەو ڕۆژە تۆزێک بە دووروودرێژی باسم کرد، بەڵام دەمەوێت ئەوە بڵێم کە من و کاک ئیدریس، ئەو وەکو برا گەورەی من، بە دڵ و گیان ئێمە وەسیەتەکەی بارزانیمان بەجێگەیاند. ئەو ڕۆژەش کە من نێچیرڤانم پێشنیاز کرد و ئەویش مەسروری پێشنیاز کرد، ئەوە پەیامێکی ڕوون و ئاشکرایە کە ئەوانیش وەکو من و ئیدریس دەبن. داوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم و هەمان ئەو وەسیەتەی بارزانی لە من و ئیدریسی کرد، منیش لەوانی دەکەم و بە هەموو شێوەیەک پشتیوانیشیان لێدەکەم و ئومێدیشم زۆرە دەتوانن بەکەڵکی هەم خانەوادەی ئێمە و هەم بە کەڵکی حزبەکە و میللەتەکەش بێن. داوای سەرکەوتنیان بۆ دەکەم.

زۆر مەمنوونی لوتفی ئێوەشم، پەیامی ئێوە لە شێوەی دەنگدانتان تێگەیشتم. وا نییە بڵێین، ئێمە لە خەڵکی دیکە باشتر بین یان زاناتر بین، بەڵام ڕێزگرتنە لە مێژووی بنەماڵەی ئێمە و خەباتی شێخ عەبدولسەلام و شێخ ئەحمەد و مەلامستەفا.

زۆر لە ئامادەبووان و ئەندامانی کۆنگرە ڕاستییەک هەیە، ڕەنگە نەیزانن، لە ساڵی ١٩٠٥ و ١٩٠٦ و ئەو سەردەمە، شێخ عەبدولسەلام ڕۆژهەڵاتناسێکی

بەریتانیی بینیوە بەناوی ڤیگرام، ئەو لە کتێبەکەی خۆیدا گێڕاویەتیەوە و دەڵێت، داوای لە من کرد ئاسانکاریی بۆ بکەم بۆئەوەی سەردانی لەندەن بکات، ئەوکات سەردەمی مەلیک جۆرجی پێنجەم بوو، باپیری شاژن ئیلیزابێس کە پێش ماوەیەک وەفاتی کرد. دەڵێت، لێمپرسی، یا شێخ چ ئیشت هەیە، بۆ دێی بۆ لەندەن؟ گوتی، من دەمەوێت بێم باسی سەربەخۆیی کوردستان لەگەڵ مەلیکی بەریتانیا بکەم، ئەوکات کە دەگوترا ڕۆژ لە ڕۆژهەڵاتی مەملەکەتی بەریتانیا هەڵدێت و لە ڕۆژئاوای ئەو مەملەکەتە ئاوا دەبێت، واتە گۆی زەوی هەمووی لەژێر دەسەڵاتی بەریتانیا بوو. ئەمە ئەو قوتابخانەیە، ئەوانەی ئێستا لێرە دانیشتووین، قوتابیی ئەو قوتابخانەیەین. پرسی ڕێبازی بارزانی ئەوە نییە هەر کەس جامانەیەکی سۆری بەست، ئەوە بارزانییە. بابەتەکە بڕواپێبوون و بیروباوەڕە، بیروباوەڕی ئێوە ڕێبازی بارزانییە.

بابەتی جەمەدانیی سوور ڕەنگە نهێنییەک بێت و زۆر کەس نەیزانێ. سەرەتای سەدەی ڕابردوو کە ئێستاش لە هەندێک شوێنماوە ، بەتایبەت ناوچەی جافایەتی و هەورامان و تەنانەت ئاکرێش ماوە، خەڵک مشکیی دەبەست کە سێ ڕەنگی هەبوو، خەمری و سەوز و ڕەش، ناوچەی بارزانیش وەکو هەموو ناوچەیەکی دیکە ئەو مشکیانەی دەبەست. وەکو ئەو ئەفەندیانەی بەکەیفی خۆی بۆینباخ وابوو و هەرکەس بە حەزی خۆی ڕەنگێکی دەبەست. کاتێک بارزان کەوتە بەر هێرشی فڕۆکەی بەریتانی و پەلاماری سوپای عێراق کە تێکیشکاند، دوای ماوەیەک بەرگری ناچاربوون بچن بۆ تورکیا، ئەوکات جەمەدانی بە ڕەنگی سوور و شین و ڕەش دەرچووبوو، جەنابی شێخ ئەحمەد جەمەدانیی سۆری هەڵبژارد. لە ئەحکامی

عـورفی کە لە نـاوچەکە دەرچـوو، یەک لە یاسـاکان ئەوەبـوو، هەر کەسـێک ببینن جەمەدانیی سۆری بەسەرەوەیە بیکوژن. جارێک مەفرەزەیەکی پـۆلیس لە خوار گونـدی بـارزان تووشـی مێرمنـداڵێکی شـوانکارە دەبـن جەمەدانیـی سـۆری بەسـتووە، بەو جەمەدانـیە خنکانـدیان و شـەهیدیان کـرد. خەڵـکەکە پەلاماری قشڵەیان دا لە بلێ، لێیاندان و زۆریان لێ بریندار کـردن، دواتـر ١٢ کەسـیان لە نـاوچەی بـارزان هەڵبـژارد و هەر ١٢ کەسـەکەیان ڕەمـی کـرد بـۆئەوەی خەڵـکەکە بترسـێنن، ئیـدی لەو ڕۆژەوە لە نـاوچەی بـارزان و زۆر شـوێنی دیـکەی کوردسـتان، جەمەدانیـی سـوور بـووە ڕەمـزی بەرخـودان و تەسـلیمنەبوون و خـۆ نەچەمانـدن. ئەوکـات یەکێـک لە نـاوچەی بـارزان جەمەدانیی سۆری نەبەسـتبا، پێیـان دەگـوت، تـۆ جـاش پۆلیسـی. مـن تکـای برایانەتـان لێـدەکەم، حـوکم لەسـەر ڕێبـازی گەورە و پیـرۆزی بـارزان، لە سۆنگەی ڕەفتاری ئێمەومانان، ئەم نەوەیەی ئێستەی بنەماڵەی ئـێمە مەدەن. کـاری سـەرەکی و ئەرکـی قـورس لەمەودوا دەسـتپێدەکات، دەبێـت زۆر بە جیددی خەریکی ڕێکخستنەوەی دامودەزگاکانی حزب بـین و پشـت بە خـوا ئەمەش دەکەین. دەبێـت زۆر بە جیـددی چـاودێریی کارەکـانی ئـێمە لەگەڵ بەغـدا و ئەو ڕێککەوتـنەی لەگەڵ لایەنەکـانی دیـکە واژوو کـراوە بکەیـن و جێبەجـێ بکرێـت، ئەمەش ئیشـێکی زۆری دەوێـت، پشـت بە خـوا خەریـک دەبین و لە ئاست متمانەی ئێوەدا دەبـین. بەڕاسـتی ئێـوە هیمەتتـان کـرد و سەری ئێمەتان بەرزکردەوە.

سوپاس بۆ هەموو قارەمانەکان، پێشمەرگەکان، دژەتیرۆر، ئاسایش، پۆلیس و پاسەوانی سنوور کە ئەم مـاوەیە زۆر بە ڕێکـوپێکی ئاسایشـی ناوچەکەیـان پاراست و نەیانهێشت هیچ ناحەز و دووژمنێک بوێریی ئەوە بکـات کـارێکی

وا بکات ئاسایشی ناوچەکە تێکبدات، زۆر سوپاسیان دەکەم و دەستخۆشییان لێدەکەم و بەناوی ئێوەش سوپاسیان دەکەم.

سوپاسی هەموو ئەو خوشک و برایانە دەکەم کە ئەو ماوەیە زەحمەتێکی زۆریان کێشا، چ ئەوانەی خواردنیان دروستدەکرد و چ ئەوانەی خزمەتیان دەکرد، هەموویان ماندوو بوون، زۆر سوپاسیان دەکەین. جارێکی دیکەش سوپاسی دادوەرەکان و کۆمیسیۆنیش دەکەم کە لەم دوو ڕۆژە زەحمەتێکی یەکجار زۆریان کێشا. سوپاس بۆ ئێوەی بەڕێز و خۆشەویستیش کە بەرگەتان گرت و ئەو کارەی پێویست بوو بیکەن، کردتان. سوپاسی جەماوەری شاری دهۆک و هەموو جەماوەری پارێزگای دهۆک دەکەم کە ئەم ماوەیە بەرگەی ئێمەیان گرتووە و میوانداریيان کردین، سوپاسیان دەکەم، ئەگەر بەرتەنگییەک بۆ هەر هاوولاتییەک لە هاتووچۆ هاتبێتە ڕێگە، لە ئێستاوە داوای لێبوردنیان لێدەکەم.

جارێکی دیکە زۆر سوپاس و سەرکەوتوو بن، سەرفراز بن و وەکو هەموو جارێک کۆتایی هەموو گوتار و پەیامێک لەبیر نەکەین و بلێین، هەزاران سلاو بۆ گیانی پاکی شەهیدان و هەر سەرکەوتوو بن.

## ▪ ناوی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی:

لەسەر پێشنیاری سەرۆک مەسعود بارزانی وەک پێویستیەکی قۆناغەکان ١٠ هەڤاڵ لە ئەندامانی پێشووی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی لەگەڵ هەڤاڵ دکتۆر فوئاد حسێن بە دەنگی ڕاستەوخۆی ئەندامانی کۆنگرە بۆ ئەندامێتی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا، دواتر هەر یەک لە سەلاح دەلۆ و کەریم شنگالی بەهۆی بارودۆخی تایبەتی خۆیان لە قبوولکردنی ئەم ئەرکە ببەخشرێن.

**ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی (دەنگدانی ڕاستەوخۆ):**

١- فازڵ میرانی

٢- ئازاد بەرواری

٣- هۆشیار زێباری

٤- عەبدوڵموهەیمەن بارزانی

٥- فوئاد حوسێن

٦- مەحموود محەمەد

٧- عارف تەیفوور

٨- ڕێبوار یەڵدا

٩- کەمال کەرکووکی

١٠- زەعیم عەلی

**ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی (دەنگدانی نهێنی و ناڕاستەوخۆ):**

١- سیداد بارزانی

٢- ڕێبەر ئەحمەد

٣- ئومێد خۆشناو

٤- ئیسماعیل حاچک

٥- عەلی عەونی

٦- ئەشواق جاف

٧- سەربەست لەزگین

٨- ئاراس حەسۆ میرخان

٩- عەلی حوسێن

١٠- ئامینە زکری

١١- دڵشاد شەهاب

١٢- سەگڤان هالۆ

١٣- موحسین کەمال

١٤- سیروان بارزانی

١٥- عەلی تەتەر

١٦- نەجات عەلی

١٧- زاگرۆس فەتاح

١٨- نووری عوسمان شنگالی

١٩- بەهرام عەریف یاسین

٢٠- پشتیوان سادق

٢١- ئومێد سەباح

٢٢- هیوا ئەحمەد

٢٣- جەعفەر ئیمینکی

٢٤- شاخەوان عەبدوڵڵا

٢٥- هێمن هەورامی

٢٦- هیوا گەیلانی

٢٧- گوهدار شێخۆ

٢٨- چنار سەعد عەبدوڵڵا

٢٩- عەبدولخالق بابیری

٣٠- سەربەست تروانشی

٣١- بڵند ئیسماعیل

٣٢- حەمید عەلی

٣٣- ئەڤین هرووری

٣٤- سالار عوسمان

٣٥- نەوزاد هادی

٣٦- ئەحمەد كانى

٣٧- ساناو فەرەیدوون جوانڕۆیی

٣٨- ئاری نانەكەلی

٣٩- لیزا فەلەكەدین كاكەیی

٤٠- ڤیان سلێمان

٤١- ڤالا فەرید

٤٢- مەحمود هاشم ئەلیاس ئێزدی

**ئەندامانی یەدەگی كۆمیتەی ناوەندیی پارتی:**

١- ساسان عەونی

٢- دیاری حوسێن

٣- محەممەد خورشید

٤- بەرەڤان حەمدی

٥- چیا هەركی

٦- سەباح بەیتوڵڵا

٧- قادر قاچەخ

٨- نازم هەركی

٩- جوان ڕۆژبەیانی

## ئەندامانی مەکتەبی سیاسی

١- فازڵ میرانی

٢- ئازاد بەرواری

٣- هۆشیار زێباری

٤- عەبدولموهەیمەن بارزانی

٥- فوئاد حوسێن

٦- مەحموود محەمەد

٧- عارف تەیفوور

٨- ڕێبواری یەڵدا

٩- کەمال کەرکووکی

١٠- زەعیم عەلی

١١- سیداد بارزانی

١٢- نەوزاد هادی

١٣- سەربەست لەزگین

١٤- هێمن هەورامی

١٥- ئامینە زکری

١٦- پشتیوان سادق

١٧- عەلی حوسێن

١٨- زاگرۆس فەتاح

١٩- هیوا ئەحمەد مستەفا

## دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی

لە کۆبوونەوەی ١٩ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٢، مەکتەبی سیاسی و ئەندامانی دەستەی کارگێڕی هەڵبژێردران:

١- فازڵ میرانی

٢- ئازاد بەرواری

٣- هۆشیار زێباری

٤- سیداد بارزانی

٥- مەحمود محەمەد

## ▪ دەقی ڕاگەیاندنی کۆتایی کۆنگرەی ١٤ ی پارتی دیموکراتی کوردستان

لە ڕۆژانی ٣، ٤، ٥ و ٦ی نۆڤێمبەری ٢٠٢٢، پارتیمان کۆنگرەی ١٤ی خۆی لە ژێر دروشمی (ئازادی، دیموکراسی، دادپەروەری) لە شاری دهۆك بە بەشداری ١٠٦١ ئەندام گرێدا.

کۆنگرە، بەگوێرەی بەرنامەیەکی ڕێکخراو دەستی بە کارەکانی خۆی کرد و دوای چەند ئایەتێك لە قورئانی پیرۆز، سروودی نیشتیمانیی عێراق و سروودی ئەی ڕەقیب پێشکەش کران.

لە دەستپێکدا سەرۆك بارزانی وتارێکی پێشکەشکرد، تییدا ئاماژەی بەوە کرد کە بەهۆی شەڕی داعش و پاراستنی یەکێتی خاکی کوردستان و پەتای کۆرۆناوە، کۆنگرە دواکەوتووە. هەروەها بە گشتی باسی لە بارودۆخی هەرێمی کوردستان و عێراق و ناوچەکە و جیهان کرد، بە تایبەتی لە وتارەکەیدا تیشکی خستە سەر دوو خاڵ کە جێگەی شانازیی بەرێزیانن لەو سەردەمەی کە پۆستی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی هەبووە، یەکەمیان؛ ناردنی هێزی پێشمەرگە بۆ پشتیوانیی کۆبانێ بووە، دووەمیان؛ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان بووە. لە بەشێکی دیکەی وتارەکەیدا سوپاسی خۆڕاگریی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی کرد لە بەرگریکردنی قارەمانانەیان لە شەڕی دژی داعش و پاراستنی خاکی کوردستان، هەروەها سوپاسی خەڵکی کوردستانی کرد بۆ خۆڕاگریی و پشتیوانیی پێشمەرگە و دامودەزگا پەیوەندیدارەکان لە بەرەنگاربوونەوەیان لەو شەڕەدا.

پاشان فیلمێکی دیکۆمێنتاری لەسەر ئەو هەڤاڵانەی سەرکردایەتی کە

لەماوەی نێوان کۆنگرەی سێزدە و ئـەم کۆنگرەیـەدا کـۆچی دواییـان کـردووە نیشاندرا، دواتر دەستەی سەرۆکایەتی کۆنگرە هەڵبژێردرا.

هـەر لـە دانیشـتنی یەکەمـدا؛ کـۆنگرە بـە کـۆی دەنـگ ڕێـزدار سـەرۆك بارزانیان بە سـەرۆکی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان هـەڵبژاردەوە، هـەروەها کۆنگرە متمانەی بەخشی بە جێگرانی سەرۆك.

دواتر ڕاپۆرتی سیاسی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پـارتی خوێندرایـەوە، لـە ڕاپۆرتەکەدا هۆکاری دواکەوتنی کۆنگرەی بە ڕوونی خراوەتـە ڕوو کـە وێـڕای ئـەوەی لـە سـەرەوە سـەرۆك ئامـاژەی پێـداون، ڕیفرانـدۆم و خیانـەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر و لێکەوتەکانی، هۆکاربوون بۆ دواکەوتنی کۆنگرە.

لەو ڕاپۆرتەدا، پەیوەست بە پارچەکانی دیکـەی کوردسـتان، ئەوەخراوەتـە ڕوو کـە ئێمـە لەگـەڵ داوا ڕەواکانیـانین لـە هـەمان کاتـدا، داوا لـە هێـزە سیاسـییەکانی هـەر سـێ پارچەکـەی کوردسـتان کـراوە سـەردەمیانە خەباتـە مەدەنییەکانیان بەگەڕ بخەن، داواش لە هەر سـێ وڵاتـی دراوسـێ کـراوە کـە سنووری جـوگرافی، قـووڵای مێژویـی، تێگەیشـتنی دیبلۆماسـی، بەرژەوەنـدی هاوبەشی ئابووری و بازرگانی و کولتوری و کۆمەڵایەتیمان پێکەوە هەیە، بـە کردەیی بیر لە چارەسەری سیاسیی پرسی کورد بکەنەوە، چارەسەرێك کە ببێ بە مایـەی ئاشـتی و سـەقامگیری و بوژانـەوەی ناوچەکـە بـە گشـتی. لەسـەر ئاستی عێراقیشدا هـاتووە کـە پـارتیمان لـە ڕێگـەی پەرلـەمان و حکوومـەتی عێراقی فیدراڵ کـار دەکـات لەسـەر یاسـادانان و کـاراکردن و جێبـەجێکردنی کۆمـەڵێك یاسـای گرنـگ و بنچینـەیی بـۆ پاڵپشـتی سیسـتەمی فیـدراڵی و دیموکراسی لە عێراقدا، وەك لە دەستووری عێراقی فیدراڵدا هاتووە.

دواتر دەستەی سەرۆکایەتی کۆنگرە؛ دەرگای پێکهێنانی لیژنەکانی بۆ ئەندامانی کۆنگرە کردەوە و لە ئاکامدا چوار لیژنە لە لایەن کۆنگرەوە ڕەزامەندی لەسەر درا، کە بریتی بوو لە (لیژنەی پەیڕەوی ناوخۆ، لیژنەی پرۆگرام، لیژنەی ڕاپۆرتی سیاسی، لیژنەی سکاڵا و پێشنیاز).

لە دانیشتنی دووەمی هەمان ڕۆژدا لیژنەکان گفتوگۆی چڕ و وردیان لەسەر ڕاپۆرتەکانیان کرد و بە تێبینی و سەرنجەکانی ئەندامانی کۆنگرە دەوڵەمەند کرا و لە دانیشتنی یەکەمی ڕۆژی دووەمی کۆنگرەدا، ڕاپۆرتەکان دوای خوێندنەوە، خرانە دەنگدانەوە و لە لایەن کۆنگرەوە پەسەند کران.

هاووڵاتیانی بەڕێز

هەڤاڵانی تێکۆشەر...

کۆنگرە بەپێویستی زانی لەم قۆناغەدا، پێداچوونەوەیەکی ورد بە پەیڕەوی ناوخۆدا بکات، لە ڕووی هەیکەلیەت و ڕێکخستن و پەیوەندیی نێوان ئۆرگانەکاندا، بەشێوەیەك کە بگونجێت لەگەڵ واقعیی ئەمڕۆی کاری حزبایەتیدا. لە لایەکی دیکەوە لە پەیڕەوی ناوخۆدا ناوی ئەنجومەنی سەرکردایەتی گۆڕدرا بۆ کۆمیتەی ناوەندی، هەروەها گۆڕانکاری لە بەشێك لە هەیکەلیەتی حزبدا ئەنجامدرا و ناوی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی پارێزگا گۆڕدرا بۆ (مەکتەبی ڕێکخستنی پارێزکا)، هەروا بڕیاری دامەزراندنی ئەنجومەنی باڵای تێکۆشەران درا. یەکێکی دیکە لە گۆڕانکارییەکانی پەیڕەو بریتییە لە بەرزکردنەوەی ڕێژەی بەشداریی ئافرەت لە کۆمیتەی ناوەندی بەجۆرێك لە ١٥٪ کەمتر نەبێت.

لە ڕۆژی دووەمدا، سەرۆك بارزانی پێشنیاری ١٠ هەڤاڵی خستە بەردەم

کۆنگره کـه، هـەر ده هـەڤاڵ بـه دەنگـی ڕاسـتەوخۆی ئاشـكرا بـۆ کۆمیتـەی ناوەندی هەڵبژێردران.

پاشان، کۆنگره دەرگای خۆکاندیدکردنی بۆ کۆمیتەی ناوەندی کـردەوه کـه (١٢٩) هەڤاڵ خۆیان کاندید کـرد بـۆ ٤١ ئەنـدامی کۆمیتـەی ناوەنـدی و (٩) یەدەك. له ڕۆژانـی سـێیەم و چوارەمیشـدا پرۆسـەی هـەڵبژاردنی ئەنـدامانی کۆمیتەی ناوەندی و لێکجیاکردنەوه و خوێندنەوەی دەنگەکان دەستی پێکـرد که له لایەن کۆمیسیۆنی باڵای هـەڵبژاردنی عێـراق و (٧) دادوەری هـەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو.

جێگـای باسـه کـۆنگره کۆمـەڵێك لـه پرەنسـیب و سـتراتیژیەتی پـارتی لـه چەندین بواری جیاجیادا پەسەند کرد که گرینگترینیان بریتییه له کارکردن لـه پێناو بەهێزکردنی سیسـتەمی پەرلـەمانی و بـه دیمـوکراتیزەکردنی سیسـتمی حوکمڕانی به پشتبەستن به پرەنسیپەکانی: گـەل سـەرچاوەی دەسـەڵاته؛ لێـك جیـایی و هاوسـەنگی دەسـەڵاتەکان؛ سـەربەخۆیی و کـارایی دامـەزراوەکان؛ سەروەری یاسا و پاراسـتنی مـاف و ئازادییـەکان و مـافی ئـافرەت؛ هـەروەها ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییه بنەڕەتییەکان و ڕێزگـرتن لـه پرەنسـیبی شەفافیەت و لێپرسینەوه و سزا و پاداشت له حوکمڕانی هەرێم و عێراقدا. لـه بەشێکی دیکەدا جەخت لەسەر ئـەوه کراوەتـەوه کـه پێویسـته چەسـپاندنی مۆدێلی حـوکمڕانی بـاش و وەڵامـدەرەوه بۆئـەوەی باشـترین خزمـەتگوزاریی گشتی پێشکەشی گەلی هەرێمی کوردستان بکات.

لەسەر ئاستی مرۆیی و کۆمەڵایەتیدا، پارتیمان کار دەکات بۆ پەرەپێـدانی کولتوریی کـه بـەجۆرێك ڕەنگدانـەوەی ڕاسـتەقینەی کۆمەڵگـەی کوردسـتانی

بێــت و فرەکولتــوری و فرەئــایینی و یــەکترقبوڵکردن و ڕێزگــرتن لــە جیاوازییـەکامنان تێیـدا بەرجەسـتە بێـت، ئەمـەش لـە پێنـاو بەرزکردنـەوەی ئاستی هزری و هوشیاری و نیشتیمانی کوردستانیان بێت.

لەسەر ئاسـتی کوردسـتاندا، کـۆنگرە جـەختی لـە یـەکڕیزی و پەیوەنـدیی دۆستانە لەگەڵ هەموو لایەنەکان کـردەوە و بـە پێویسـتی زانـی لاپەڕەیـەکی نـوێ بـۆ پەیوەندییـەکان بکرێتـەوە و کێشـە و گرفتـەکان بـە دیـالۆگ و لێکتێگەیشتن چارەسەر بکرێن.

هەروەها لەسەر ئاسـتی عێـراقیش کـۆنگرە جـەختی کـرد بـۆ چارەسـەری کێشــە هــەڵواسراو و چارەســەر نــەکراوەکان و جێبــەجێکردنی ڕێککــەوتنی سیاسـی و دامەزرانـدنی حکوومـەت کـە لەگـەڵ لایەنـە سیاسـیەکانی عێـراق ئەنجام دراوە.

هاووڵاتیانی بەڕێز

هەڤاڵانی تێکۆشەر..

پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان سـەرکەوتنی کۆنگرەکـەی بـە سـەرکەوتنی خواسـت و بەرژەوەنـدیی گـەلی کوردسـتان دەزانێـت، بـەو پێیـەی پـارتی هەمیشــە و لەمــەودواش ئــامرازێکی خــەبات و تێکۆشــانی جــەماوەریی گەلەکەمانـە بـۆ بەدەسـتهێنانی مافـە ڕەواکـانی نەتـەوەی کـورد و گـەلی کوردسـتان، بۆیـە پـارتیمان پیرۆزبـایی لـە خـەڵکی کوردسـتان و هـەڤاڵانی تێکۆشــەر دەکــات و بــەڵێن دووپاتدەکاتــەوە وەك هەمیشــە پــارێزەری دەســتکەوتەکانی گــەل و بەدەســتهێنەری مــاف و پاراســتنی دەســتکەوتە دەسـتووری و نیشـتیمانی و نەتەوەییـەکانی بێـت کـە درێـژەدەری ڕێبـازی

بارزانیی نەمرە.

کۆنگرە بە تێکڕای دەنگ تەخویلی جەنابی سەرۆك بارزانی کرد بۆ دیاریکردنی هەڤاڵێك لە کوردانی ئێزدی بۆ کۆمیتەی ناوەندیی پارتیمان.

سەرکەوتنی کۆنگرەی چواردەهەمینی پارتی دیموکراتی کوردستان پیرۆز بێت.

درووود بۆ گیانی پاکی سەرجەم شەهیدانی کورد و کوردستان و سەرووەریان بارزانی نەمر و کاکە ئیدریسی هەمیشە زیندوو. بژی کورد بژی کوردستان

**پارتی دیموکراتی کوردستان**

**٢٠٢٢/١١/٦**

■ **وەرگرانی مەدالیای بارزانی - کۆنگرەی چواردە:**

لە ڕێورەسمی کۆتاییهێنان بە کۆنگرە، وەک نەریتێکی کۆنگرەکانی پێشووی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەلایەن سەرۆک مەسعود بارزانییەوە، بۆ ڕێزلێنان لە خەبات و تێکۆشانیان، مەدالیای بارزانی بەم بەڕێزانە بەخشرا:

١- فەخری کەریم زەنگەنە

٢- عەبدولکەریم سوڵتان عەبدوڵڵا (کەریم شنگالی)

٣- عارف تەیفور

٤- قادر قادر عەلی

٥- مەسعود مستەفا کاکە حەمە (مەسعود ساڵەیی)

٦- شەمێ دیر و حەسەن دیرۆ (دابێ شەمێ)

٧- سینەم خان جەلادەت بەدرخان

٨- کوردستان گیو موکریانی

٩- سەعدییە عەلی کاتب

١٠- سەبری حەفزوڵلا یوسف نێروەیی

١١- ساڵح محەمەد کەکشکار شێخ سیدەیی

١٢- میکائیل تەها ئیسلام دۆسکی

١٣- مەحموود مەجید مەحموود (مەحموود گاڤان)

١٤- یاسین تەها مستەفا یاسین (تەها کەرکووکی)

١٥- سەلیم عەبدوڕەحمان سەلیم

١٦- عەبدوڕەحمان ئیسماعیل سەلیم ئاکرێ

١٧- عەزیز نەبی شەللال عەزیز (عەزرۆ بۆسی)

١٨- ئەحمەد عەبدوڵڵا محمد

١٩- شێخ زرار قادر سەیدە

٢٠- عەلی مەحموود ئەحمەد

٢١- محمد عەلی ساڵح (حەمەی مام عەلی)

٢٢- ڕەزا زوبێر مەحموود

٢٣- عەلی عوسمان عومەر

٢٤- ئەحمەد ساڵح عەلی

٢٥- حوسێن ئەحمەد تەمر

٢٦- دەسکۆ حاجی شێخ عومەر بێرۆخی

٢٧- سەروەر ساڵح ئەحمەد پێداوی

٢٨- محەمەد عەلی تەها (شێخ عەلۆ)

٢٩- سەعدی عەزیز یابە (سەعدی گەورە)

٣٠- مەلا عەبدولواحید جەلال عەبدولڕەحیم باڵەکی

٣١- ئەکرەم قادر سادق ئاغا هەرکی (ئەکۆ هەرکی)

٣٢- فوئاد عەبدوڵڵا خەلەف (فوئاد میرانی)

٣٣- مستەفا ئەحمەد مەولوود

٣٤- ئەحمەد خدر ئەحمەد (ئەحمەد دەشتی)

٣٥- گۆرگیس یەڵدا تورخان

٣٦- قاسم شەشۆ خەڵەف

٣٧- شەماشە قورتاس عەزیز حەسەن

٣٨- مورادخان پشو موراد دری

٣٩- هاشم فەقێ محەمەد تاهیر

٤٠- تاهر حەسەن حاجی ئیسماعیل

٤١- حوسێن عەلی ڕەشید (حوسێن سووری)

٤٢- مووسا عەبدوڵڵا سلێمان (مووسا هەرگوندی)

٤٣- جەعفەر محەمەد عوسمان

٤٤- سەلیم ئیبراهیم نیعمەت

٤٥- دکتۆر عیسمەت محەمەد خالید

٤٦- ڕەشید محەمەد تاهیر ڕەشید نێروەی

٤٧- ئیسماعیل مەلا محەمەد ڕەشید بۆسەلی (سمێ بۆسەلی)

٤٨- بەهائەدین حەمەسەعید ڕەسووڵ

٤٩- ئەحمەد بەکر حەمەد (عادلە ڕەش)

٥٠- کاوه خەسرۆ مەحموود کاوانی

٥١- محەمەد ئەسعەد تەها (محەمەد بازی)

٥٢- زوبێر جوبرائیل عومەر نیعمەت (زوبێر کەژۆ)

٥٣- سادق سۆفی حەسەن (سادق بازی)

٥٤- ئەحمەد عوسمان محەمەد (ئەحمێ گەردی)

٥٥- دینۆ میرک کەریم

٥٦- عەبدولخالیق تاهیر ئەحمەد (سەید هەژار)

٥٧- عەبدوڵا مارف محەمەد شاوەیس

٥٨- محمد عەلی عومەر (محمد عەلی ئۆمەر)

٥٩- سالار ئەمیر عاز عەزیز (سالار شەهید کاکۆ)

٦٠- عەباس مەمەند عەباس

٦١- سەگڤان تۆفیق ئەحمەد قادر

٦٢- کەمال عەباس حەسەن

٦٣- ئاراس ئەحمەد قادر منەوەر (ئاراس قالەمنەوەر)

٦٤- سەرهەد شەمس قادر غەفووری

٦٥- حەسکۆ عەزیز ئیبراهیم کۆلەکەی

٦٦- فازڵ ئیبراهیم مەجید (شێخ فازڵ)

٦٧- عیسا خدر جووجک

٦٨- حاجی ڕەمەزان محەمەد (حەجی خەنجەر)

٦٩- ئیبراهیم ئەحمەد ئەمین (موهەندس ئیبراهیم)

٧٠- دکتۆر موحسن عەبدوڵا عەلی

٧١- موسا موسا مستەفا (بەدەل بەندی)

٧٢- عەبدولکەریم قاسم محەمەد (کەریم ئیتیتی)

٧٣- عزەدین سەعدۆ ساڵح

٧٤- تاڵب سادق حوسێن

٧٥- نەجم عەبد موراد (ئەبو شیرین فەیلی)

٧٦- عەبدوستار محەمەد عەلی

## کۆنووسی کۆتایی پرۆسەی هەڵبژاردنی کۆنگرەی "١٤"

- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١١/٤ کاتژمێر ٤ی ئێوارە لە هۆڵی کۆنفرانسی زانکۆی دهۆک، بە ئامادەبوونی بەڕێزان ئەندامانی کۆنگرە و ئاماژە بە پێشنیاری جەنابی سەرۆک (مەسعود بارزانی) سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە دوای ئەوەی لە ڕۆژی یەکەمی کۆنگرە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١١/٣ بە دەنگدانی ڕاستەوخۆ و ئاشکرا، بەڕێز (مەسعود بارزانی) بە سەرۆکی پارتی هەڵبژێردرایەوە و بەڕێزیان (نێچیرڤان بارزانی) وەک جێگر پێشنیارکرد و کۆنگرە بە دەنگدانی ڕاستەوخۆی ئاشکرا پەسند کرا. هەروەها بەڕێز "نێچیرڤان بارزانی" هەڤاڵ "مەسرور بارزانی" وەک "جێگری سەرۆک" پێشنیارکرد و لەلایەن ئەندامانی کۆنگرە بە دەنگدانی ڕاستەوخۆی ئاشکرا پەسند کرا . دەستکرا بە کردنەوەی دەرگای خۆپاڵاون و (١٢٩) ئەندامی کۆنگرە خۆیان کاندید کرد. لە هەمانکاتدا بەڕێز (مەسعود بارزانی) لەسەر پێشنیاری بەڕێزیان و بە دەنگدانی ڕاستەوخۆی ئاشکرا (١٠) ئەندامی کۆنگرە کە لە لیستی هاوپێچ لە ڕیزبەندی (١) تا (١٠) ناویان هاتووە، پەسندکران وەک ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی. لە دەستپێکی پرۆسە بە شێوازی ئەلیکترۆنی و دەنگدانی چەند هەڤاڵێک، بەهۆی دەرکەوتنی کێشەی تەکنیکی لە پرۆسەی دەنگدان، پرۆسەکە ڕاگیرا وەک ڕێکاری ئەلیکترۆنی، بڕیاری ئەنجامدان درا بەڕێگەی (دەنگدان بە پسولەی دەنگدان) لە سەرەتای پرۆسە بۆ جارێکی تر.

لە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/١١/٥) لە تەواوی کاتژمێر (١١)ی سەرلەبەیانی دوای تەواوی ئامادەکارییەکان، دەستکرا بە پرۆسەی دەنگدان بە سەرپەرشتی و

چاودێری کۆمسیۆن و دادوەران و بە ئامادەبوونی نوێنەرانی پارتی، دەستکرا بە پرۆسەی دەنگدان لە ڕێگای (٣ سندوق)ی دەنگدان بە ڕێگای دەنگدانی (ڕاستەوخۆی نهێنی) و دۆکیومێنت کردنی گشت ڕێکارەکان و بە ئامادەبوونی خودی کاندید یان نوێنەرەکەی. دوای کۆتایی هاتنی پرۆسەی دەنگدان لە تەواوی کاتژمێر (٥:٣٠)ی دوای نیوەڕۆ کۆتایی بە پرۆسەی دەنگادان هات.

- لە تەواوی کاتژمێر (٨)ی ئێوارەی ڕۆژی (٢٠٢٢/١١/٥) دەستکرا بە (عد و فەرز) بەدەست و لە کاتژمێر (٩)ی بەیانی ڕۆژی (٢٠٢٢/١١/٦) بەبێ پچڕان کۆتایی بە کارەکە هات.

- دوای نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ بە ئامادەبوونی گشت ئەندامانی کۆنگرە ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردن و هەڤاڵانی دەرچووی کۆمیتەی ناوەندی و یەدەک بە پێی لیستی هاوپێچ کە (٥١٩) ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و (٩) ئەندامی یەدەک ڕاگەیەندار بەئاشکرا.

**ئیمزا**

| | | | |
|---|---|---|---|
| **سەرۆک/دادوەر** | **دادوەر** | **دادوەر** | **دادوەر** |
| بەهزاد عەلی فەتحی | سدقی سەلیم خان | ڕەمەزان حەسەن عوبێد | جاسم محەمەد مستەفا |
| **دادوەر** | **دادوەر** | | **دادوەر** |
| فەرهاد سەلمان حەسەن | پەروین عەبدولڕەحمان ئەسوەد | | تەرزە سالار عوسمان |
| **سەرۆک کۆمسیۆن** | **ئەندام** | **ئەندام** | **ئەندام** |
| خالید عەباس عومەر | زۆزک نوعمان ئەمین | حکمەت فەرید سلێمان | کەیفی عەلی حوسن |

کۆنووسی کۆتایی پرۆسەی هەڵبژاردنی
کۆنگرەی «١٤»ەم.

- لە ڕێکەوتی «٤/١١/٢٠٢٢» کاتژمێر «٤»ی ئێوارە لە هۆڵی کۆنفرانسی زانکۆی دهۆک، بە ئامادەبوونی بەڕێزان ئەندامانی کۆنگرە و ئاماژە بە پێشنیاری جەنابی سەرۆک «مسعود بارزانی» سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە دوای ئەوەی لە ڕۆژی یەکەمی کۆنگرە لە ڕێکەوتی «٣/١١/٢٠٢٢» بە دەنگدانی ڕاستەوخۆ و ئاشکرا، بەڕێز «مسعود بارزانی» بە سەرۆکی پارتی هەڵبژێردرایەوە وە بەڕێزیان «نێچیرڤان بارزانی» وەک جێگر پێشنیار کرد و کۆنگرە بە دەنگدانی ئاشکرای ڕاستەوخۆ پەسەند کرا، هەروەها بەڕێز «نێچیرڤان بارزانی» پێشنیاری هەڤاڵ «مسرور بارزانی» کرد وەک «جێگری سەرۆک» پێشنیار کرد وە ئەندامانی کۆنگرە بە دەنگدانی ڕاستەوخۆی ئاشکرا پەسەندکرا. دەستکرا بە کردنەوەی دەرگای خۆپاڵاوتن وە «١٢٩» ئەندامی کۆنگرە خۆیان کاندید کرد لە هەمان کاتدا بەڕێز «سەرۆک مسعود بارزانی» لەسەر پێشنیاری بەڕێزیان و بە دەنگدانی ڕاستەوخۆی ئاشکرا «١٠» ئەندامی کۆنگرە کە لە لیستی هاوپێچ لە ڕیزبەندی «١ تا ١٠» ناویان هاتووە، پەسەندکران وەک ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی لە دەستپێکی پرۆسە بە شێوازی ئەلیکترۆنی و دەنگدانی چەند هەڤاڵێک، بەهۆی دەرکەوتنی کێشەی تەکنیکی لە پرۆسەی دەنگدان پرۆسەکە ڕاگیرا وەک ڕێکاری ئەلیکترۆنی، بڕیاری ئەنجامدان درا بە ڕێگەی «دەنگدان بە پسولەی دەنگدان» لە سەرەتای پرۆسە بۆ جارێکی تر.

- ١ -

لە ڕێکەوتی «٥/١١/٢٠٢٢» لە تەواوی کاتژمێر «١١»ی سەرلەبەیانی
دوای تەواوی ئامادەکاری یەکان، دەستکرا بە پرۆسەی دەنگدان
بە سەرپەرشتی وچاودێری کۆمسیۆن و دادوەران وبە ئامادەبوونی
نوێنەرانی پارتی، دەستکرا بە پرۆسەی دەنگدان لە ڕێگای
(٣ صندوق)ی دەنگدان بە ڕێگای دەنگدانی «ڕاستەوخۆی نهێنی»،
وە دوکیومێنت کردنی گشت ڕێکارەکان وبە ئامادەبوونی خودی
کاندید یان نوێنەری. دوای کۆتایی هاتنی پرۆسەی دەنگدان
لە تەواوی کاتژمێر «٥:٣٠»ی دوای نیوەڕۆ کۆتایی بە
پرۆسەی دەنگدان هات.

- لە تەواوی کاتژمێر «٨»ی ئێوارە ڕۆژی «٥/١١/٢٠٢٢»
دەستکرا بە «عدوفرز» بە دەستی ولە کاتژمێر «٩»ی
بەیانی ڕۆژی «٦/١١/٢٠٢٢» بەجێ چیان کۆتایی
بە کارەکە هات.

- دوای نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ بە ئامادەبوونی گشت ئەندامانی
کۆنگرە ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردن و هەڵاڵانی دەرچووی کۆمیتەی
ناوەندی ویەدەک بەپێی لیستی هاوپێچ کە «٥١» ئەندامی
کۆمیتەی ناوەندی و «٩» ئەندامی یەدەک ڕاگەیەنرا بە ئاشکرا.

| | | | |
|---|---|---|---|
| سەرۆکی دادوەر<br>بهزاد علی نامق | دادوەر<br>صدقی سلیم خان | دادوەر<br>رمضان حسن عبید | دادوەر<br>جاسم محمد محمد |
| دادوەر<br>فرهاد سلطان حسن | دادوەر<br>نوری عبدالرحمن اسود | دادوەر<br>نەوزەد سالار عثمان | ئەندام<br>کیفی علی موسى |
| سەرۆکی کۆمسیۆن<br>خالد عباس محمد | ئەندام<br>زێرزاد نعمان احمد | ئەندام<br>حکمت فرید سلیمان | |

# پرۆگرامی پارتی دیموکراتی کوردستان

## کۆنگرەی ١٤

٣ - ٢٠٢٢/١١/٦

دهۆك

# پێرست


**دەروازەی یەکەم:** ناساندنی پارتی ١٠١

**دەروازەی دووەم:** ئامانجەکانی پارتی ١٠٣

- بەشی یەکەم: ئامانجە نەتەوەییەکان ١٠٣

- بەشی دووەم: ئامانجە نیشتمانییەکان ١٠٥

- بەشی سێیەم: ئامانجە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکان ١٠٧

**دەروازەی سێیەم:** پرەنسیپ و ستراتیژییەکانی پارتی ١٠٩

- بەشی یەکەم: لە بواری پەرەپێدانی سیستمی سیاسی و بنەماکانی حوکمڕانیدا ١٠٩

- بەشی دووەم: لە بواری سەروەری یاسا و سەربەخۆیی و کارایی سیستمی دادوەریدا ١١٠

- بەشی سێیەم: لە بواری ئابووری و کارگێڕی و دارایدا ١١١

- بەشی چوارەم: لە ئاستی مرۆڤ و کۆمەڵایەتیدا ١١٤

- بەشی پێنجەم: لە ئاستی فەرهەنگی و خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکاندا ١١٨

# دەروازەی یەکەم

## ناساندی پارتی

### مادەی (١): ناوی پارتی

**پارتی دیموکراتی کوردستان**

### مادەی (٢): پێناسە

پارتی دیموکراتی کوردستان، پارتییێکی دیموکراتی نیشتمانی جەماوەرییە، بڕوای بە مافەکانی مرۆڤ، دادپەروەری کۆمەڵایەتی، گەشەپێدانی بەردەوام، فرەیی سیاسی و نەتەوەیی و ئایینی و کلتووری، پێکەوەژیانی ئاشتیانە، ئازادییەکان و یەکسانی، مافی بڕیاردانی چارەنووس بۆ نەتەوەی کورد و گەلی کوردستان هەیە، بە شێوازە دیموکراسی و مەدەنییەکان لەسەر بنەمای بیروباوەڕ و ڕێبازی بارزانی نەمر تێدەکۆشێت و سوود لە ئەزموونی گەلانی دیکەش وەردەگرێت.

### مادەی (٣): بنەما هزرییەکانی کاری پارتایەتی

پارتی لەسەر ئەم بنەما هزرییانەی خوارەوە خیتابی نەتەوەیی و نیشتمانی و دیموکراسی خۆی بەڕێوە دەبات:

**یەکەم**: وەکو حزبێکی دیموکراتی جەماوەریی پێشکەوتنخواز، نوێنەرایەتی نەتەوەی کورد و گەلی هەرێمی کوردستان لە عێراق دەکات و بە پشتبەستن بە ڕێبازی بارزانی نەمر و بڕوابوون بە مافی چارەنووس، لە پێناوی مافە ڕەواکانیان تێدەکۆشێت.

**دووەم**: پارتی باوەڕی بە دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات هەیە و گەل سەرچاوەی دەسەڵاتەکانە. بە گوێرەی بنەما دیموکراسییەکان کە خۆیان لە

کێبڕکێـــی ئاشـــتیانەی سیاســـی و هەڵبژاردنـــی ئـــازاد و دەوریـــی دەبینـــەوە، دەسەڵاتەکان ئاڵۆگۆڕ دەکرێن.

**سـێیەم**: لە گۆڕەپـانی سیاســی عێراقـدا وەکـو پـارتێکی دیموکراتیخـواز کـار بـۆ چەسپاندنی سیستەمی دیموکراسی فیدراڵ دەکات. لەسەر بنەماکـانی هاوبەشـێتی ڕاستەقینە و هاوسەنگی و بەشداری کارا بۆ بەدیهێنانی مافە ڕەواکانی گەلی کـورد و کوردستان لە چوارچێوەی دەستووری هەمیشەیی عێراقی فیدراڵدا.

**چـوارەم**: پـارتی بـاوەڕی بە فرەپێکهـاتەیی لە هەرێمـی کوردسـتان هەیە و دان بە مافی پێکهاتەکاندا دەنێت. خەبات دەکات بۆ هێنانەکایەی کـۆمەڵگەیەک، لەسـەر بنەمای هاووڵاتیبوون و یەکسـانی و ڕێزگرتنـی مـافی هەمـووان، بـێ ڕەچـاوکردنی ڕەگەز و ئایین و مەزهەب و جیاوازیەی کلتووریەکان.

**پێنجەم**: پارتی باوەڕی بە ڕەوایەتی دۆزی گەلی کورد و گەلانـی دیـکەی نـاوچەکە هەیە و تێدەکۆشێت بۆ ئەوەی لە ژێر ڕۆشـنایی بنەماکـانی یاسـای نێـودەوڵەتی و پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ و بنەما چەسپاوەکانی مافی گەلان لە چارتەری نەتەوە یەکگرتووەکان و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانی دیکە، هەمووان پێکەوە لە ئاشتی و ئارامی لە ناوچەکەدا بژین و زەمینەی ژیـانێکی شایسـتە و ڕێزلێگیـراو بـۆ هەمـوو لایەک فەراهەم بکرێت.

## دەروازەی دووەم

# ئامانجەکانی پارتی

## بەشی یەکەم:

# ئامانجە نەتەوەییەکان

**ماددەی (٤):**

**یەکەم**: هێنانەدیی مافی بڕیاردانی چارەنووسی نەتەوەی کورد و گەلی کوردستان بە شێوازی تێکۆشانی ئاشتیانە و دیموکراسییانە.

**دووەم**: پشتیوانیکردن لە دۆزی ڕەوای نەتەوەی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان لەپێناوی هێنانەدی مافە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکانیان بە ڕێگای خەباتی ئاشتیانە و دیموکراسییانە.

**ماددەی (٥):** پتەوکردنی پەیوەندیی دۆستانە و بەهێزکردنی هەماهەنگی و گیانی هاوکاریکردنی یەکتر لە گەڵ سەرجەم ڕێکخراو و پارتە سیاسییە دیموکرات و ئاشتیخوازەکان.

**ماددەی (٦):** ناساندنی ئەو تاوانانەی دەرهەق بە گەلی کوردستان کراون بە کۆمەڵگای نیودەوڵەتی و داواکردنی گەرەنتی ناوخۆیی و نیودەوڵەتی بۆ دووبارەنەبوونەوەیان.

**ماددەی (٧):**

**یەکەم**: هێنانەدی یەکێتی خاک و گەلی کوردستان بە پێی ڕاستییە مێژوویی و جوگرافییەکان و گێڕانەوەی هەموو ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی

هەرێم بۆ سەر هەرێمی کوردستان بە پێی ڕێکارە دەستوورییەکان.

**دووەم**: پەرەپێدانی فرەیی سیاسی و پتەوکردنی کلتووری دایالۆگ و لیبووردەیی لە ناو ماڵی کوردستانیدا.

**ماددەی:(٨)**

**یەکەم**: داکـۆکیکردن لە مـافی هەمـوو ئەو کـوردانەی لە ناوچەکـانی تـری عێـراق نیشتەجێن، وەک بەشێکی دانەبڕاو لە گەلی کوردستان.

**دووەم**: داکۆکیکردن لە مافەکانی کوردستانیانی دیاسپۆرا و پتەوکردنی پەیوەنـدییە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و کلتوورییەکان لەگەڵیاندا.

**مـاددەی (٩):** پاراسـتن و پەرەپێـدانی ناسـنامەی نەتەوەیـی و نیشـتمانی لەنـاو ڕۆڵەکانی نەتەوەکەماندا.

## بەشی دووەم:

# ئامانجە نیشتیمانییەکان

**مـاددەی (١٠):** پارێزگـاری لە مـانەوە و یەکپـارچەیی و بەهێزکردنـی قەوارە و دامەزراوە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان.

**ماددەی (١١):** دانانی دەستوورێکی دیموکراتی بۆ هەرێمی کوردستان.

**ماددەی (١٢):** پاراستنی هەموو ئەو دەسکەوتە نەتەوەیی و سیاسی و ئـابووری و کلتوورییانەی کە لە ئەنجامی خەبات و قوربانیدانی گەلی کوردستان و پێشـمەرگە و هێزە سیاسییەکان و خوێنی شەهیدانەوە بەرهەم هاتوون.

**ماددەی (١٣):**

**یەکەم:** چەسـپاندن و پتەوکردنـی یەکڕیـزی نیشـتیمانی و ئاشـتی نـاوخۆیی و پێکەوەژیان و گیانی لێبوردەیی لە نێوان هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکـانی هەرێمی کوردستان و عێراق.

**دووەم:** مسـۆگەرکردنی مـافە نەتەوەیـی و کلتـووری و کارگێڕییەکـانی تـورکمان و کلدان، سریان، ئاشووری و ئەرمەن لە هەرێمی کوردستان و عێراق.

**ماددەی (١٤):** گەشەپێدانی کۆمەڵگایەکی مەدەنی هاوچەرخ کە سەروەریی یاسا و دادپەروەری و هـاودەرفەتی و ڕێزگرتنـی ئـازادییە کەسـی و گشـتییەکان تێیـدا فەراهەم بێت.

**ماددەی (١٥):** چەسپاندنی سیستمی دیموکراتیی پەرلەمانی فیدراڵی لە عێراقدا، بە شـێوەیەک هـاووڵاتیبوونی تەواو بـۆ عێراقییەکـان مسـۆگەر بکـات و ببێـتە هـۆی

مسـوّگەرکردنی بەشداری هەموو پێکهاتەکانی عێراق لە دامەزراوە دەستوورییەکاندا لەسەر بنەماکانی هاوبەشی و سازان و هاوسەنگی.

**ماددەی (١٦):** چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی عێراقی فیدراڵ، بەپێی دەستووری هەمیشەیی و جێبەجێکردنی تەواوی بڕگە و ماددەکان وەک خۆی.

**ماددەی (١٧):** هێنانەدی بەرژەوەندی سیاسی و نیشتمانیی هاوبەش لە ڕێگای پەیوەندیی بەربڵاو و هاوسەنگ لەگەڵ هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و عێراق.

**ماددەی (١٨):** زیاتر بەنیشتمانییکردنی سیاسەتی دەرەوە و دامەزراوەی سەربازی عێراق بە شێوەیەک کە نەکرێتە ئامرازی ململانێی سیاسی ناوخۆیی لە نێوان حکوومەتی فیدراڵی و حکوومەتی هەرێمەکان و لە دژی گەلانی عێراق بەکارنەهێنرێت، هەروەها ببێتە بەرجەستەکاری بەرژەوەندیی گشتی سەرجەم پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان بەپێی دەستوور.

**ماددەی (١٩):** پابەندکردنی کۆماری عێراقی فیدراڵ کە بەرپرسیاریەتی (گەڕانەوە، قەرەبووکردنەوە و ڕازیکردن) بگرێتە ئەستۆ، لە بەرامبەر ئەو زیانانەی بەر گەلی کوردستان کەوتوون بەهۆی تاوانەکانی جینۆساید، تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی، تاوانەکانی جەنگ و ئەو پێشێلکاریانەی مافی مرۆڤ کە لەلایەن حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق ئەنجام دراون.

## بەشی سێیەم:

# ئامانجە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکان

**ماددەی (٢٠):** کارکردن بۆ بەدەستهێنانی دانپێدانانی نێودەوڵەتی بە تاوانەکانی جینۆساید و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانەکانی جەنگ کە بەرامبەر بە گەلی کوردستان ئەنجام دراون.

**ماددەی (٢١):** کارکردن لەسەر پابەندکردنی دەوڵەتی عێراق بە ڕێزگرتن و پابەندبوون و پیادەکردنی تەواوی بەڵگەنامە و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان، بەتایبەت ئەوانەی پەیوەندیدارن بە مافەکانی مرۆڤ و مافی پێکهاتەکان و مافی بڕیاردانی چارەنووس.

**ماددەی (٢٢):** پتەوکردنی پەیوەندیی دۆستانە لە نێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتانی دراوسێ لەسەر بنەمای پرەنسیپی بەرژەوەندی هاوبەش و ڕێز لە یەکترگرتن و دراوسێیەتی باش و دەستوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆیی یەکتر و چارەسەرکردنی ئاریشە و گرفتەکان بە شێوازی ئاشتییانە و بە پێی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی گشتی.

**ماددەی (٢٣):** وەرگرتنی سیفەتی چاودێر بۆ هەرێمی کوردستان لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و دامەزراوەکانی.

**ماددەی (٢٤):** پەرەدان بە پەیوەندییە سیاسی و ئابووری و کلتوورییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وڵات و هەرێم و گەل و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و تێکۆشان بۆ ئەوەی هەرێم و دامەزراوەکانی ببنە ئەندامی ڕێکخراوە هەرێمی و نێودەوڵەتییە ناحکومییەکان.

**ماددەی (٢٥):** دروستکردنی پەیوەنـدیی دۆسـتانە و هاریکـاری لەگەڵ ئەو گەل و پارت و کەسایەتی و ڕێکخراوە ناحکوومییانەی بڕوایان بە پشتگیری و بە مافەکانی گەلی کوردستان هەیە.

**مـاددەی (٢٦):** پاراسـتن و بەهێزکردنـی پـێگەی نێـودەوڵەتی قەوارەی سیاسـی و دەستووریی هەرێمی کوردستان لە ڕێگـای بەدەسـتهێنانی پشـتیوانی نێـودەوڵەتی زیـاتر و مـانەوە لە چوارچێـوەی هـاوپەیمانێتییە نێودەوڵەتییەکـانی تـایبەت بە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر لە پێنـاو هێنـانەدی ئاشـتی و ئاسایشـی نێـودەوڵەتی لە ناوچەکەدا.

# دەروازەی سێیەم

# پرەنسیپ و ستراتیژییەکانی پارتی

## بەشی یەکەم:

## لە بواری پەرەپێدانی سیستەمی سیاسی و بنەماکانی حوکمڕانیدا

**ماددەی (٢٧):** بەهێزکردنی سیستەمی پەرلەمانی دیموکراتی کوردستان-عێراق، بە پشتبەستن بە پرەنسیپەکانی: گەل سەرچاوەی دەسەڵاتە، لیکجیایی و هاوسەنگی نێوان دەسەڵاتەکان، سەربەخۆیی و کارایی دامەزراوەکان، سەروەری یاسا، پاراستنی ماف و ئازادییەکان.

**ماددەی (٢٨):** ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان.

**ماددەی (٢٩):** ڕێزگرتن لە پرەنسیپی شەفافیەت و لێپرسینەوە و سزا و پاداشت لە حوکمڕانی هەرێمی کوردستان و عێراق.

**ماددەی (٣٠):** پابەندبوون بە سەروەری یاسا و یەکسانی لە بەردەمیدا بەبێ ئەوەی جیاوازی بکرێ بە هۆی نەتەوە، ڕەگەز، ئایین و ئایینزا، یان پێگەی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە.

**ماددەی (٣١):** دەستەبەرکردنی ئازادیی ڕۆژنامەوانی و ئازادیی ڕادەربڕین و کارکردن بۆ ئەوەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ببنە میکانیزمی کارا و بەرپرس بۆ داکۆکیکردن لە ماف و ئازادییەکانی گەلانی هەرێمی کوردستان و عێراق.

**مـاددەی (٣٢):** بڕوابـوون بە کـاری ئۆپۆزسـیۆنی سیاسـی و پەرلەمـانی وەک پێویستییەکی بنەڕەتی سیستەمی دیموکراسی.

**ماددەی (٣٣)**: هەوڵدان بۆ بەهێزکردنـی بنەمـای دامەزراوەیـی لە نێـو دامەزراوە دەسـتووری و سیاسـییەکانی هەرێمـی کوردسـتان و عێـراق و ڕێگریکـردن لە دەستێوەردان و کاریگەریی هێزە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی دەرەوە.

**مـاددەی (٣٤):** چەسـپاندنی مـۆدێلی حـوکمڕانی بـاش، بـۆ ئەوەی باشـترین خزمەتگوزاریی گشتی پێشکەشی گەلانی هەرێمی کوردستان بکات.

**بەشی دووەم:**

## لە بواری سەروەریی یاسا و سەربەخۆیی و کارایی لە سیستمی دادوەرییدا

**مـاددەی (٣٥):** بەهێزترکردنـی سـەروەریی یاسـا و سـەربەخۆکردن و کـاراترکردنی دادگاکـان و سیسـتەمی دادوەری کە یەکـێکن لە پایەکـانی حـوکمڕانی بـاش و وەڵامدەروە.

**ماددەی (٣٦):** نەهێشتنی هیچ جۆرە دەستێوەردانێکی سیاسـی و کـۆمەڵایەتی لە کاری دادگاکان، لە پێنـاوی ئەوەی کە حـوکمی یاسا بەسـەر هەمووانـدا جێبەجـێ بکرێـت و هاووڵاتییـان لە سـێبەری سـەروەریی یاسـادا ئەرک و مافەکـانی خۆیـان پیادەبکەن.

## بەشی سێیەم:

# لە بواری ئابووری و کارگێڕی و داراییدا

**ماددەی (٣٧):** بواری ئابووری

پارتی کار دەکات بۆ بنیاتنانی ئابوورییەکی بەهێز، سەربەخۆ، نوێبوونەوە و هەمەچەشنکردنی سەرچاوەکانی داهات لە کوردستان، ئەمەش بە پەیڕەوکردنی سیستمی ئابووری بازاڕ و فەراهەمکردنی ژینگەیەکی لەبار بۆ کەرتی تایبەت تا بەشدارییەکی کارا لە بووژاندنەوە و پەرەپێدانی ژێرخانی ئابووری و دروستکردنی هەلی کار بۆ خەڵک بکات. هەروەها کار بۆ پێکەوە کارکردنی کەرتی گشتی و تایبەت- (Public Private Partnership – PPP) دەکەین.

**ماددەی (٣٨):** بواری کارگێڕی

پارتی کاردەکات بۆ دووبارە ئەندازە دانانەوەی سیستەم و پەیکەری دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان، بە شێوەیەک کە بەرژەوەندی گشتی و ڕەزامەندیی هاونیشتمانییان چەقی سەرجەم پرۆسەکان بێت و بە پەیڕەوکردنی حوکمڕانی باش (الحكم الرشيد) و حکوومەتی ئەلیکترۆنی و بە دامەزراوەییکردنی دەزگاکان ئامراز بێت بۆ گەیشتن بە چارەسەرکردن و ڕێگریکردن لە کێشەکانی گەندەڵی کارگێڕی و زێدەڕۆیی ڕۆتین و زامنی بەرجەستەکردنی پرەنسیپەکانی بەشداریکردن لە بڕیاردان و ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسان لە کارکردن و پیشەدا.

**ماددەی (٣٩):** بواری دارایی

پارتی کار دەکات بۆ پێداچوونەوە بە سیستەم و پەیکەری کەرتی دارایی و بانکی لەسەر بنەماکانی دەربڕین، ڕوونیەتی و لێپرسینەوە (الافصاح، الشفافية، المسائلة)

بۆ گێڕانەوە و پتەوكردنی متمانە بەو كەرتە، ئەمەش لە پێناوی ئەوەی ڕۆڵی خـۆی لە بەگەڕخستن و خولانەوەی سەرمایەدا بگێڕێت، هەروەها بـۆ ئەوەی بەشـداریی هەرێمی كوردستان لە داڕشتن و ڕێكخستنی سیاسەتی دارایی و نەختینەیی عێراقی مسۆگەر بكرێت و شایستە داراییەكانی خەڵكی كوردستان دەستەبەر بكرێن.

**ماددەی (٤٠):** بواری سامانە سرووشتییەكان

پـارتی كـار دەكـات بـۆ ئەوەی سـامانە سرووشـتییەكان بە شـێوەیەكی زانسـتی دەربهێندرێن و بەكار بهێندرێن، بە جۆرێک نەبنە تاكە سەرچاوەی داهات و زیـان بە فرەجۆری كەرتی ئابووریی وڵات نەگەینن، بەڵكـو ببـنە سـەرچاوەیەكی گرنگـی داهات بـۆ ئەوەی كەرتەكـانی دیـكەی ئـابووری ببـووژێننەوە و فـرە سـەرچاوەیی داهات بپارێزن.

**ماددەی (٤١):** كەرتی كشتوكاڵ

پارتی كار دەكات لە پێناو بووژاندنەوە و پەرەپێدان و بە پیشەسازییكردنی كەرتـی كشـتوكاڵ و هانـدان و پێشخسـتنی توانـای جووتیـاری خۆمـاڵی و دابینكردنـی پێداویسـتییەكانیان، بـۆئەوەی ئاسایشـی خـۆراک مسـۆگەر بـكەن و هەرێمـی كوردسـتان بگەیەنـنە ئاسـتی خۆبژێـوی (الاكتفـاء الـذاتي) و زەمینەسـازی بـۆ بەبازاڕكردنی بەرهەمەكانیان لە ئاستی ناوخۆ و دەرەوە.

**ماددەی (٤٢):** كەرتی پیشەسازی

پارتی كـار دەكـات بـۆ پەرەپێـدانی كەرتـی پیشەسـازی لە كوردسـتاندا، ئەمەش لە پێنـاوی هەمەچەشـنكردنی سـەرچاوەكانی داهـات و زیـادكردنی هەلـی كـار و بەرهەمی خۆماڵی بە سوودوەرگرتن لە تەكنەلۆژیای سەردەم و كەرەسـتەی خـاوی خۆمـاڵی و هەمـاهەنگی لەگەڵ وڵاتە پێشـكەوتووەكان. بـۆ ئەم مەبەسـتە كـار دەكەیـن بـۆ كـردنەوەی نـاوچەی ئـابووریی ئـازاد و دروسـتكردنی نـاوچە

پیشەسازییەکان و گرنگیدان بە پرۆژەی بچووک و مامناوەنـد، بە سـوودوەرگرتن لە سەرچاوەی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی.

**ماددەی (٤٣):** کەرتی گەشتیاری

پـارتی کـار دەکـات بـۆ ئەوەی کەشـوهەوا و شـوێنە گەشـتیارییە جیاوازەکـانی کوردسـتان ببـنە سـەرچاوەیەکی دیـکەی داهـاتی نیشـتیمانی، ئەمەش لە ڕێگـای سەرمایەگوزاری کەرتی تایبەت و بایەخی زیاتری کەرتـی گشـتی بە گەشـتوگوزار و شـوێنەوار و نـاوچە دێرینەکـانی کوردسـتان بـۆ ئەوەی بە جۆرێـک ڕێکبخـرێن کە هەلی کاری ناوخۆیی زیاد بکەن و ببنە ناوچەی گەشتیاری چوار وەرزە و سەرنجی گەشتیاری ناوخۆیی و هەرێمی ڕابکێشن.

**ماددەی (٤٤):** کەرتی بازرگانی

پارتی کار دەکات بۆ بووژانەوەی کەرتی بازرگانی لە کوردستان لەڕێی ئاسـانکاریی بازرگانی ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتی، بۆئەوەی کاڵاکان بە نرخێکی گونجاو بـگەنە خەڵـک و بەرهەمـی خۆمـاڵیش لە بازاڕەکـانی عێـراق و نـاوچەکەدا سـاغ بکرێنەوە و کوالیتییان بەرز بکرێتەوە.

## بەشی چوارەم:

# لە ئاستی مرۆڤی و کۆمەڵایەتیدا

**ماددەی (٤٥):** لە ئاستی خێزان

پارتی کار دەکات بۆ بەدیهێنانی خێزانێکی دروست و بەختەوەر و هۆشیار، بە ڕەچاوکردنی بنەماکانی خێزانی تەندروست و پاراستنی خێزان و ڕێزگرتن لە تایبەتمەندی و بەها کۆمەڵایەتییەکانی، بە شێوازێك خێزان پێگەیەکی کۆمەڵایەتیی بەهێزی هەبێت لە ڕووی ڕێزگرتن لە بەها و تایبەتمەندییە گشتییەکان و بە هەند وەرگرتنی بژێوی و بە یاسا پارێزگاری لێ بکرێت.

**ماددەی (٤٦):** لە ئاستی تاك

کارکردن بۆ پێگەیاندن و هۆشیارکردنەوەی تاك بۆ ئەوەی ببێتە کەسێکی کارا و بەرهەمهێنەر و داهێنەر کە بتوانێت خزمەت بە کۆمەڵگا و دامودەزگاکانی بکات.

**ماددەی (٤٧):** لە ئاستی منداڵ

هێنانە کایەی کەشێکی لەبار و پێشکەوتوو لە ڕووی پەروەردەیی و تەندروستی دوور لە توندوتیژیی دەروونی و جەستەیی بۆ منداڵان، بە لەبەرچاوگرتنی جاڕنامەی مافەکانی منداڵ و بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان.

**ماددەی (٤٨):** لە ئاستی بەساڵاچووان

پارتی کار دەکات بۆ پەرەپێدانی زیاتر بە خزمەتگوزارییەکانی تایبەت بە بەساڵاچووان، وەکو توێژێکی بە نرخ و ماندوونەناسی کۆمەڵگا، بە جۆرێك سوود

لە توانا و ئەزموونەکانیان وەربگیرێت، بە ڕێزەوە لێیان بڕواندرێت و ژیانێکی ئارام و شایستەیان بۆ مسۆگەر بکرێت.

**ماددەی (٤٩):** لە ئاستی ئافرەتان

ڕەخساندنی کەشێکی لەباری کۆمەڵایەتیی تەندروست و دوور لە جیاکاری و دەمارگیریی ڕەگەزی، کە تیایدا یەکسانی و هاوسەنگی نێوان نێر و مێ لە هەمبەر بەشداریکردنێکی کارا، بەرپرسیارەتی و سەرکردایەتییکردن، بنیادنان و پێگەیاندن لە گشت کایەکانی ژیانی سیاسی و حوکمڕانی، ئیداری، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری و زانستی و خزمەتگوزاری و ڕێکخراوەیی مسۆگەر بکات.

**ماددەی (٥٠):** لە ئاستی قوتابیان

قوتابی توێژێکی گرنگ و پڕبایەخی کۆمەڵگای کوردستانە، پارتی لە ڕێگای پشتگیریکردنی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و دامەزراوە پەیوەندیدارەکانەوە خزمەتی ئەو توێژە دەکات بە جۆرێک:

- ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسانی خوێندن و فێربوون بۆ هەموو قوتابیان، بەبێ هیچ جۆرە جیاکارییەکی ئایینی، نەتەوەیی و ڕەگەزی.

- برەودان بە پێشخستنی بواری پەروەردە و فێرکردن کە بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی قوتابیان تیایدا ڕەنگ بداتەوە.

- گەشەپێدانی هەست و هۆشیاری نیشتیمانیی و نەتەوەیی و ژینگەپارێزی قوتابیانی کوردستان.

- قوتابیان لەسەر بنەمای فرەیی و نادەمارگیری ئایینی پەروەردەبکرێن، بە جۆرێک کە خزمەتی زیاتری دەستەبەرکردنی ئاشتیی کۆمەڵایەتی بکات.

**ماددەی (٥١):** لە ئاستی لاوان

ڕەخساندنی زەمینەی گونجاو بۆ پێگەیاندن و گەشەپێدانی هزری، تەندروستی، کلتووری، ئازادیی کاری ڕێکخراوەیی مەدەنی بۆ لاوانی کوردستان، لە پێناو بەگەڕخستنی لیهاتوویی و توانستیان و دابینکردنی دەرفەتی کاری گونجاو و بەشدارییەکی کاریگەر و بەرهەمهێن بۆ پێشەچوونی کۆمەڵگا.

**ماددەی (٥٢):** لە ئاستی شەهید و قوربانیانی جینۆساید

**یەکەم:** ڕەخساندنی ژیانێکی ئاسوودە و سەربەرزانە بۆ خانەوادەی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی و قوربانیانی تاوانە یەک لە دوای یەکەکانی کیمیاباران، ئەنفال، کۆمەڵکوژی گەلی کوردستان.

**دووەم:** کۆکردنەوە و دۆکیومێنتکردن و پاراستنی هەموو زانیاریی و بەڵگەنامەکانی پەیوەست بە تاوانەکانی کۆمەڵکوژی، وەکو بەشێک لە سەروەرییەکانی مێژووی گەلی کوردستان و قەرەبوو کردنەوەی قوربانیان لە لایەن حکوومەتی عێراق و ناساندنی ئەو مێژووە بە نەوەکانی داهاتوو. دانان بە تاوانی جینۆسایدی گەلی کوردستان لە نێوەندە نێودەوڵەتی و بەدەستهێنانی پاڵپشتیشیان لە پێناو پاراستنی گەلی کوردستان لە دووبارە بوونەوەی ئەو تاوانانە.

**سێیەم:** هەوڵدان بۆ قەرەبوو کردنەوە و گەڕانەوەی هەموو ئەو هاووڵاتیانەی کوردستان لە پێکهاتەکانی (ئیزدی، کریستیان، شەبەک و کاکەیی) بۆ ناوچەکانیان کە بە هۆی پەلامارەکانی داعش و گرووپە تیرۆریستییەکانی دیکە زیانیان بەر کەوتووە. هەروەها هەوڵدان لەگەڵ دامەزراوەکانی حکوومەتی عێراق و ئاژانسە نێودەوڵەتییەکان بۆ ئەوەی چارەنووسی ڕفێندراو و بێسەروشوێنەکان دەستنیشان بکرێت.

**چوارەم:** بایەخدان بە گەشەپێدانی گەشتوگوزاری تاریک (Dark Tourism) بۆ زیاتر ناساندنی پرۆسەکانی جینۆساید.

**ماددەی (٥٣):** لە ئاستی خاوەن پێداویستیی تایبەت

دەستەبەرکردنی سیستمی خزمەتگوزاریی تەندروستی و پەروەردەیی پێشکەوتوو بۆ خاوەن پێداویستیی تایبەت، بە هەموو جۆرەکانیان، ڕێزگرتن لێیان و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی کۆمەڵگا لەو بارەیەوە و مسۆگەرکردنی ژیانێکی ئاسوودە و شایستە بۆ ئەو توێژە. پارتی کار دەکات بۆ دەستەبەرکردنی ژیانێکی ئاسوودەو بەدەستهێنانی مافەکانیان وەکو فێرکردن و چارەسەری و دووبارە شیاندنیان و گونجاندنیان لە ناو کۆمەڵگا بە پێی بەڵگەنامە و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بەم توێژە.

## بەشی پێنجەم:

# لە ئاستی فەرهەنگی و خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکاندا

### ماددەی (٥٤): لە ئاستی پەروەردە و پێگەیاندنی زانستی

**یەکەم:** دەستەبەرکردنی کۆمەڵگایەکی خوێندەوار و ئاستبەرزی زانستی بە ڕێگای فەراهەمکردنی سیستەمێکی پەروەردە و فێرکردنی پێشکەوتوو لە هەردوو کەرتی گشتی و تایبەت، هاوتەریب لەگەڵ پێشکەوتنی جیهانی، بۆ هەموو چین و توێژێک کە خزمەت بە زانست و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی، نەهێشتنی دەمارگیریی ئایینی، جیاکاریی ڕەگەزی، گەشەسەندنی هەستی نیشتیمانپەروەری و هێنانەکایەی کۆمەڵگایەکی بەرهەمهێن بکات.

**دووەم:** بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی زانکۆ و پەیمانگاکانی کوردستان، بە جۆرێک بەرهەمهێنانی تاکی کارامە و بە توانا بۆ گشت سێکتەرەکانی ژیانی کۆمەڵگا مسۆگەر بکات.

**سێیەم:** پەرەدان بە توێژینەوەی زانستی لەسەر بنەما و ستانداردی نێودەوڵەتی بۆ ئەوەی دامەزراوە مەعریفی و هزرییەکان ببنە بەرهەمهێنەری هزر و سیاسەت بۆ بەڕێوەبردن و پێشخستنی کوردستان.

**چوارەم:** کارکردن بۆ زمانی ستاندارد.

### ماددەی (٥٥): لە ئاستی تەندروستی

پێشخستن و باشترکردنی سیستەمی تەندروستی بە مەبەستی دابینکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی لە بواری خۆپاراستن و هۆشیاری تەندروستی و

چارەسەر و دووبارە شیاندنی پزیشکی و تەندروستی بە کوالێتی (جۆری)ی بەرز، بۆ هەموو دانیشتووانی کوردستان.

**ماددەی (٥٦): لە ئاستی پێشمەرگە و ئاسایش**

**یەکەم:** پێشمەرگە هێمای بەرخودان و پارێزگاریکردنە لە ماف و ئازادی و سەروەریی خاکی کوردستان، پارتی ڕێزی خەبات و قوربانیدانی ئەو توێژە بەرز دەنرخێنێت و کاردەکات بۆ ڕێکخستن و یەکخستنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و بەهێزکردنی توانا و کارامەییان لە بەرگریکردندا بە شێوەیەکی مۆدێرن و دابینکردنی ژیانێکی شایستە بۆیان.

**دووەم:** هێزەکانی ئاسایش و هەواڵگری کوردستان ڕۆڵێکی مەزن و سەرەکی لە پاراستنی ئاسایشی هاووڵاتیانی کوردستان و بەرگریکردن لە دەسکەوتەکانی گەلەکەمان دەگێڕن، بۆیە پارتی بە سوود وەرگرتن لە زانست و تەکنەلۆژیا و ڕێسا و یاسا بەرکارە جیهانییەکان کە خزمەت بە پاراستن و دەستەبەرکردنی ئارامی و ئاسوودەیی زیاتر بە ژیان و ماف و ئازادییەکانی هاووڵاتیان دەکات هەوڵ دەدات بۆ زیاتر بە دامەزراوەیی کردن و پێشخستنی تواناکانی ئەو دامەزراوەیە.

**ماددەی (٥٧) لە ئاستی کلتووری:**

کارکردن لە پێناو پەرەپێدانی کلتووری (زمان، ڕۆشنبیری، هونەری، پاراستنی بەڵگەنامە و دەستنووسەکان، کەلەپوور، ئەدەبیات، مێژوو و هزری نیشتیمانی) کە ڕەنگدانەوەی ڕاستەقینەی کۆمەڵگای کوردستانی بێت و فرە کلتووری و فرە ئایینی و یەکتر قبوڵکردن و ڕێزگرتن لە جیاوازییەکانمان زیاتر تێیدا بەرجەستە بێت، ئەمەش لە پێناو بەرزکردنەوەی ئاستی هزری و هۆشیاری و نیشتیمانی کوردستانی بێت.

**ماددەی (٥٨) لە بواری ئایینی:**

**یەکەم:** پارتی ڕێز لە فرە ئایینی و فرە مەزهەبی دەگرێت و دەرفەتی یەکسان بۆ باوەڕداران دەڕەخسێنێت و پشتگیری لە پێکەوەژیانی ئاشتییانە لە نێوان گشت ئایین و ئایینزاکانی کوردستان دەکات و ڕێگری لە هەر جۆرە بەریەککەوتن و توندوتیژی و چەوساندنەوەیەک لەم بوارەدا دەکات.

**دووەم:** پارتی وەکوو سەرمایەیەکی گرنگ دەڕوانێتە کلتوور و نەریت و شوێنەوارە ئایینییە جیاوازەکان و لە لەناوچوون دەیانپارێزێت.

**سێیەم:** پارتی هەوڵ دەدات بۆ سارێژکردنی هەموو ئەو برین و کەلێنانەی کە دەرهاویشتەی شەڕی تیرۆریستانی داعشن و بوونەتە هۆی دروستکردنی جۆرێک لە بێ متمانەیی و ڕق لە نێوان پێکهاتە ئایینی و مەزهەبییەکان بە تایبەتیتر لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان.

**ماددەی (٥٩): لە ئاستی ژینگە**

پارتی کار دەکات بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی ژینگەیی، پاراستنی ژیانی کێوی و جۆراوجۆری بایۆلۆژی، نەبەزاندنی سنوورەکانی توانای ژینگە و سەرچاوە سرووشتییەکان، کەمکردنەوەی پیسبوون بە ڕەچاوکردنی پرەنسیپەکانی گەشەپێدانی بەردەوام لە بەڕێوەبردنی ژینگەدا. هەروەها کاردەکات بۆ ئەوەی بە شێوەی زانستی و بە سوود وەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتان، ژینگەی وڵاتەکەمان پاک بکرێتەوە و پانتایی سەوزایی زیاد بکرێت و هاوسەنگی ژینگەیی بپارێزرێت بۆ ڕێگریکردن لە بەبیابانبوون و کارەساتی ژینگەیی و سروشتی. کاردەکەین بۆ پاککردنەوەی هەموو کوردستان لە مین، فراوانکردنی ناوچە پارێزراوە سرووشتییەکان و دووبارە بەکارهێنانەوەی خاشاک بە شێوەی زانستی و مۆدێرن. هەروەها بایەخدان بە دامەزراوەکانی ژینگەپارێزی بۆ ئەوەی هۆشیاریی خۆشەویستی سروشت و ژینگە لە ناو خەڵکدا فراوانتر بکرێت.

**ماددەی (٦٠): لە ئاستی شار**

پارتی گرنگییەکی تایبەتی بە شار و شارۆچکەکان دەدات و هەوڵی گەشەپێکردن و چارەسەرکردنی کیشەکانیان دەدات. ئەویش لە ڕێگای دامەزراوەکانی شارەوانی، بە جۆرێک کە کارەکانیان بە شێوەیەکی دروست و بە بوونی ماستەرپلان، خزمەتگوزارییە گشتییەکان بە کوالیتی بەرز و بە پێی ستانداردی ئەندازیاری بە هاووڵاتیان بگەینێت. لە دانانی پلانی خزمەتکردنیش پشت ببەستێت بە پێوەرەکانی: ژمارەی دانیشتووان و ڕووبەری ناوچەکان و ئاستی پێداویستی بۆ خزمەتگوزاری و ئاستی وێرانبوون و زیان پێگەیشتوویی لە ڕابردوودا.

**ماددەی (٦١): لە ئاستی لادێ (گوند)**

بایەخدان بە گەشەپێدانی گوندەکانی کوردستان و ئاوەدانکردنەوەی گوندە وێرانکراوەکان و دابینکردنی خزمەتگوزاریی گشتی بۆ گوند و لادێکان، بە جۆرێک شوێنە نزیک و دوورەدەستەکان بگرێتەوە و زەمینە بڕەخسێندرێت بۆ زیاتر ئاوەدانکردنەوە و گەڕانەوەی خەڵک بۆ گوندەکان، هەروەها گەیاندنی هەموو خزمەتگوزارییەکی شارستانی بۆ گوند، بۆ نەهێشتنی جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکان و کەمکردنەوەی فشار لە سەر شارە گەورەکان.

**ماددەی (٦٢): لە ئاستی کاری ڕێکخراوە پیشەیی و مەدەنییەکاندا**

پارتی گرنگییەکی تەواو بە ڕەخساندنی دەرفەت، ئازادیی کارکردن، چالاکی و کاریی ڕێکخراوەیی، کۆمەڵەی مەدەنی و ڕێکخراوە پیشەییەکان (یەکێتی-سەندیکا- کۆمەڵە پیشەییەکان) دەدات، لە پێناو:

**یەکەم:** نوێنەرایەتیکردنێکی ڕاستەقینە و کاریگەریی چین و توێژەکانی کۆمەڵگا و بەرگریکردن لە ماف و داخوازییەکان.

**دووەم:** بــرەوودان بە پرۆســەی بە دیموکراســی و بە مەدەنییکردنــی کۆمەڵگــای کوردستان، بە لەبەرچاوگرتنی ڕێکار و بنەما یاسایی و بەها دیموکراسییەکان.

**ماددەی (٦٣): لە ئاستی ڕاگەیاندن و میدیا**

پــارتی پاڵپشــتی و پشــتگیریی بەرجەســتەکردنی ئــازادیی ڕاگەیانــدن و میــدیایی دەکات، بە جۆرێک لە چوارچێوەی یاسادا ڕێکبخرێت و ڕەنگــدانەوەی نیشــتیمانی و پیشەیی هەبێت و لەسەر بنەمـای زانسـتی و پاراسـتنی ئیتیکـی ڕۆژنامەنووسـی بەڕێوە بچێت.

**ماددەی (٦٤): لە ئاستی سۆشیال میدیادا**

پارتی پاڵپشتیی پێشخســتن و ڕێکخســتنی زیــاتری بــواری کــاری سۆشــیال میــدیایی دەکــات، بە جۆرێــک لە چوارچێــوەی یاســادا ڕێکبخرێــت و بەهــا نیشــتیمانی و کلتووری و کۆمەڵایەتییەکان تێیدا بپارێزرێن.

**ماددەی (٦٥): بواری سیستمی گەیاندن (کۆمیونیکەیشن) ئەلیکترۆنی و ئینتەرنێت**

گەشــەپێکردن و ڕێکخســتن و گەیانــدنی سیســتمی گەیانــدنی (کۆمیونیکەیشــن) ئەلیکترۆنــی و ئینتەرنێــت بــۆ هەمــوو شــار و شــارۆچکە و ناوچەکــانی هەرێمــی کوردستان، بە جۆرێک کە لە ڕووی کوالێتی و نرخەوە گونجاو بێت بۆ هاووڵاتیانی کوردستان. هەروەها دانانی چوارچێوەی یاسایی بۆ بەکارهێنانیـان و پاراسـتنیان لە خــراپ بەکارهێنــان بــۆ بــواری تیــرۆر و نــانەوەی کێشــە کۆمەڵایەتییەکــان و پێشێلکردنی مافی تاک و کۆمەڵگا. هەروەها بەرپرسیاریەتیی بەکارهێنـانی دیـاری بکرێت و بە پێی یاسا و ڕێساکان ڕێکبخریت.

**ماددەی (٦٦): لە ئاستی خزمەتگوزاریی گشتی:**

پارتی کار دەکات بۆ دابینکردن و گەیاندنی خزمەتگوزاریی گشتی، بە کوالێتییەکی

بەرز بۆ هەموو خەڵکی کوردستان و هەموو شوێنێک بەبێ جیاوازی.

**ماددەی (٦٧): خۆشگوزەرانیی گشتی (بەختەوەریی گشتی)**

پارتی کار دەکات بۆ بەرزکردنەوەی پێوەرەکانی بەختەوەریی گشتی کە خۆی لە پێداویستییەکانی خۆشگوزەرانی، کار، بیمەی تەندروستی، پەروەردە و بیمەی کۆمەڵایەتی دەبینێتەوە و سەقامگیریی دەروونی، کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری مسۆگەر دەکات.

# پەیڕەوی ناوخۆی
# پارتی دیموکراتی کوردستان
# کۆنگرەی ١٤

٣ - ٦/١١/٢٠٢٢
دهۆک

# پێڕست


- **بەشی یەکەم:** چەند پێناسەیەکی بنەڕەتی ١٢٧
- **بەشی دووەم:** پرەنسیپە ڕێکخراوەییەکانی پارتی ١٣٠
- **بەشی سێیەم:** هاتنە ناو پارتی ١٣٢
- **بەشی چوارەم:** پێکهاتەی ڕێکخراوەیی پارتی ١٣٧
- **بەشی پێنجەم:** لیژنە و دەستەکانی کۆنگرە ١٧٠
- **بەشی شەشەم:** هەڵبژاردنی ئۆرگانەکانی پارتی و نوێنەرانی کۆنگرە ١٧٣
- **بەشی حەوتەم:** دارایی پارتی ١٧٤
- **بەشی هەشتەم:** سیستەمی دیسپلینی پارتایەتی ١٧٥

## بەشی یەکەم

# چەند پێناسەیەکی بنەڕەتی

### ماددەی (١): پێناسەی پارتی لە ڕووی ڕێکخراوەییەوە

پارتی دیموکراتی کوردستان پارتێکی دیموکراتی نیشتمانیی جەماوەرییە، لە یەکگرتنی ئارەزوومەندانەی ئەو تێکۆشەرە دیموکراتخوازانە پێکهاتووە، کە هاوئامانجی و هاوبیروباوەڕی بە پەیڕەو و پرۆگرامی پارتی کۆیکردوونەتەوە و لە ڕیزەکانی پێشەوەی جەماوەردا و بۆ بەدیهێنانی ستراتیژیای پارتی خەبات دەکەن، ئەویش بە پێی نەخشە و پلانێکی واقیعبینانە کە لە مێژووی نەتەوەی کورد و گەلی کوردستان و ئەزموونەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازەکەی و کەلەپووری نیشتمانی و خەباتکارانەی بارزانی نەمرەوە سەرچاوە دەگرێت و سوودیش لە ئەزموونی گەلان دەبینێت بە جۆرێک کە لەگەڵ واقیعی هەرێمی کوردستان و گۆڕانکارییەکاندا بگونجێت.

### ماددەی (٢): ناوی پارتی و کورتکراوەی ناو

بە زمانی کوردی: پارتی دیموکراتی کوردستان (پ.د.ک)

بە ڕێنووسی لاتینی: Partiya Dêmokrata Kurdistanê (P.D.K)

بە زمانی ئینگلیزی: Kurdistan Democratic Party (K.D.P)

بە زمانی عەرەبی: الحزب الديمقراطي الكوردستاني (ح.د.ك)

**ماددەی (٣): دروشم و هێمای پارتی:**

**ماددەی (٤): ئاڵای پارتی:**

ڕەنگی ئاڵاکە زەردە، لە ناوەڕاستیدا و لە نێو بازنەیەکی سووردا کورتکراوەی ناوی پارتی (PDK) نووسراوە.



**ماددەی (٥): زمانحاڵی پارتی:**

پێکهاتوە لە ٢ ڕۆژنامەی ناوەندی: (خەبات) بە زمانی کوردی و (التآخي) بە زمانی عەرەبی، هەروەها ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی (kdp.info).

## بەشی دووەم

# پرەنسیپە ڕێکخراوەییەکانی پارتی

**مــاددەی (٦): پــارتی لەســەر ئەم پرەنســیپە ڕێکخراوەییــانەی خــوارەوە دامەزراوە:**

١. پەیڕەوکردنی پرەنسیپی دەنگدانی نهێنی بۆ هەڵبژاردنی لیژنەکانی پارتی.

٢. ئۆرگانەکانی خوارەوە بۆ بڕیار و ڕێنماییەکانی ئۆرگانەکـانی سـەرەوە گـوێڕایەڵ دەبـن، کەمیـنە بڕیارەکـانی زۆریـنە قەبـوڵ و جێبەجـێ دەکـات، بەڵام مـافی ڕادەربـڕین و سـەرنجدانی هەیە و لە کۆنووسـدا تۆمـار دەکرێ و نهێنییەکـان دەپارێزرێ.

٣. ئەو بڕیارانەی لە دەسەڵاتی ئۆرگان و لیژنە و ڕێکخراوەکاندان، تـاکە کەس بـۆی نییە بڕیاریان لێبدات، بەڵام دەبێ پرەنسیپی بەرپرسـیاری و ڕای تـاکە کەسـیش ڕەچاو بکرێ.

٤. پەیڕەوکردنی پرەنسیپی ڕاوێژ و ڕاگۆڕینەوە لە نێو ئۆرگانەکانی پارتیدا.

٥. ڕەخنە و ڕەخنە لە خۆگرتن لە نێو ئۆرگانەکانی پارتیـدا پەیـڕەو دەکرێ نەک لە دەرەوە، هەروەها دەبێ دووربێت لە تانە و تەشەر و خراپگۆیی.

٦. پابەندبوون بە پرەنسیپی یەکسانی دەرفەت.

٧. کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو.

٨. پەیڕەوکردنی پرەنسیپی سزا و پاداشت.

٩. سەرکردایەتی بە کۆمەڵ و بەرپرسیاریەتیی هاوبەش.

١٠. گەڕانەوە بۆ ڕای ئۆرگانەکان لە بابەتە هەستیارە نەتەوەیی و نیشتمانییەکاندا.

١١. پەیڕەوکردنی پرەنسیپی جیاکاریی ئەرێنی بۆ پڕکردنەوەی کەمیی ڕێژەی ئافرەت لە ئۆرگان و ڕێکخستنەکانی حزبدا.

١٢. پرەنسیپی گیانی خۆبەخشی.

١٣. پێگەیاندن و تواناسازی، بنەمای کاری پارتایەتییە.

# بەشی سێیەم

# هاتنە ناو پارتی

## ماددەی (٧): پاڵاوتن

**یەکەم: ڕێوشوێن و مەرجەکانی پاڵاوتن بۆ هاتنە ناو ڕیزەکانی پارتییەوە.**

پاڵێوراو دەبێ ئەم مەرجانەی تێدا بن:

١. بڕوای بە پرەنسیپە ڕێکخراوەییەکانی پارتی هەبێ و تەمەنی لە ١٦ ساڵ کەمتر نەبێ.

٢. ناوبانگی پاک و ڕەفتاری شیاو بێت.

٣. بە تاوانەکانی کۆکوژی و دژ بە مرۆڤایەتی تاوانبار نەکرابێت.

٤. نابێ بە کرێگیراو، یان سیخوڕ، یان ئەندامی ڕێکخراوێکی تێکدەر بێت.

٥. فۆرمی تایبەت بە هاتنە ناو ڕیزەکانی پارتی پڕبکاتەوە.

٦. فۆرمە پڕکراوەکە لە ڕێی بنکەی ڕێکخستنەوە بە ڕاسپاردەوە بۆ لیژنەی ڕێکخراو بەرز دەکرێتەوە، بۆ ئەوەی بڕیاری لەسەر بدرێت.

٧. ئەگەر داواکار ڕەتکرایەوە، داواکار دەتوانێ لای لیژنەی ناوچە ناڕەزایی دەرببڕێ و دوابڕیاریش لەم بارەیەوە بۆ لیژنەی ناوچەیە.

٨. ئەگەر داواکەی پەسەند کرا، لە یەکێک لە بنکەکانی تایبەت بە پاڵێوراواندا ڕێکدەخرێت و هەموو ئەو مافانەی دەبێت کە بە پێی ئەم پەیڕەوە پاڵێوراوان هەیانە.

**دووەم :ئەرک و مافەکانی پاڵێوراو**

**أ. ئەرکەکان:**

١. دەبێ بە بەردەوامی بەشداریی کۆبوونەوەکان بکات.

٢. دەبێ بە پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ و مێژووی خەباتی پـارتی خـۆی پەروەردە و گۆش بکات.

٣. دەبێ نهێنییەکانی پارتی بپارێزێت.

٤. دەبێ ئابوونەی مانگانە بدات.

٥. دەبێ بەشداری لە چالاکییەکانی پارتی و کۆڕ و کۆبوونەوە گشتییەکاندا بکـات، بەتایبەتی لە پرۆسەی هەڵبژاردنە گشتییەکاندا.

**ب. مافەکان:**

١. مافی ڕادەربڕین و تێبینی و پێشنیار و پرسیارکردنی هەیە.

٢. مافی بەشداربوونی لە خولەکانی ئامادەسازی و مەشقی تـایبەت بە پـاڵێوراوانی هەیە.

**ماددەی (٨): ئەندامێتی**

**یەکەم :مەرجەکانی ئەندامێتی**

١. بە لایەنی کەمەوە دەبێ ٦ مانگ پاڵێوراو بووبێت.

٢. پێداویستییەکانی ماوەی پاڵێوراویەتی سەرکەوتووانە تەواو کردبێت.

٣. تەمەنی لە ١٨ ساڵ کەمتر نەبێت.

٤. دەبێ لە یەکێک لە بنکە یاخود لیژنەکانی پارتیدا ڕێکخرابێت.

٥. دەبێ بە بەردەوامی ئابوونە بدات.

## دووەم: ئەرک و مافەکانی ئەندام

### أ. ئەرکەکان:

١. کاردەکات بۆ بەدیهێنانی ناوەڕۆکی پرۆگرامی پارتی و بەجێهێنانی بڕیارەکان بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ.

٢. دەبێت پابەندی دیسپلینی پارتایەتی بێت و پارێزگاری لە یەکێتیی هزری و ڕێکخراوەیی پارتی بکات و پارێزەری نهێنییەکانی بێت.

٣. کار بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و سیاسیی خۆی بکات و ڕۆڵی پێشەنگانەی خۆی لە هۆشیارکردنەوە و پێشخستنی کۆمەڵگادا ببینێت.

٤. دەبێت پەیوەندییەکانی لەگەڵ جەماوەر توندوتۆڵ بێت و ڕێزی بەها و باوەڕەکانی تێکڕای چین و توێژەکانی کۆمەڵگا بگرێت، دەبێت داکۆکیکارانە سیاسەتی پارتی سەبارەت بە دۆزە جۆراوجۆرەکان بۆ خەڵک ڕوون بکاتەوە و هاوکات گرفتەکانی خەڵکیش بۆ چارەسەرکردنیان بە پارتی بگەیەنێت.

٥. دەبێت بایەخێکی تایبەت بە لایەنگران و دۆستانی پارتی بدات و پەیوەندییان لەگەڵ پتەو بکات و هانیان بدات تا بێنە ڕیزی پارتییەوە.

٦. هەرکات شوێنی نیشتەجێبوون یاخود کارەکەی گۆڕا، دەبێت پارتی ئاگادار بکاتەوە.

٧. دەبێت بەشداری لە چالاکییەکانی پارتی و کۆڕ و کۆبوونەوە گشتییەکاندا بکات، بەتایبەتی لە پرۆسەی هەڵبژاردنە گشتییەکاندا.

**ب. مافەکان:** ئەندام ئەم مافانەی خوارەوەی هەیە:

١. ڕادەربڕین و تێبینیدان و پێشنیارکردن دەربارەی سیاسەتی پارتی لە چوارچێوەی ڕێکخستنەکانیدا.

٢. خۆپاڵاوتن و هەڵبژاردن لە هەموو ئۆرگانەکانی پارتیدا بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ.

٣. داواکردنی هاوکاری لە پارتی لە کاتی پێویستدا و وەرگرتنی یارمەتی لە کاتی زیانلێکەوتنی ماددی یان مەعنەوی بەهۆی خەباتی پارتایەتییەوە.

٤. لەکاتی سزادانیدا مافی تانەلێدانی لەبەردەم ئۆرگانی بەرزتری حزبدا هەیە.

٥. بۆی هەیە دەست لە پارتی بکێشێتەوە.

## ماددەی (٩): کادیر

### یەکەم: پێناسەی کادیر

کادیر ئەو ئەندامە کارا و هەڵسووڕاوەیە کە توانا و چالاکییەکانی بۆ خزمەتی پارتی تەرخان دەکات.

### دووەم: مەرجەکانی

١. دەبێ ماوەی ئەندامیەتی لە پارتیدا لە ٥ ساڵ کەمتر نەبێت.

٢. دەبێ دەرچووی یەکێک لە خولەکانی ئەکادیمیای پارتی بێت، یان ئەندامی کارگێڕی یەکێک لە لیژنە ڕێکخستنەکان بێت.

٣. دەبێ لە ئەندامە دیار و نموونەییەکان بێت لە ڕووی فکری و ڕەفتار و پیادەکارییەوە.

٤. دەبێ توانا و چالاکییەکانی لە یەکێک لە ڕێکخراو و ئۆرگانەکانی پارتیدا تەرخان بکات.

**سێیەم : ماف و ئەرکەکانی**

١. کۆمیتەی ناوەندی بە پێی پێویستی و بە سیستمێک مووچەی بۆ دابین دەکات.

٢. لەکاتی پەککەوتەیی و پیربووندا پارتی لای لێ دەکاتەوە، هەروەها ئاوڕ لە میراتگرە شەرعییەکانی یا ئەوانەی بە خێویانکردوون دەداتەوە.

٣. دەبێ هۆشیار بێت و لە ئاستی ڕووداوەکاندا بێت و بەردەوام ڕۆشنبیری و توانستە مرۆییەکانی خۆی گەشە پێبدات.


٤. دەبێ ئەڵقەی پەیوەندیی نیوان پارتی و جەماوەر بێت لە سنووری کار و بەرپرسیارییەتییە حزبییەکەیدا.

٥. هەر ماف و ئەرکێکی تر کە لە پەیڕەوی تایبەت بە کادیراندا هاتووە.

## بەشی چوارەم

# پێکهاتەی ڕێکخراوەیی پارتی

بونیاد و پێکهاتەی پارتی لە خوارەوە بۆ سەرەوە بەم جۆرە دەبێت: بنکە، لیژنەی ڕێکخراو، لیژنەی ناوچە، لیژنەی لق، مەکتەبی ڕێکخستنی پارێزگا، کۆمیتەی ناوەندی (مەکتەبی سیاسی، دەستەی کارگێڕ)، سەرۆک، کۆنفرانس و کۆنگرە. وەکو چۆن لەم هێلکارییەی خوارەوەدا دیاریکراوە، ئەم پێکهاتەیە بە پێی پرەنسیپە ڕێکخراوەییەکانی ماددەی شەشەمی ئەم پەیڕەوە داڕێژراوە.



# ڕێکخستنەکانی پارتی: ئەرک و دەسەڵاتەکانیان

## ماددەی (١٠): بنکە

### یەکەم: پێناسەی بنکە

ناوەکی بنچینەیی ڕێکخستنەکانی پارتییە لە پانتاییەکی جوگرافیی دیاریکراودا، بنکەی جەماوەریی پارتییە و سەرچاوەی شەرعییەت و دەسەڵاتەکانیەتی.

### دووەم: پێکهاتەی بنکە:

بنکە لە (١٠) ئەندام کەمتر نابێت، لە ناوچەیەکی جوگرافی (گەڕەک یاخود گوند) کە گونجاو بێت و لەگەڵ وێستگەی هەڵبژاردنی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان پێکدێت، بەرپرس و هەردوو جێگرەکەی لەلایەن ئەندامانەوە هەڵدەبژێردرێن و لەلایەن لیژنەی ڕێکخراوەوە پەسەند دەکرێن. بەرپرسیاریەتی لە بنکەدا هاوبەش دەبێت.

### سێیەم: ئەرکەکانی بنکە:

١. بە پێی ڕێنماییەکانی پارتی کار بۆ بەدیهێنانی ئامانج و پرەنسیپەکانی پارتی دەکات.

٢. بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی ئەندامان بە شێوەیەکی بەردەوام و ئاشناکردنیان بە ئەدەبیاتی پارتی و ڕۆشنبیرکردنیان.

٣. بە لایەنی کەمەوە مانگی جارێک بەسەرپەرشتی بەرپرسی بنکە، یان جێگر کۆدەبێتەوە و دەشتوانێت بە پێی پێویست کۆبوونەوەی نائاسایی بە ئەندامەکانی بکات.

٤. ئەرکی پارتایەتی بەسەر ئەندامانـدا دابەش دەکات و چاودێری چۆنیەتی جێبەجێکردنیان دەکات.

٥. جەماوەر بەلای پارتیدا ڕادەکێشی و بیروباوەڕەکانی پارتییان بۆ ڕووندەکاتەوە و ئەدەبیاتی پارتی لە نێویاندا بڵاودەکاتەوە.

٦. داواکاری و ڕاوبۆچوون و گرفت و تێبینییەکانی هاووڵاتیان بە پێشنیارەوە بۆ لیژنەی ڕێکخراو بەرز دەکاتەوە.

٧. لیژنەی ڕێکخراو لە کێشە و ڕووداوەکانی سنووری چالاکی خۆی ئاگادار دەکاتەوە.

٨. بنکەکانی پاڵێوراوان پێکدەهێنێت و سەرپەرشتییان دەکات و پاڵێوراوان بە بیروباوەڕی پارتایەتی ڕۆشنبیر دەکات.

٩. ئابوونەی ئەندامان کۆدەکاتەوە و لەگەڵ کۆنووسی کۆبوونەوەکان و ڕاپۆرتی چالاکییەکان مانگانە بۆ لیژنەی ڕێکخراو بەرزدەکاتەوە.

### چوارەم: دەسەڵاتەکانی بنکە

١. فۆرمەکانی پاڵاوتن بۆ هاتنە نێو پارتی دەبینێ، ڕای لەسەر دەدات و بۆ لیژنەی ڕێکخراو بەرز دەکاتەوە.

٢. ڕاسپاردەی بەخشینی مافی ئەندامیەتی بەو پاڵێوراوانەی مەرجەکانیان تێدایە بۆ لیژنەی ڕێکخراو بەرز دەکاتەوە.

٣. لە سنوورە جوگرافییەکەیدا بنکەی پاڵێوراوان دروست دەکات کە گونجاوبێت لەگەڵ وێزگەی دەنگدانی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان.

٤. سەرنجی ئەو پاڵێوراوانە ڕادەکێشێت کە ئەرکەکانیان جێبەجێ ناکەن.

٥. ڕاسپاردە بۆ لیژنەی ڕێکخراو بەرزدەکاتەوە بۆ قەدرگرتنی ئەندامانی نموونەیی.

٦. ڕاسپاردە بۆ لیژنەی ڕێکخراو بەرزدەکاتەوە بۆ سزادانی ئەندام لەو بارانەی سزادان پێویست بێت.

٧. داواکاری و نامەکانی ئەندام و پاڵێوراوان دەبینێت و بۆ لیژنەی ڕێکخراو بەرزیان دەکاتەوە.

## ماددەی (١١): لیژنەی ڕێکخراو

### یەکەم: پێناسەی لیژنەی ڕێکخراو

یەکەیەکی ڕێکخراوەیی پارتییە، سەرپەرشتی بەلایەنی کەمەوە (١٠) بنکە دەکات و لە ناوچەیەکی جوگرافی، یاخود ئیداری دیاریکراودا، بە جۆرێک ژمارەی ئەندامەکانی لە (٢٠٠) بۆ (٢٥٠) ئەندام کەمتر نەبێت.

### دووەم: پێکهاتەی لیژنەی ڕێکخراو:

أ. پێکدێت لە بەرپرس و دوو کارگێڕ و بەرپرسی بنکەکانی سەر بە ڕێکخراوەکە.

ب. بە سەرپەرشتی لیژنەیەکی تایبەت بە هەڵبژاردن، دەستەی کارگێڕیی لیژنەی ڕێکخراو لە نێو بەرپرس و جێگرانی بنکەکاندا هەڵدەبژێردرێ و دەستەی کارگێڕیی هەڵبژێردراو لە یەکەمین کۆبوونەوەیاندا بەرپرسی ڕێکخراوەکە هەڵدەبژێرن، ئەندامانی پێشووی دەستەی کارگێڕی بۆیان هەیە لە بازنەی هەڵبژاردنی خۆیاندا دووبارە خۆیان بپاڵێونەوە.

ج. لە کاتی دروستبوونی بۆشایی لە دەستەی کارگێڕ، بە هەمان ئەو میکانیزمەی لە بڕگەی (ب) دیاری کراوە، بۆشاییەکە پڕ دەکرێتەوە.

**سێیەم: ئەرکەکانی لیژنەی ڕێکخراو:**

١. سەرکردایەتی و ڕێنوێنی بنکەکانی سەر بە ڕێکخراو دەکات و چالاکییەکانیان هەڵدەسەنگێنێ.

٢. ئەو ئەرکانە جێبەجێ دەکات کە لیژنەی ناوچە پێی دەسپێرێت.

٣. بە لایەنی کەمەوە مانگانە یەک کۆبوونەوەی ئاسایی دەکات، بەرپرسی ڕێکخراو دەتوانێ لە کاتی پێویستدا کۆبوونەوەی نائاسایی بە ئەندامانی لیژنە بکات.

٤. کونووسی کۆبوونەوەکان و ڕاپۆرتی چالاکییەکان و ئابوونەی مانگانە بۆ لیژنەی ناوچە بەرز دەکاتەوە.

٥. پێویستە بە خێرایی لیژنەی ناوچە لە ڕووداو و کێشەکانی سنوورەکە ئاگادار بکاتەوە و ڕای خۆی لەسەریان بدات و پێشنیاری پێویستیش بۆ چارەسەرکردنیان بخاتەڕوو.

٦. لەکاتی هەڵبژاردنە گشتییەکاندا، بۆ بەشداریکردنێکی کارای ئەندامان و پاڵێوراوان ڕێوشوێنی پێویست دەگرێتە بەر.

٧. لە سنوورەکەی خۆیدا هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دەکات.

٨ . بە نووسراو وەڵامی ڕاپۆرتی بنکەکانی دەداتەوە.

٩. تۆمارەکانی ڕێکخستن و دارایی و ئەرشیفی کارگێڕی ڕێکدەخات.

١٠. تۆماری ئامار ڕێکدەخات و بە لایەنی کەمەوە ٣ مانگ جارێک نوێی دەکاتەوە.

**چوارەم: دەسەڵاتەکانی لیژنەی ڕێکخراو:**

١. ڕای خۆی لەسەر داواکارییەکانی هاتنە ناو ڕیزی پارتی دەنووسێت و بۆ لیژنەی ناوچەی بەرز دەکاتەوە.

٢. بە پێی سیستمی دیسپلینی پارتایەتی، کە لە بەشی هەشتەمی ئەم پەیڕەوەدا هاتووە، دەسەڵاتی هەیە سزای ئەندامەکانی بدات.

٣. دەتوانێت بنکەی نوێ لە سنووره جوگرافییەکەی خۆیدا بە پێی پێویست زیاد بکات، بە ڕاوێژ و پەسەندکردنی لیژنەی ناوچەکەی.

٤. ڕاسپاردە بۆ لیژنەی ناوچە بەرز دەکاتەوە بۆ ڕێزلێنان لە کادر و ئەندامە نموونەییەکان.

٥. نامە و نووسراوەکانی بنکەکان دەبینێت و لێیان دەکۆڵێتەوە و ئەوەی بە پێویستی بزانێت بۆ لیژنەی ناوچە بەرزی دەکاتەوە.

## ماددەی (١٢): لیژنەی ناوچە

### یەکەم: پێناسەی لیژنەی ناوچە

لیژنەیەکە نوێنەرایەتی پارتی دەکات و سەرکردایەتی چالاکییەکانی دەکات لە ناوچەیەکی جوگرافی (قەزا یان ناحیە)ی دیاریکراودا کە کۆمیتەی ناوەندی دیاریدەکات. (٤ تا ١٢) ڕێکخراو لەخۆدەگرێت.

### دووەم: پێکهاتەی لیژنەی ناوچە

أ. لیژنەی ناوچە پێکهاتووە لە ئەندامانی دەستەی کارگێڕی و بەرپرسانی ڕێکخراوەکانی سەر بە ناوچە.

ب. (٥) ئەندام لە نێو ئەندامانی دەستەی کارگێڕی ڕێکخراوەکان بە سەرپەرشتی لیژنەیەکی تایبەت بە هەڵبژاردن، بۆ دەستەی کارگێڕی هەڵدەبژێردرێن بە ڕەچاوکردنی بوونی کادیری ئافرەت، دەستەی کارگێڕی هەڵبژێردراو لە یەکەمین کۆبوونەوەیاندا، بەرپرسی ناوچە هەڵدەبژێرن.

ج. لیژنەی ناوچە لەم بەشانەی خوارەوە پێکدێت:

١. بەشی ڕێکخستن.

٢. بەشی هەڵبژاردن.

٣ .بەشی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان.

٤ .بەشی کارگێڕی و دارایی.

د. ئەندامانی پێشووی دەستەی لیژنە بۆیان هەیە لە بازنەی هەڵبژاردنی خۆیاندا دووبارە خۆیان بپاڵێونەوە.

ه. لەکاتی دروستبوونی بۆشایی لە دەستەی کارگێڕ، بە هەمان ئەو میکانیزمەی کە لە بڕگەی (ب) دیاری کراوە، بۆشاییەکە پڕدەکرێتەوە.

و. ئەندامانی دەستەی کارگێڕ دەبنە بەرپرسی بەشەکانی لیژنەی ناوچە.

ز. لەکاتی مۆڵەتی بەرپرسی لیژنەی ناوچە، کارگێڕی بەرپرسی ڕێکخستنی لیژنە ناوچە ئەرکەکانی ڕادەپەڕێنێت.

**سێیەم: ئەرکەکانی لیژنەی ناوچە**

١. سەرکردایەتی و ڕێنوێنی ڕێکخراوەکانی دەکات و چالاکییەکانیان هەڵدەسەنگێنێت.

٢. بەلایەنی کەمەوە مانگانە جارێک کۆدەبێتەوە و ئەگەر پێویست بوو بەرپرسی ناوچە بۆی هەیە کۆبوونەوەی نائاسایی بە ئەندامانی لیژنە بکات، یان لە سەر داوای دوو لەسەر سێی ئەندامانی لیژنە کۆدەبێتەوە.

٣. بەلایەنی کەمەوە سێ مانگ جارێک کۆبوونەوەی فراوان لەگەڵ لیژنەی ڕێکخراوەکانی دەکات.

٤. بە نووسراو وەڵامی ڕاپۆرت و پرسیاری لیژنە ڕێکخراوەکانی دەداتەوە.

٥. بەرنامەی چالاکییە جەماوەرییەکان لە سنوورەکەیدا دادەڕێژێت.

٦. کۆنووسی کۆبوونەوەکان و ڕاپۆرتی چالاکییەکان و ئابوونەی مانگانە بۆ لیژنەی لق بەرز دەکاتەوە.

٧. بەردەوام لیژنەی لق لە ڕووداو و کێشەکانی سنوورەکەی ئاگادار دەکاتەوە و ڕای خۆی لەسەریان دەدات و پێشنیاری پێویستیش بۆ چارەسەرکردنیان دەخاتەڕوو.

٨. لەکاتی هەڵبژاردنە گشتییەکاندا، بۆ بەشداریکردنێکی کارای ئەندامان و پاڵێوراوان و لایەنگران بە هەماهەنگی لەگەڵ لیژنە ڕێکخراوەکانی سنوورەکە ڕێوشوێنی پێویست دەگرێتەبەر.

٩. هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ پارتەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان لە سنوورەکەیدا دەکات.

١٠. تۆمارەکانی ڕێکخستن و دارایی و کارگێڕی ڕێکدەخات.

١١. خول بۆ پاڵێوراوان دەکاتەوە و ئامادەیان دەکات بۆ ئەندامیەتی پارتی.

١٢. هەر ئەرکێکی دیکە کە لەم پەیڕەوەدا هاتووە و جێبەجێکردنی پرۆگرامی پارتی دەخوازێت، یان لە لایەن لیژنەی لقەوە پێی دەسپێردرێت.

**چوارەم: دەسەڵاتەکانی لیژنەی ناوچە**

١. داواکاریی پاڵێوراوان بۆ هاتنە ناو ڕیزی پارتی دەبینێت و هەڵیاندەسەنگێنێت.

٢. شەرەفی ئەندامیەتی بە پاڵێوراوە شایستەکان لە ڕێوڕەسمێکی تایبەتدا دەبەخشێت.

٣. بە ڕاوێژ لەگەڵ لیژنەی لق؛ تەنیا سەبارەت بە ڕووداو و کێشەکانی سنووری ناوچە جوگرافییەکەی خۆی، بۆی هەیە بەیاننامە دەربکات.

٤. بە پێی سیستمی دیسپلینی پارتایەتی کە لە بەشی هەشتەمی ئەم پەیڕەوەدا هاتووە، دەسەڵاتی سزادانی ئەندامەکانی هەیە.

٥. دەتوانێت ڕاسپاردە بۆ لیژنەی لق بەرزبکاتەوە، سەبارەت بە زیادکردن، یان پێکەوە لکاندن، یان هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراوەکان بە پێی پێویست و لە سنووری ناوچە جوگرافییەکەی خۆیدا.

٦. دەتوانێت ڕاسپاردە بۆ لیژنەی لق بەرزبکاتەوە، سەبارەت بە ڕێزلێنان لە ئەندامانی لیژنەی ناوچە و ڕێکخراوەکان و کادیران و ئەندامانی نموونەیی لە سنوورەکەی خۆیدا.

٧. بینینی نووسراو و ڕاپۆرتی ڕێکخراوەکان و لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنیان و بەرزکردنەوەی ئەوەی بە پێویستی دەزانێت بۆ لیژنەی لق.

٨. بۆی هەیە لای دەستەی چاودێری و بەدواداچوون ناڕەزایی دەرببڕێت بەرامبەر بەو سزایانەی لق بەسەریدا دەسەپێنێت.

## ماددەی (١٣): لیژنەی لق

### یەکەم: پێناسەی لیژنەی لق

لیژنەیەکە، نوێنەرایەتیی پارتی دەکات و سەرکردایەتیی چالاکییەکانی دەکات لە ناوچەیەکی جوگرافیدا (قەزایەک یان زیاتر) کە کۆمیتەی ناوەندی دیاری دەکات و لیژنەی ناوچەکانی سنوورەکە دەگرێتە خۆی.

### دووەم: پێکهاتەی لیژنەی لق

أ. پێکدێت لە دەستەی کارگێڕی و بەرپرسانی لیژنە ناوچەکانی سنوورەکەی و ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی یان کادرێکی پێشکەوتوو بەرپرسی دەبێت.

ب. لق لەم بەشانەی خوارەوە پێکدێت:

١. بەشی ڕێکخستن.

٢. بەشی هەڵبژاردن.

٣. بەشی پێگەیاندن و ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن.

٤. بەشی پەیوەندییەکان.

٥. بەشی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان.

٦. بەشی کارگێڕی و دارایی.

ج. دەستەی کارگێڕیی لق لە (٦) ئەندام پێکدێت کە لە نێوان دەستەی کارگێڕیی لیژنە ناوچەکانی سەر بە لق هەڵدەبژێردرێت بە سەرپەرشتی لیژنەیەکی تایبەت بە هەڵبژاردنەکان بە ڕەچاوکردنی بوونی کادیری ئافرەت.

د. ئەندامانی پێشووی لیژنەی لق بۆیان هەیە لە بازنەی هەڵبژاردنی خۆیاندا دووبارە خۆیان بپاڵێونەوە.

هـ. ئەگەر بە هەر هۆکارێک جێگەی ئەندامێکی دەستەی کارگێڕ بەتاڵ بوو، لیژنەی لق بەپێی بڕگەی (ج)ی سەرەوە جێگە بەتاڵەکان پڕدەکاتەوە.

و. ئەندامانی دەستەی کارگێڕ دەبنە بەرپرسی بەشەکانی لق.

**سێیەم: ئەرکەکانی لیژنەی لق:**

١. سەرکردایەتی چالاکییەکانی لیژنە ناوچەکان و بەشەکانی سەر بە لق دەکات.

٢. مانگانە کۆبوونەوە دەکات بە بەشداریی تەواوی ئەندامەکانی.

٣. بەلایەنی کەمەوە سێ مانگ جارێک کۆبوونەوەی فراوان لەگەڵ دەستەی کارگێڕی لیژنە ناوچەکان و بەشەکانی لق دەکات.

٤. مانگانە لەگەڵ نوێنەرانی هەڵبژێردراوی حزب لە سنوورەکەی (پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەنجومەنی پارێزگاکان) کۆدەبێتەوە.

٥. بە نووسراو وەڵامی نووسراو و ڕاپۆرتەکانی لیژنە ناوچەکانی سەر بە لق دەداتەوە.

٦. کورتەی کۆبوونەوەکان و ڕاپۆرتی چالاکییەکان و ئابوونەی مانگانە بۆ مەکتەبی ڕێکخستنی پارێزگا بەرز دەکاتەوە.

٧. لێکۆڵینەوە و پێشنیار دەربارەی پرس و ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی سنوورەکەی خۆی گەڵاڵەدەکات و بەرزیان دەکاتەوە.

٨. ساڵانە پلان و سیاسەتێکی گشتی بۆ چالاکییە جەماوەرییەکانی سنوورەکەی دادەڕێژێت.

٩. ئەو ئەرکانە جێبەجێدەکات کە لە ئۆرگانەکانی سەرووی خۆیەوە پێی دەسپێردرێت.

١٠. بەردەوام مەکتەبی ڕێکخستنی پارێزگا لە ڕووداو و پرس و کێشەکانی سنوورەکەی ئاگادار دەکاتەوە و ڕای خۆی لەسەر دەدات و پێشنیار بۆ چارەسەرکردنیان دەخاتەڕوو.

١١. هەماهەنگی و هاوکاری و پتەوکردنی پەیوەندی لەگەڵ پارت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان و ناوەندە ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەکانی سنوورەکەی.

١٢. ڕێکخستنی تۆمارەکانی ڕێکخستن و دارایی و کارگێڕی.

١٣. ڕێکخستنی خولی پێگەیاندن و ڕۆشنبیری بۆ ئەندامانی پارتی و سازدانی کۆڕ و ئەڵقەی دیراسی پسپۆڕ بە شێوەیەکی بەردەوام.

١٤ بەدواداچوون و هەڵسەنگاندنی ئاستی پابەندبوونی لیژنە ناوچەکان بە پەیڕەوی ناوخۆ و جێبەجێکردنی پڕۆگرامی پارتی.

١٥. لە کاتی هەڵبژاردنە گشتییەکاندا بۆ بەشداریکردنێکی کارای ئۆرگانەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ لیژنە ناوچەکانی سنوورەکەی ڕێوشوێنی پێویست دەگرێتەبەر.

١٦. ڕاپەڕاندنی هەر ئەرکێک کە لەم پەیڕەو و پڕۆگرامەدا هاتووە، یان لە لایەن مەکتەبی ڕێکخستنی پارێزگا و مەکتەبی سیاسییەوە پێی دەسپێردرێت.

## چوارەم: دەسەڵاتەکانی لیژنەی لق

١. دەرکردنی بەیاننامە دەربارەی پرس و ڕووداوەکانی ناوچە جوگرافییەکەی خۆی بە ڕاوێژ لەگەڵ بەرپرسی مەکتەبی ڕێکخستنی پارێزگا.

٢. پیادەکردنی دەسەڵاتی سزادانی ئەندامانی لق و لیژنە ناوچە و لیژنە ڕێکخراوەکان بە پێی سیستمی دیسپلینی پارتایەتی کە لە بەشی هەشتەمی ئەم پەیڕەوەدا هاتووە.

٣. بەرزکردنەوەی ڕاسپاردە بۆ مەکتەبی ڕێکخستنی پارێزگا بۆ زیادکردن یان پێکەوەلکاندن یان هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراو و لیژنە ناوچەکانی سنووری جوگرافییەکەی خۆی بە پێی پێویست.

٤. ناوی پاڵێوراوان بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی فیدراڵ و ئەنجومەنی پارێزگاکان بۆ مەکتەبی ڕێکخستنی پارێزگا پێشنیاز و بەرز دەکاتەوە.

٥. ڕێزلێنان لە ڕێکخراو و لیژنە ناوچە و بەشەکان و کادیر و ئەندامە نموونەییەکانی سنوورەکەی خۆی.

٦. مامەڵەکردن لەگەڵ داواکاری و نووسراوەکانی لیژنە ناوچەکان و بەرز کردنەوەی ئەوەی بەپێویستی دەزانێت بۆ مەکتەبی ڕێکخستنی پارێزگا.

## ماددەی (١٤): مەکتەبی ڕێکخستنی پارێزگا

### یەکەم: پێناسەی مەکتەبی ڕێکخستنی پارێزگا

ئۆرگانێکی ڕێکخستنی پارێزگایە، بەرپرسە لە تەواوی کاروبارەکانی پارتایەتی لە سنووری پارێزگاکەیدا، لەلایەن کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دادەمەزرێت و لقەکانی سنوورەکە لە خۆی دەگرێت.

### دووەم: پێکهاتەی مەکتەب

أ. ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی بەرپرسی دەبێت و یارمەتیدەرێک یان زیاتری دەبێت کە ئەندام یان ئەندامی یەدەگی کۆمیتەی ناوەندی بن و بەرپرسی لقەکانی سنووری پارێزگاکە ئەندامی مەکتەبەکە دەبن.

ب. مەکتەب لەم بەشانەی خوارەوە پێك دێت:

١. بەشی ڕێکخستن.

٢. بەشی هەڵبژاردن.

٣. بەشی پەیوەندییەکان.

٤. بەشی کارگێڕی و دارایی.

ج. بەرپرسی بەشەکان، لەنێو بەرپرسی لیژنە ناوچەکان و دەستەی کارگێڕی لقەکانی سنووری مەکتەب هەڵدەبژێردرێن بە سەرپەرشتی لیژنەیەکی تایبەت بە هەڵبژاردنەکان، بە ڕەچاوکردنی بوونی کادیری ئافرەت.

د. ئەندامانی پێشووی لیژنەی مەکتەب (ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پێشووی پارێزگا) بۆیان هەیە لە بازنەی هەڵبژاردنی خۆیان بەشدار بن و خۆیان بپاڵێون.

ه. هەموو ئەو کادیرانەی پلەی بەرپرسی لیژنە ناوچە و کارگێڕی لقیان هەیە و بە هەر هۆکارێك نەقڵی مەکتەب (ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پێشووی پارێزگا) کرابن، دەتوانن لە بازنەی هەڵبژاردنی مەکتەب بەشداربن و خۆیان بپاڵێون.

و. ئەگەر بەهەر هۆکارێک شوێنی بەرپرسی بەشێک یان زیاتر بەتاڵ بوو، بەپێی ئەو میکانیزمەی کە لە بڕگەی (ج) دیاریکراوە، شوێنەکە پڕدەکرێتەوە.

ز. مەکتەبی ڕێکخستنی پارێزگا بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجوومەنی باڵای تێکۆشەران، ئەنجوومەنێکی تێکۆشەران پێکدێنێ، پێکهاتە و ئەرکەکانی لەلایەن ئەنجوومەنی باڵای تێکۆشەران دیاری دەکرێن.

**سێیەم: ئەرکەکانی مەکتەب:**

١. پیادەکردنی سیاسەت و بەرنامەی پارتی بە ڕەچاوکردنی تایبەتمەندیی هەر پارێزگایەک و بەشداریکردن لە داڕشتنی سیاسەتی پارتی لە پارێزگاکەیدا لە ڕێگەی دەربڕینی ڕاوبۆچوون و پێشنیاز.

٢. هەڵسەنگاندنی کاری ئۆرگانەکان و کادیرانی سنووری پارێزگاکە هەر شەش مانگ جارێک.

٣. پشتگیری و هاندانی چالاکی ئۆرگانەکانی سنوورەکە بۆ بەهێزکردنی ڕێکخستنەکان.

٤. پێشنیار کردن بۆ چالاککردنی ڕاگەیاندنی پارتی بە پێی تایبەتمەندیی پارێزگاکە.

٥. وەڵامدانەوەی کۆنووسەکان و نووسراوی لقەکان.

٦. مەکتەب مانگانە جارێک کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجام دەدات، بە پێی پێویستیش کۆبوونەوەی نائاسایی ئەنجام دەدات.

٧. هەر سێ مانگ جارێک کۆبوونەوەی فراوان ئەنجام دەدات کە بەرپرسی بەشەکانی مەکتەبی ڕێکخستنی پارێزگا و گشت ئەندامانی دەستەی لقەکان و بەرپرسی لیژنە ناوچەکان و بەرپرسی یەکە ئیدارییەکانی سنوورەکە کە کادیری پارتیمانن، لەگەڵ بەرپرسی هەر سێ ڕێکخراوی ئافرەتان و قوتابیان و لاوانی سنوورەکە، تێیدا بەشدار دەبن.

٨. هەر سێ مانگ جارێک کۆبوونەوە لەگەڵ ئەنجوومەنی تێکۆشەران ئەنجام دەدات.

٩. مانگانە لەگەڵ نوێنەرانی هەڵبژێردراوی حزب لە سنووری خۆی بۆ ئەنجوومەنی پارێزگا و پەرلەمانی کوردستان و ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کۆدەبێتەوە.

١٠. کۆنووسی کۆبوونەوەکان بۆ مەکتەبی سیاسی بەرز دەکاتەوە.

١١. مەکتەب بەرپرسە لە کۆکردنەوەی ئابوونە و سەرپەرشتی کردنی هەر داهاتێکی دیکە لە سنوورەکە.

١٢. مەکتەب بەرپرسیارە لە وەرگرتن و دابەشکردنی مووچەی کادر و نەسریەی دیاریکراوی ئۆرگانەکانی سنوورەکە و تەسفیەکردنی بۆ مەکتەبی سیاسی.

١٣. ڕێکخستن و چالاککردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ هێز و لایەنە سیاسییەکانی سنوورەکە.

١٤. ڕاپەڕاندنی هەر ئەرکێک کە لەم پەیڕەو و پرۆگرامەدا هاتووە، یان لەلایەن مەکتەبی سیاسییەوە پێی دەسپێردریت.

**چوارەم: دەسەڵاتەکانی مەکتەب:**

١. هەڵسەنگاندنی کاندیدەکانی لقەکانی سنووری بۆ پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەنجومەنی پارێزگاکان و بەرزکردنەوەیان بۆ مەکتەبی سیاسی.

٢. پێشنیار بۆ دروستکردن یان تێکەڵکردن یان هەڵوەشاندنەوەی لیژنە ڕێکخراوەکان و لیژنە ناوچەکان لەسەر پێشنیاری لقەکانی سنووری پارێزگاکە بۆ مەکتەبی سیاسی بەرز دەکاتەوە

٣. بەرزکردنەوەی ڕاسپاردە بۆ مەکتەبی سیاسی سەبارەت بە پەسەندکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی لیژنەی لقەکانی سنوورەکە.

٤. پێشنیار بۆ پەسەندکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ڕێکخراو و لیژنە ناوچەکانی سنوورەکەی.

٥. ڕێزگرتن لە هەوڵ و ماندووبوونی کادر و ئەندامە نموونەییەکان.

٦. بەرزکردنەوەی ڕاسپاردە بۆ مەکتەبی سیاسی بۆ ڕێزگرتنیان لە کەسایەتی و ڕێکخراوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکانی پارێزگاکان، بەرامبەر هەوڵ و ماندووبوونی کەموێنەیان لەسەر ئاستی پارێزگادا.

٧. پیادەکردنی دەسەڵاتی سزادانی ئەندامان بەپێی سیستەمی دیسپلینی پارتایەتی کە لە بەشی هەشتەمی ئەم پەیڕەوەدا هاتووە.

٨. پەسەندکردنی بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسی خۆجێیی لقەکان.

## ماددەی (١٥): ئەنجوومەنی باڵای تێکۆشەران

### یەکەم: پێناسەی ئەنجوومەنی باڵای تێکۆشەران

یەکەیەکی ڕێکخراوەییە لەنێو پێکهاتەی پارتیدا و سەر بە سەرۆکە، سێ مانگ جارێک لەگەڵ سەرۆک کۆدەبنەوە و پێکدێت لەو کادیرانەی پێشتر پلەی باڵایان لە پارتی، پەرلەمان و حکوومەتدا هەبووە.

### دووەم: پێکهاتەی ئەنجوومەنی باڵای تێکۆشەران

أ. ئەندامانی ئەنجوومەن لەلایەن سەرۆک و بە ڕاوێژ لەگەڵ مەکتەبی سیاسی دەستنیشان دەکرێن.

ب. ئەنجوومەن دەستەییێکی کارگێڕی دەبێت، سەرۆک دەستنیشانیان دەکات.

### سێیەم: کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی باڵای تێکۆشەران

ئەنجوومەن مانگانە کۆبوونەوەیەکی ئاسایی ئەنجام دەدات و بە پێی پێویستیش کۆبوونەوەی نائاسایی ئەنجام دەدات.

### چوارەم: ئەرکەکانی ئەنجوومەنی باڵای تێکۆشەران

١. ڕاسپاردە و ڕاوێژەکانی دەداتە سەرۆک.

٢. پێشنیار دەداتە مەکتەبی سیاسی دەربارەی پرسی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، کارگێڕییەکان و هەر پرسێکی دیکە کە بە بەرژەوەندی بزانرێت.

٣. ئەو ئەرکانە جێبەجێ دەکات کە سەرۆک پێی دەسپێرێت.

## ماددەی (١٦): دەستەی چاودێری و بەدواداچوون

### یەکەم: پێناسەی دەستەی چاودێری و بەدواداچوون

دەستەیەکی باڵایە کە سەر بە سەرۆکە، پەیوەندیدارە بە دڵنیابوون لەوەی تا چەند هەنگاو و ڕێوشوێنە حزبییەکان بە دروستی بەڕێوەدەچن و تا چەند پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ و بڕیارەکانی کۆمیتەی ناوەندی جێبەجێ دەکرێن، هاوکات ئەم دەستەیە ئەرکی دەستنیشانکردنی هەر لادانێکە لە پرەنسیپە ڕێکخراوەییەکانی پارتی و پیادەکردنی دادپەروەریی پارتایەتی لە نێوان ئەندامانـدا، هەروەها دڵنیابوون لەوەی مامەڵەی دروست بە موڵک و سامانی پارتییەوە دەکرێت.

### دووەم: پێکهاتەی دەستە

١. دەستە سەر بە سەرۆکە و لە (٧-١١) ئەندام پێکدێت.

٢. لە ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی و چەند ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی و کادیرانی پێشکەوتووی پارتی کە لەلایەن سەرۆکەوە دەستنیشان دەکرێن، پێک دێت و سێ مانگ جارێک لەگەڵ سەرۆک یان مەکتەبی سیاسیدا کۆدەبنەوە.

### سێیەم: ئەرک و دەسەڵاتەکانی دەستە

١. چاودێری و بەدواداچوونی چۆنیەتی جێبەجێکردنی پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی پارتی دەکات.

٢. چاودێری و بەدواداچوونی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی سەرۆک و کۆمیتەی ناوەندی پارتی دەکات.

٣. دەستنیشانکردنی هەر لادانێک لە پرەنسیپە ڕێکخراوەییەکانی پارتی لە ئاستی سەرجەم ئۆرگانەکاندا.

٤. چاودێری و بەدواداچوونی ژیان و دادپەروەریی پارتایەتی لە نێوان ئەندامانداا.

٥. چاودێری و بەدواداچوون بۆ دڵنیابوون لە مامەڵەی دروست بە موڵک و سامانی پارتییەوە.

٦. بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لە سکاڵای کادیرانی پارتی کە ئاراستەی دەکرێن.

٧. لەکاتی هەبوونی سکاڵا و دروستبوونی هەر کێشە و گرفتێک لە هەر ئۆرگانێکی پارتیدا، دەستە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی بۆ دەکات.

٨. بڕیارەکانی دەستە لەلایەن مەکتەبی سیاسییەوە جێبەجێ دەکرێن.

## ماددەی (١٧): کۆمیتەی ناوەندی

### یەکەم: پێناسەی کۆمیتەی ناوەندی

بەرزترین دەستەی ڕاپەڕاندنە لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرەدا، سەرکردایەتیی پارتی دەکات لە ڕووی ڕێکخراوەیی و سیاسی و فکرییەوە بەرەو بەدیهێنانی ئامانجەکانی، بەپێی پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ.

### دووەم: پێکهاتەی کۆمیتەی ناوەندی

١. کۆمیتەی ناوەندی پێکدێت لە (٥٢) ئەندام و (٩) ئەندامی یەدەگ، بە دەنگدانی نهێنی لەلایەن کۆنگرەوە هەڵدەبژێردرێن. تێکڕای ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی چ وەک کۆمیتە چ وەک تاکە کەس لە بەردەم کۆنفرانس، یان کۆنگرەدا ڕاستەوخۆ بەرپرسیارن لە جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی پارتی و ئەو ئەرکانەی پێیان سپێردراوە.

٢. بەشداریی ئافرەت لە کۆمیتەی ناوەندیدا لە (١٥٪) کەمتر نەبێت.

٣. ئەگەر بە هەر هۆیەک جێگەی ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی چۆڵ بوو، ئەندامێکی یەدەگ جێی دەگرێتەوە.

**سێیەم: مەرجەکانی خۆ پاڵاوتن بۆ کۆمیتەی ناوەندی:**

١. دەبێ (١٠) ساڵی بەردەوام بەسەر ئەندامێتیدا لە نێو پارتیدا تێپەڕیبێت.

٢. دەبێ ئەندامێکی کارا و پاک بێت.

٣. دەبێ کەسێکی پێشەنگ بێت لە ڕەفتاردا و خەسڵەتەکانی سەرکردایەتیی تێدا بێت و بەلایەنی کەمەوە ماوەی (٥) ساڵ ئەرک و پلە و پایەی سەرکردانەی بەڕێوە بردبێت.

٤. نابێ لەو کەسانە بێت کە پێشتر لە ڕیزی لایەنێکی دژ بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، یاخود دەزگا سەرکوتکەر و تیرۆریستییەکاندا بووبێت، یان هاوکاریی کردبن.

٥. دەبێت خاوەن فکری ئازاد و دیموکراسیخواز بێت.

٦. نابێت لەو کەسانە بێت کە پێشتر بە تاوانی شەڕەف سزا درابێت.

**چوارەم: ئەرکەکانی کۆمیتەی ناوەندی:**

١. هەڵبژاردنی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی لە یەکەمین کۆبوونەوەیدا.

٢. دارِشتنی سیاسەت و بەرنامەی پێویست بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی پارتی و بەدواداچوونی جێبەجێکردنیان.

٣. دیاریکردنی هەڵویستی پارتی لەسەر هەموو ڕووداو و پێشهاتەکان.

٤. پیادەکردنی پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی پارتی و بڕیارەکانی کۆنفرانس و کۆنگرە لەسەر هەموو ئاستەکانی پارتی.

٥. پتەوکردنی یەکریزی پارتی و پاراستنی نهێنییەکانی.

٦. پارێزگاریکردنی موڵک و سامانی پارتی و وەبەرهێنان و ڕێکخستنی داهات و خەرجییەکانی.

٧. بەرنامەڕێژی بۆ پەروەردە و پێگەیاندنی کادرانی پارتی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و ئاگایی تیۆری و سیاسییان.

٨. دارشتنی سیاسەتی گشتی ڕاگەیاندنی پارتی و بەڕێوەبردنی و ڕێنوێنیکردنی بەپێی ڕێبازێکی دیاریکراو و دابینکردنی پێداویستییەکانی و بەدواداچوونی.

٩. وردبوونەوە لە ڕەخنە و پێشنیار و پرسیار و سکاڵاکانی ئەندامان و ڕێکخستنەکانی پارتی و کارکردن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان.

١٠. ئامادەکردنی ڕاپۆرتی گشتی بۆ کۆنفرانس و کۆنگرە.

١١. کۆمیتەی ناوەندی بەرپرسە لە:

أ. دیاریکردنی کات و شوێنی بەستنی کۆنفرانسی گشتی و کۆنگرە.

ب. لە دیاریکردنی ژمارەی ئەندامان لە کۆنفرانسی گشتی و کۆنگرەدا بە ڕەچاوکردنی ئەو سنوورانەی هەلومەرجی تایبەتیان هەیە.

١٢. بانگەواز بۆ بەستنی کۆنفرانسی گشتی و کۆنگرە بە شێوەی نائاسایی لەسەر داوای:

أ. زۆرینەی ئەندامانی پارتی لە ڕێی ڕێکخستنەکانییەوە.

ب. دوو لەسەر سێی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی.

١٣. کۆمیتەی ناوەندی هەر سێ مانگ جارێک کۆدەبێتەوە، بۆی هەیە بەپێی پێویست کۆبوونەوەی نائاسایی بکات، ڕێژەی یاسایی بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامان تەواو دەبێ، بڕیارەکانی بە زۆرینەی سادە دەردەچن و دەبێ هەموو ئۆرگانەکانی پارتی پێیەوە پابەند بن.

١٤. کۆمیتەی ناوەندی ساڵی یەک جار کۆبوونەوەی فراوان دەکات، تیایدا سەرەڕای ئەندامانی یەدەگ، لیژنەی لقەکان، بەرپرسی بەشەکانی مەکتەبی ڕێکخستنی پارێزگا و ئەندامانی بەشەکانی سەر بە مەکتەبی سیاسیی حزب ئامادەی دەبن.

١٥. هەر ئەرکێکی دیکە کە لەم پەیڕەوەدا هاتبێ و بۆ پیادەکردنی پرۆگرامی پارتی پێویست بێت، یاخود لەلایەن کۆنگرەی گشتییەوە ڕاسپێردرا بێت.

١٦. دارشتنی سیستمی تایبەت بە بەش و هەر ئۆرگانێکی دیکە کە لەم پەیڕەوەدا هاتبێ و دەسەڵات درابێتە کۆمیتەی ناوەندی.

١٧. کۆمیتەی ناوەندی ساڵی یەک جار کۆبوونەوەی فراوان دەکات کە تیایدا ئەندامانی فراکسیۆنی پارتیمان لە پەرلەمانی کوردستان، ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، فراکسیۆنی پارتی لە حکوومەتی هەرێم و فیدراڵ، پارێزگارەکان، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگاکان و سەرۆکی فراکسیۆن، سەرۆکی ئیدارە سەربەخۆکان و جێگرەکانی پارێزگار و سکرتێری هەر سێ ڕێکخراوی ئافرەتان و قوتابیان و لاوان، بەشدار دەبن.

**پێنجەم: دەسەڵاتەکانی کۆمیتەی ناوەندی**

١. دیاریکردنی ئەرک و کارەکانی مەکتەبی سیاسی و هەڵسەنگاندنی ڕاپەڕاندنی کارەکان.

٢. پێـــدانی بەشـــێک لە دەســـەڵاتەکانی بە مەکتەبـــی سیاســـی و لە نێـــو ئەو دەسەڵاتانەشدا دامەزراندن یان هەڵوەشاندنەوەی بەش و دەزگا پسپۆرییەکان.

٣. ستاندنەوەی متمانە لە یەکێک یان کۆی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بە دەنگـی دوو لەسەر سێی ئەندامان.

٤. گرتنە بەری هەر ڕێوشوێنێکی پێویسـت کە یەکڕیزیـی پـارتی و ڕاسـتکردنەوەی ڕەوشی ڕێکخراوەیی و پاککردنەوەی پـارتی لە ڕەوتـی زیـانبەخش بە یەکێتیـی ڕیزەکـانی بیخـوازێ، بە مەرجێـک پێشـتر دەسـتەی چـاودێری و بەدواداچـوون لێکـۆڵینەوەی لەو حـاڵەتەدا کردبـێ، ئەوانەی ئەم ڕێوشـوێنانە دەیـانگرێتەوە بۆیان هەیە لە لای کۆبوونەوەی فراوانی کۆمیتەی ناوەندی ناڕەزایی دەرببڕن.

٥. سـەپاندنی سـزای گونجـاو بەسـەر ئەندامەکانیـدا بەپێـی پێـڕەوی نـاوخۆ و بە زۆرینەی دەنگی دوو لەسەر سێی ئەندامان.

٦. ئەگەر ئەندامێکی کـۆمیتەی ناوەنـدی ڕەفتـارێکی ئەوتـۆی کـرد کە بەهـۆیەوە شایستەی دەرکردن بێت لە پـارتی، یـاخود خـۆی ئیسـتیقالە پێشـکەش بکـات، کـۆمیتەی ناوەنـدی بە دەنگـی دوو لەســەر سـێی ئەنـدامەکانی بـۆی هەیە بەرپرسیارەتی لێوەربگرێتەوە و ئەندامیەتی هەڵپەسێرێت و بیداتە کـۆنفرانس، یان کۆنگرە تا سزای پێویست بدریت.

٧. دەرچوواندنی ڕێنـوێنی تـایبەت بە چـۆنیەتی وەرگرتنـی ئەنـدامانی پـارتە سیاسییەکانی دیکە لە ڕیزەکانی پارتیدا.

٨. وردبوونەوە لە داواکاریی کادرانی پارتە سیاسییەکان بۆ هاتنە ناو پارتی.

٩. سەرنجدانی داواکاریی ئەو کادرانەی ماوەیەک وازیان لە پارتی هێنـاوە و داوای گەڕانەوە دەکەن.

١٠. ڕەزامەندی لەسەر هاتن و تێکەڵبوونی پارت و ڕێکخراوی سیاسیی کوردستانی لەگەڵ پارتی.

١١. هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکانی لیژنە و ئۆرگانەکانی خوارتر.

١٢. دامەزراندن یان پێکەوە لکاندن یان هەڵوەشاندنەوەی لیژنەی لقەکان و لیژنە ناوچەکان و ڕێکخراوەکان بەپێی پێویست.

١٣. بەستنی ڕێککەوتننامە و یاداشتنامەی لێکگەیشتن لەگەڵ پارت و ڕێکخراوە نیوخۆیی و ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان.

١٤. دارشتنی بەرنامەی پارتی بۆ هەڵبژاردنەکان لەسەر ئاستی هەرێم و عێراق.

١٥. دۆزینەوەی شێوازی ڕێکخراوەیی نوێ بەپێی پێشهاتەکان و بە گوێرەی هەلومەرج.

١٦. دیاریکردنی ڕێژەی هەڵبژاردن بۆ نوێنەرانی کۆنگرە و دیاریکردنی ناوی کادرانی پێشکەوتوو بۆ کۆنفرانسی گشتی.

**شەشەم: مافەکانی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی**

١. مافەکانی کادری پارتی هەیە لەپاڵ ئەو مافانەی کۆمیتەی ناوەندی بڕیاری بۆ دەدات.

٢. لە کاتی زیندانیکردن یان بزربوونی بە هۆی خەباتی سیاسییەوە، ئەندامیەتی لە کۆمیتەی ناوەندی بەردەوام دەبێت.

## ماددەی (١٨): مەکتەبی سیاسی

### یەکەم: پێناسەی مەکتەبی سیاسی

دەستەیێکی سەرکردایەتیی هەڵبژێردراو و ڕێگەپێدراوە لە لایەن کۆمیتەی ناوەندییەوە بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکان و هەماهەنگی لە نێوان ئۆرگانەکان و ڕاپەڕاندنی کاروباری ڕۆژانەی پارتی.

### دووەم: پێکهاتەی مەکتەبی سیاسی

أ. مەکتەبی سیاسی لە (١٥-١٧) ئەندام پێکدێت، یارمەتی سەرۆک دەدەن هەر یەکێک لە بواری کاری خۆیدا و هاوبەشن لە بەرپرسیارێتیدا لەگەڵ سەرۆک.

ب. مەکتەبی سیاسی لە نێو ئەندامەکانیدا دەستەیێکی کارگێڕی هەڵدەبژێرێ کە پێکدێت لە بەرپرسێک و چوار ئەندام کە خۆیان تەرخان دەکەن بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری ڕۆژانە و هەماهەنگی لە نێوان ئۆرگانەکان و ئامادەکاریی کۆبوونەوەی ڕۆژانە و دەورییەکان و ئەندامانی دیکە هاوکاری دەکەن.

### سێیەم: ئەرک و دەسەڵاتەکانی مەکتەبی سیاسی:

أ. ئەم بەشانەی خوارەوە دادەمەزرێنێت و بە پێی سیستمێکی تایبەتی ئەرکەکانیان دیاری دەکات:

١. بەشی ڕێکخستن.

٢. بەشی هەڵبژاردن.

٣. بەشی دیراسات و پێگەیاندن.

٤. بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن.

٥. بەشی پەیوەندیی گشتی.

٦. بەشی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان.

٧. بەشی کارگێڕی و دارایی.

٨. بەشی وەبەرهێنان و پرۆژەکان.

ب. بڕیارەکانی نێوان دوو کۆبوونەوەی پارتی جێبەجێ دەکات و کاری ڕۆژانەی پارتی ڕادەپەڕێنێت.

ج. کات و شوێنی کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ناوەندی دیاری دەکات و خشتەی کاری کۆبوونەوەکان ئامادەدەکات.

د. دارشتن و بەرنامەڕێژی بۆ پیادەکردنی سیاسەتە ستراتیژییەکانی پارتی دەکات.

ه. هەڵسەنگاندنی کاری ئۆرگان و لقەکان دەکات.

و. بڕیاری کۆتایی و پەسەندکردنی پاڵێوراوان بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقی فیدراڵ و ئەنجوومەنی پارێزگاکان و هەروەها کادیر و کاندیدکراوان بۆ پۆستە حکوومییەکان.

ز. دەرچوواندنی ڕێنوێنی و ئاراستەکاریی تایبەت بە ڕێکخستنەکانی پارتی لە دەرەوە.

ح. کادیر و پێداویستی بۆ بەش و ئۆرگانەکانی پارتی دابین دەکات.

ط. بە بەردەوامی بەرنامەڕێژی، بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن بۆ ئاستی کارکردنی ئەو کادیر و نوێنەرانەی پارتی دەکات کە ئەرکی پەرلەمانی و حکوومییان پێ سپێردراوە.

ی. بەرنامەڕێژی و بەڕێوەبردنی پەیوەندییەکانی نیشتمانی و دەرەوەی پارتی.

ک. وەڵامـی ڕاپـۆرت و نـووسراوی مەکتەبـی ڕێکخسـتنی پارێزگـا و بەشـەکانی مەکتەبی سیاسی دەداتەوە.

ل. بەلایەنی کەمەوە سێ مانـگ جارێـک لەگەڵ ئەنجـوومەنی بـاڵای تێکۆشـەران کۆدەبێتەوە.

م. پێکهێنانی ئۆرگان یان گۆڕینی شێوازی ڕێکخستن لە بـارودۆخ و هەلـومەرجێکی تایبەتیدا.

### ماددەی (١٩): سەرۆکی پارتی

١. سەرۆکایەتیی پارتی و کـۆمیتەی ناوەنـدی و مەکتەبـی سیاسـی دەکـات، زامنـی یەکێتی ڕیزەکانی پارتی و بەرنامە سیاسی و فیکرییەکەیەتی و سەرپەرشـتیاری بەرژەوەنـــدییە باڵاکـــانی دەکـــات، ڕاســـتەوخۆ لە لایەن کـــۆنگرەوە هەڵدەبژێردرێت.

٢. سـەرۆکایەتیی کۆبوونەوەکـانی مەکتەبـی سیاسـی و کـۆمیتەی ناوەنـدی و کۆبوونەوە فراوانەکان و کۆنفرانسی گشتی دەکات.

٣. لە هەر دەنگدانێکدا لە ئۆرگانەکانی پارتی کە لە بڕگەی (٢) لە سـەرەوە ناویـان هاتووە، دەنگەکان یەکسان بوون، دەنگی سەرۆک یەکلاکەرەوەیە.

٤. دەتوانێت لە کاتی پێویستدا بانگهێشت بۆ بەستنی کۆنگرە و کۆنفرانس بکات.

٥. ڕەزامەنـدی و واژووکردنـی هەمـوو نـووسراو و ڕێنـوێنییە گرنگەکـانی پـارتی دەکات.

٦. سەرۆک سکرتاریەتێکی دەبێت پێکهاتە و ئەرکەکانی بە سیستمێکی تایبەت ڕێکدەخرێن.

٧. سەرۆک بۆی هەیە جێگرێک یان زیاتر بۆ خۆی دەستنیشان بکات و دەسەڵاتەکانیش دیاری بکات.

## ماددەی (٢٠): کۆنفرانس

### یەکەم: کۆنفرانسی خۆجێیی

أ. لقەکان دوو ساڵ جارێک کۆنفرانسی خۆجێیی ئاسایی دەبەستن، یاخود لەسەر داوای زیاتر لە نیوەی ئەندامانی پارتی لەسەر ئاستی لق یان دوو لەسەر سێی ئەندامانی لیژنە ناوچەکانی سەر بەو لقە دەبەسترێت؛ بە ڕەزامەندیی مەکتەبی سیاسی و لە ژێر چاودێریی مەکتەبی ڕێکخستنی پارێزگا.

ب. لیژنە ناوچەکان دوو ساڵ جارێک کۆنفرانسی خۆجێیی ئاسایی دەبەستن، یاخود لەسەر داوای زیاتر لە نیوەی ئەندامانی پارتی لەسەر ئاستی ڕێکخراوەکان یان دوو لەسەر سێی ئەندامانی لیژنەی ڕێکخراوەکان دەبەسترێت؛ بە ڕەزامەندیی مەکتەبی سیاسی و مەکتەبی ڕێکخستنی پارێزگا و لە ژێر چاودێریی لقدا.

ج. کۆنفرانسی خۆجێیی کاردەکات بۆ داڕشتنی کارنامەیەکی زەمەنیی گونجاو بۆ کاراکردنی چالاکیی پارتایەتی و پتەوکردنی پەیوەندییە جەماوەرییەکان و چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکییەکان بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ.

**دووەم: کۆنفرانسی گشتی:**

أ. لەسەر داوای زیاتر لە نیوەی ئەندامانی پارتی، یان خود دوو لەسەر سێی ئەندامانی لیژنە ناوچەکان، لەکاتی ڕوودانی گۆڕانکاری سیاسیی گرنگدا، یان لە حاڵەتی پێویستدا کە بخوازێ، کۆنفرانسی گشتی دەبەسترێت.

ب. کۆنفرانسی گشتی پێکدێت لە سەرۆک و جێگرانی سەرۆک و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و یەدەگەکان و ئەندامانی دەستەی چاودێری و بەدواداچوون و ئەندامانی دەستەی کارگێڕیی ئەنجوومەنی باڵای تێکۆشەران و ئەندام بەشەکانی مەکتەبی سیاسی و سەرۆکایەتی فراکسیۆنەکانی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان و ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەنجوومەنی پارێزگاکان و بەرپرسی بەشەکانی مەکتەبی ڕێکخستنی پارێزگاکان و ئەندامانی لیژنەی لقەکان و کادیری پێشەکەوتوو کە مەکتەبی سیاسی دەستنیشانیان دەکات.

**سێیەم: ئەرکەکانی کۆنفرانسی گشتی**

أ. گوێگرتن لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی و گفتوگۆ لەسەرکردن و پەسەندکردنی.

ب. دیاریکردنی هەڵویستی پارتی لە گۆڕانکاری و پێشهاتە نوێیەکاندا.

ج. بینین و مامەڵەکردن لەگەڵ سکاڵا و نارەزاییەکانی پێشکەشکراو بە کۆنفرانس.

**چوارەم: دەسەڵاتەکانی کۆنفرانسی گشتی:**

أ. هەڵسەنگاندنی ئاستی کاری کۆمیتەی ناوەندی و سزادانی ئەندامە کەمتەرخەمەکانی پاش لێکۆڵینەوەیەکی دادپەروەرانە.

ب. لادانی ئەندامانی کەمتەرخەمی کۆمیتەی ناوەندی بە مەرجێک کۆی ژمارەی لادراوان بە یەکجار، یان چەند جارێک لە سێیەکی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی زیاتر نەبن.

ج. هەمووارکردن و گونجاندنی پێکهاتەی ڕێکخراوەیی پارتی بەپێی پێویستی قۆناغەکە.

د. بانگهێشت بۆ بەستنی کۆنگرە بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی دەنگی بەشداران لە ماوەیەکدا کە لە سەش مانگ زیاتر نەبێت و ئامادەکردنی هەلومەرجی لەبار بۆ بەستنی کۆنگرەکە.

## ماددەی (٢١): کۆنگرە

### یەکەم: پێناسەی کۆنگرە

کۆنگرە باڵاترین دەسەڵاتە لە پارتیدا.

### دووەم: پێکهاتەی کۆنگرە

پێکدێت لە سەرۆک و جێگرانی سەرۆک و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و ئەندامانی یەدەگ و ئەندامانی دەستەی چاودێری و بەدواداچوون و ئەندامانی کارگێڕیی ئەنجومەنی باڵای تێکۆشەران و ئەندامانی هەردوو لیژنەی هەڵبژاردنی نوێنەران بۆ کۆنگرە و لیژنەی ئیدارە و ئامادەکاری کۆنگرە و کادیرانی پێشکەوتوو و نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانی سەرجەم ئۆرگانەکانی پارتی بەو ڕێژەیەی کۆمیتەی ناوەندی دیاری کردووە.

## سێیەم: بەستنی کۆنگرە

أ. تەمەنی یاسایی نێوان دوو کۆنگرە پێنج ساڵ دەبێت، لە حاڵەتی زۆر پێویستدا کۆمیتەی ناوەندی مافی درێژکردنەوەی تەنیا یەک ساڵ تەمەنی یاسایی کۆنگرەی هەیە.

ب. کۆنگرەی نائاسایی لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا دەبەسترێت:

١. بانگهێشتی سەرۆکی پارتی بە پێی ماددەی (١٩)ی ئەم پەیڕەوە.

٢. بانگهێشتی کۆمیتەی ناوەندی لەسەر داوای دوو لەسەر سێی ئەندامەکانی بەپێی ماددەی (١٧) برگە (چوارەم-٢-ب)ی ئەم پەیڕەوە.

٣. بانگهێشتی کۆمیتەی ناوەندی لەسەر داوای زۆرینەی ئەندامانی پارتی لە ڕێگەی ڕێکخراوەکانیان بەپێی ماددەی (١٧) بڕگەی (چوارەم-١٢-أ)ی ئەم پەیڕەوە.

٤. بانگهێشتی کۆنفرانسی گشتی لەسەر داوای دوو لەسەر سێی بەشداران بە پێی ماددەی (٢٠) برگە (چوارەم-د)ی ئەم پەیڕەوە.

## چوارەم: ئەرکەکانی کۆنگرە

١. گوێگرتن لە ڕاپۆرتی گشتیی کۆمیتەی ناوەندی و گفتوگۆ لەسەرکردن و پەسەندکردنی.

٢. هەڵسەنگاندنی کارەکانی کۆمیتەی ناوەندی لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرەدا و لێپێچینەوە و سزادانی ئەندامە کەمتەرخەمەکان.

٣. لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی ڕەوشی ناوخۆیی و ناوچەیی و جیهانی.

٤. دارشتنی سیاسەتی گشتیی پارتی (ستراتیژی و تەکتیکی) و دیاریکردنی ئاراستەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فکرییەکان و گوتارە سیاسییەکەی و دانانی بەرنامە و میکانیزم لەبەر ڕوونایی ئەو ئاراستەیەدا.

٥. وردبوونەوە لە سکاڵا و نارەزاییەکانی نوێنەرانی کۆنگرە و کار لەسەرکردنیان.

**پێنجەم: دەسەڵاتەکانی کۆنگرە**

١. هەڵبژاردنی سەرۆکی پارتی و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و یەدەگەکان.

٢. بۆ ئەندامیەتی کۆمیتەی ناوەندی، پێویستە هەر پاڵێوراوێک متمانەی زۆرینەی سادەی دەنگەکانی دروستی ئەندامانی کۆنگرە مسۆگەر بکات.

٣. هەڵوەشاندنەوەی پارتی یان گۆڕینی ناوەکەی یان هەڵپەساردنی چالاکییەکانی یاخود یەکگرتنی لەگەڵ حزبێکی دیکەدا.

٤. پەسەندکردن یان هەمووارکردنی پرۆگرام و پەیرەوی ناوخۆ.

# بەشی پێنجەم

## لیژنە و دەستەکانی کۆنگرە

### ماددەی (٢٢): لیژنەی هەڵبژاردنی نوێنەران بۆ کۆنگرە

**یەکەم: پێناسەی لیژنە**

لە لایەن کۆمیتەی ناوەندییەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ لقەکان بۆ سەرپەرشتیکردنی هەڵبژاردنەکانی نوێنەرانی کۆنگرە پێکدەهێنرێت.

**دووەم: پێکهاتەی لیژنە**

أ. لە ژمارەیەک کادیری پێشەکەوتوو پێکدێت کە بە شارەزایی پارتایەتی و سەرڕاستی و خۆنەویستی ناسراون.

ب. کۆمیتەی ناوەندی بەرپرس و بڕیاردەدەری ژمارەی ئەندامەکانی دیاری دەکات.

ج. ئەندامانی لیژنە بۆیان نییە خۆ بۆ ئەندامییەتیی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێرن.

د. لیژنە بۆی هەیە لیژنەی لاوەکی بە پێی پێویست و بە ڕەزامەندیی مەکتەبی سیاسی پێکبهێنێت.

**سێیەم: ئەرکەکانی لیژنە**

أ. ئامادەکردن و سەرپەرشتیکردنی هەڵبژاردنەکانی نوێنەرانی کۆنگرە بە پێی ئەو لیستەی لە لایەن مەکتەبی سیاسییەوە ئامادەکراون و لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی پەسەندکراون.

ب. پابەندبوون بە جێبەجێکردنی بڕیار و ڕێنوێنییەکانی کۆمیتەی ناوەندی دەربارەی کۆنگرە.

ج- ئامادەکردنی ناسنامە و لیستی تایبەت بە ناو و ژمارەی نوێنەران.

د- ئامادەکردنی ڕاپۆرتێکی گشتگیر دەربارەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان و تێبینییەکان لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەچوونیان.

## ماددەی (٢٣): لیژنەی ئیدارە و ئامادەکاریی کۆنگرە

### یەکەم: پێناسەی لیژنە

لە لایەن کۆمیتەی ناوەندییەوە پێکدەهێنرێت بۆ ئامادەکردن و دابینکردنی پێداویستییەکانی کۆنگرە.

### دووەم: پێکهاتەی لیژنە:

أ- پێکدێت لە کۆمەڵێک کادیری پێشکەوتووی بەتوانا لەم بوارەدا.

ب- کۆمیتەی ناوەندی بەرپرس و یارمەتیدەر و ژمارەی ئەندامانی دیاری دەکات.

ج- ئەندامانی لیژنەی ئیدارە و ئامادەکاری بۆیان نییە خۆیان بۆ ئەندامیەتی کۆمیتەی ناوەندی بپاڵێون.

### سێیەم: ئەرکەکانی لیژنە:

أ- دەستنیشانکردنی شوێنی بەستنی کۆنگرە.

ب- پێکهێنانی لیژنە پسپۆڕییەکان بۆ کاروباری کۆنگرە.

ج- هەماهەنگی لەگەڵ لیژنەی هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرە بۆ دابینکردنی پێداویستی و خزمەتگوزارییەکانی کۆنگرە.

## ماددەی (٢٤) دەستەی سەرۆکایەتیی کۆنگرە

١. دەستەیەکە بە درێژایی ماوەی کۆنگرە سەرپەرشتیی بەڕێوەچوونی کۆنگرە دەکات، لە یەکەم دانیشتندا لە لایەن ئەندامانی کۆنگرە هەڵدەبژێردرێت.

٢. دەستەی سەرۆکایەتیی کۆنگرە سیستەمێکی تایبەت بۆ بەڕێوەبردنی دانیشتنەکان دادەنێت کە ڕێوشوێن و شێوازی ڕێکخستنی گفتوگۆکان لەخۆ دەگرێت.

٣. ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی بۆیان نییە خۆیان بۆ ئەندامیەتی کۆمیتەی ناوەندی بپاڵێون.

٤. هەموو بەڵگەنامەکانی کۆنگرە و بڕیار و ڕاسپاردەکانی دوای تەواوبوونی کۆنگرە دەداتە کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراو.

٥. بە پێی ڕێوشوێنی گونجاو و یاسایی و بە سوود وەرگرتن لە تەکنەلۆژیای نوێ پرۆسەی هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی بە چاودێریی دادوەران سەرپەرشتی دەکرێت.

## بەشی شەشەم

# هەڵبژاردنی ئۆرگانەکانی پارتی و نوێنەرانی کۆنگرە

### ماددەی (٢٥): هەڵبژاردنی ئۆرگانەکانی پارتی

هەڵبژاردنی ئۆرگانەکانی پارتی لە خوارەوە بۆ سەرەوە ئەنجام دەدرێت، واتە: بنکە، لیژنەی ڕێکخراو، لیژنەی ناوچە، لیژنەی لق و مەکتەبی ڕێکخستنی پارێزگا. هەر ئۆرگانە و بە گوێرەی ئەو بازنە هەڵبژاردنەی کە لەم پەیڕەودا دیاری کراوە.

### ماددەی (٢٦): هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرە

هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرە بەم جۆرەی خوارەوە دەبێت:

١. لیژنەی ناوچە و ئۆرگانی پارتی بە بازنەی هەڵبژاردن دادەنرێت بە پێی ئەو ڕێژەیەی کە کۆمیتەی ناوەندی دیاری دەکات.

٢. ئەندامانی لیژنە ناوچە و لیژنە لقەکان لە بازنەی هەڵبژاردنی سنوورەکەیان خۆیان دەپاڵێون.

٣. کادیرانی بەشەکانی سەر بە مەکتەبی سیاسی و کادیرە پێشەکەوتووەکان و دەزگاکانی دیکەی پارتی، بۆیان هەیە لە سنووری یەکێک لەو بازنانەی هەڵبژاردن کە لەلایەن بەشی ڕێکخستنی مەکتەبی سیاسییەوە بۆیان دیاری دەکرێت، خۆیان بپاڵێون.

## بەشی حەوتەم

# دارایی پارتی

### ماددەی (٢٧): دارایی پارتی

١. دارایی پارتی بریتییە لە:

أ. ئابوونەی مانگانە کە مەکتەبی سیاسی رێژەکەی و چۆنیەتیی وەرگرتنی دیاری دەکات.

ب. بەخشینی حکوومەت.

ج. کۆمەک و هاوکاری و پیتاک.

د. قازانجی چاپەمەنییەکانی پارتی.

ه. قازانجی پرۆژەکانی وەبەرهێنان کە پارتی ئەنجامیان دەدات.

٢. پێویستە هەموو رێکخراو و ئۆرگانەکانی پارتی تۆماری تایبەت بە داهات و خەرجییان هەبێت، بە پێی نەریت و رێساکانی ژمێریاریی بەرکار بە شێوەیەکی روون و لەژێر چاودێری بەشی کارگێری و دارایی مەکتەبی سیاسیش بن.

٣. مەکتەبی سیاسی نەسرییەی رێکخراو و ئۆرگانەکان دیاری دەکات و رێنوێنی پێویستیش دەربارەی چۆنیەتیی خەرجکردنی دەردەکات.

# بەشی هەشتەم

# سیستمی دیسپلینی پارتایەتی

ئامانج لە هەموو سزاکان ڕاستکردنەوەی ڕەفتار و پەروەردەکردنی گیانی دیسپلین و کاری بە کۆمەڵە لای ئەندامان، هەروەها لە پێناو پیادەکردنی پەیڕەوی ناوخۆ و جێبەجێکردنی بڕیارەکانی پارتییە بە شێوەیەکی دروست.

**ماددەی:(٢٨)**

سزادان لەسەر هەر کارێک یان پابەند نەبوون بە هەر کارێک، تەنها بە پێی ئەم پەیڕەوە دەبێت و پێویستە لە پەیڕەودا هاتبێت کە ئەو هەڵسوکەوتە سەرپێچییە.

**ماددەی:(٢٩)**

ئەوانەی سەرپێچی لە پەیڕەوی ناوخۆ و بنەماکانی کاری پارتایەتی دەکەن، بە پێی جۆر و ئاستی سەرپێچییەکەیان دەکەونە بەر لێپرسینەوە، سزاکانیش لە سووکەوە بۆ قورس ئەمانەی خوارەوەن:

**یەکەم: سەرنجڕاکێشان**

ئەم سزایە لە دەسەڵاتی هەموو ئۆرگانەکانی پارتیدایە و بەسەر ئەندامەکانیدا دەسەپێنێ، ئەگەر یەک لەم سەرپێچییانەی خوارەوەیان کرد:

أ. ئەگەر بەبێ پاساوێکی ڕەوا سێ جار لەسەر یەک لە کۆبوونەوەدا ئامادەنەبوون.

ب. ئەگەر بەبێ پاساوێکی ڕەوا سێ مانگ لەسەر یەک ئابوونەی نەدا.

ج. ئەگەر ئەو ئەرک و فەرمانانەی جێبەجێ نەکرد کە پێی دەسپێردرێت.

د. ئەگەر بێ مەبەست خەمساردییەکی نواند.

**دووەم: ئاگادارکردنەوە:**

ئەم سزایە لە دەسەڵاتی هەموو ئۆرگانەکانی پارتیدایە و بەسەر ئەندامدا دەیسەپێنێت، ئەگەر سزای سەرنجڕاکێشان دادی نەدا و ئەو سەرپێچییانەی دووبارە کردەوە کە پێشتر بە هۆیانەوە سەرنجی ڕاکێشرابوو.

**سێیەم: ئینزار:**

بێجگە لە بنکە، ئەم سزایە لە دەسەڵاتی هەموو ئۆرگانەکانی پارتیدایە و بەسەر ئەندامدا دەسەپێ، ئەگەر سزای سەرنجڕاکێشان و ئاگادارکردنەوە دادی نەدا و ئەو سەرپێچییانەی دووبارە کردەوە.

**چوارەم: سڕکردن:**

لە دەسەڵاتی لیژنەی ناوچە و ئۆرگانەکانی باڵاتر دایە و بەسەر ئەندامە سەرپێچیکارەکانی ئۆرگانەکانی نزمتردا دەسەپێنرێت لەم بارانەی خوارەوە:

أ. ئەگەر سزاکانی سووکتر دادی نەدا.

ب. ئەگەر بە ئەنقەست ئەو ئەندامە بە کارە حزبییەکانی هەڵنەستا.

ج. ئەگەر لەو ڕێنماییانە لایدا کە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ دەرچوون و ئەو بڕیارانەی جێبەجێ نەکرد کە لە سەرکردایەتیی پارتی دەرچوون.

د. ئەگەر ڕەفتارێکی نواند کە زیان بە بنەما ڕێکخراوەییەکان یان بە ناوبانگی ڕێکخراوەیی و خەباتی پارتی بگەیەنێت.

**پێنجەم: دابەزاندنی پلەی پارتایەتی:**

ئەم سزایە لە لایەن مەکتەبی سیاسییەوە دەسەپێنرێت، ئەگەر هاتوو ئەندامی سزادراو لە مەکتەبی ڕێکخستنی پارێزگایان ئەندامی لیژنەی لق بوو، بەڵام ئەگەر پلەی ئەندامی سزادراو لەوە نزمتر بوو، ئەوا سزاکەی لە لایەن لیژنەی لقەوە بە هەماهەنگی و پەسەندکردنی مەکتەبی ڕێکخستنی پارێزگا دەسەپێنرێت، ئەویش لەم بارانەی خوارەوە:

أ. ئەگەر سزاکانی سووکتر سوودیان نەبوو.

ب. ئەگەر کەمتەرخەمییەکە بووەتە مایەی شکست لە بەجێهێنانی ئەرکە پێسپێردراوەکاندا.

ج. ئەگەر بەردەوام بوو لە ڕەفتاری زیانبەخش بە پارتی.

**شەشەم: لادان**

أ. سزای لادان لە لایەن لیژنەی لقەوە دەسەپێنرێت دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی مەکتەب سیاسی لەم بارانەی خوارەوەدا:

١. ئەگەر سزاکانی سووکتر بێسوود بوون.

٢. نەمانی مەرجێک یان چەند مەرجێکی ئەندامیەتی.

٣. ئەگەر سەلمێنرا ئەو ئەندامە چووەتە ڕیزی ڕێکخراوێکی سیاسیی دیکە.

٤. دەرچوون لە ئامانجە بنەڕەتییەکانی پارتی.

٥. بانگەواز بۆ دروستکردنی دەستەگەری لە ناو پارتیدا یان هەستان بە کارێکی ئەوتۆ کە زیان بە ناوبانگی پارتی بگەیەنێت.

٦. ناووزڕاندنی سەرکردایەتی.

٧. هەراسانکردن و توندوتیژی نواندن دژ بە ئەندام و کادیرێکی ئافرەت لە ناو ئۆرگانەکانی پارتیدا.

٨. خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن و سۆشیال میدیا بە مەبەستی یەکتر شکاندن و ناووزڕاندن و ئاشکراکردنی نهێنییەکانی پارتی.

ب. ئەندامی لادراو ئەندامیەتی بۆ ناگەڕێندرێتەوە تاکوو داوایەکی نووسراو پێشکەش دەکات، گەڕاندنەوەکەشی بە بڕیارێک دەبێت لەو ئۆرگانەوە کە پێشتر دەری کردووە و لە بڕیارەکەدا هۆکاری گەڕاندنەوەی ڕوون دەکاتەوە بە مەرجێک بە لایەنی کەمەوە ساڵێک بە سەر دەرکردنیدا تێپەڕ ببێت.

**حەوتەم: دەرکردن**

أ. ئەم سزایە لە لایەن لیژنەی لقەوە دەسەپێنرێت و مەکتەبی ڕێکخستنی پارێزگا پەسەندی دەکات دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی مەکتەبی سیاسی پەسەندی دەکات لەم بارانەی خوارەوەدا:

١. ئەگەر سزاکانی سووکتر بێسوود بوون.

٢. دەرچوون لە هێڵی فیکری و سیاسیی پارتی.

٣. دووفاقی لە پابەندبوونی پارتایەتیدا.

٤. پەیوەندیی دەرەکی بە هەر ڕێکخراوێک یا حیزبێک یان دەستەیەکی نانیشتمانی.

٥. خستنەڕوو و بڵاوکردنەوەی بیروڕای دژ بە ئاسایشی نەتەوەییمان.

ب. ئەندامی دەرکراو ئەندامیەتی بۆ ناگەڕدرێتەوە تا سێ ساڵ بەسەر دەرکردنیدا تێدەپەڕێت، ئەوساش دەبێت تکانامەیەک بنووسێت و باسی هۆکاری

سەرپێچییەکە بکات، ئینجا تکانامەکە بۆ کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی دەنێردرێت تا قسەی لەسەر بکرێت.

**ماددەی: (٣٠)**

دەکرێ بەبێ ڕەچاوکردنی ڕیزبەندیی سزاکان لە سووکەوە بۆ قورس، بەپێی پێویست سزای گونجاو بدرێت بەمەرجێک لەگەڵ قەبارەی سەرپێچییەکەدا بگونجێت و لەلایەن ئەو ئۆرگانەوە بدرێت، کە دەسەڵاتی سەپاندنی ئەو سزایەی هەیە.

**ماددەی: (٣١)**

لە سەپاندنی سزاکانی ئەم پەیڕەوەدا دەبێ ڕەچاوی ئەوە بکرێت کە سزا بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی ئوسوڵی دەبێت لەڕێی دەستەی چاودێری و بەدواداچوون لە دوای وەرگرتنی ڕەزامەندیی مەکتەبی سیاسی.

**ماددەی: (٣٢)**

لە کاتی وەرگرتنی سزاکەوە تا ماوەی مانگێک ئەندامی سزادراو بە سزاکانی سەرەوە، بۆی هەیە لای دەستەی چاودێری و بەدواداچوون نارەزایی دەرببڕێت.

**ئەحکامی گشتی:**

١. مەکتەبی سیاسی بەر لە هەموو پرۆسەیەکی هەڵبژاردنی گشتی، سێ مانگ پێشتر، ژوورێکی هەماهەنگی و کارکردن پێکدەهێنێت.

٢. لە پرۆسەکانی هەڵبژاردنی گشتیدا، هەر ئۆرگانێکی تەنزیمی (لیژنەی ڕێکخراو، لیژنەی ناوچە) ژمارەی دەنگدەرانی پارتیمان کەمتر بێت لە ژمارەی ئەندامانی پارتیمان لە سنوورەکەیدا، دوای لێکۆڵینەوە دەستەی ئەو ئۆرگانە هەڵدەوەشێنرێتەوە و دووبارە هەڵبژاردن بۆ دەستەکە دەکرێتەوە، بەرپرس و ئەندامانی پێشووی لیژنەکەش مافی خۆ پاڵاوتنیان نابێت بۆ هەڵبژاردنی دەستەی نوێ.

٣. له هەر پرۆسەیەکی هەڵبژاردنی گشتیدا، له سنووری هەر ئۆرگـانێکی تەنزیمـی (لیژنەی ڕێکخراو، لیژنەی ناوچه، لیـژنەی لـق)دا ڕێـژەی دەنگەکـانی پـارتیمان کەمتر بێت به بەراورد به ڕێژەی دەنگی پـارتیمان له دوا هەڵبژاردنـدا، لیـژنەی تایبەت و پسپۆڕ له لایەن مەکتەبی سیاسیەوه ڕادەسپێردرێت بۆ لێکـۆڵینەوه و بەدواداچـوون و دیـاریکردنی لایەنـی کەمـتەرخەم و ئیجرائـاتی بەرامـبەر دەکرێت.



















1946 PDK 2022


WLAT AMANJ


کۆنگرەی 14ی پارتی دیموکراتی کوردستان
دهۆک - 2022


کۆنگرەی 14ی پارتی دیموکراتی کوردستان
دهۆک - 2022

## ناسنامەی دەستە

پرۆژەی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، لە پێناو ناساندن، کۆکردنەوە، بە دیکۆمێنتکردن و بڵاوکردنەوەی مێژووی پڕ لە سەروەریی کار و خەباتی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەسەر پێشنیازی ڕێزدار مەسرور بارزانی، لە ساڵی ٢٠١٤ دامەزراوە.

ئەم بەرهەمەی بەردەستی بەڕێزتان بەشێکە لە هەوڵ و ئامانجەکانی ئەم پڕۆژەیە.

P.D.K ENCYCLOPEDIA